# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

سالی سییەم (۱۳۹۸)- (۲۲)ی کانونی دووەم ۲۰۲٤



## شەهیدکردنی ژینای تەمەن یەک ساڵ تاوانێکە دیپلۆماتییەتی ئێرانی ڕیسوا کردووە

# غرووری و سەرکێشییەکانی سوپای پاسداران ئەزموونی داگیرکردنی کوێت دووبارە دەکاتەوە

**فەرید زەکەریا بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران:**

## پاساوەکانتان بۆ لێدانی هەولێر شەرعیەتدانە بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە







# دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥

٩٩

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و یاسایی و دیپلۆماسی و مەعنەوییەوە پێویستییەکی گرنگی ئەو قۆناغە بوو. دامەزراندنیشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیی و تەنانەت لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا هەبوو.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بوو بە چەتری کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان و لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا و بە دەستکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی و یاسایی و سیاسیی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی بینی لە بەهێزکردنی سەروەریی هەرێمی کوردستان و لە بەرگریکردن لە داوا و مافە نیشتمانی و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەو مافانەی کە بۆ گەلەکەمان لە دەستووری هەمیشەییی عێراقدا ئاماژەی پێ کرابوو.

دوای دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەولێر لە ڕووی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەوە، بوو بە ناوەندێکی گرنگی بڕیار لە عێراق و ناوچەکەدا. دامەزراندنی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و ناوچەکە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و لایەن و وڵاتان نامەی پیرۆزباییان نارد.




ڕووداوەکانی کوردستان (Kurdistan chronicle) گۆڤارێکی مانگانەیە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت، ئەم گۆڤارە بایەخ بە ڕووە گەشەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنەکانی کوردستان دەدات، ئەو وەرچەرخانانەی کە سیاسەتی دروستی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دروستی کردووە و ئومێدێکی گەورەی بۆ دووبارە بووژانەوەی هەموو سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هێناوەتە کایەوە، هەنگاوەکان بەو ئاراستەیەن کە کوردستانێکی خۆبژێو و بەهێز بێتە ئاراوە.



دانەیەك لەم گۆڤارە کە بە قەبارە و دیزانێکی ڕەنگاو ڕەنگ و سەرنجڕاکێش چاپکراوە، پێشکەش بە گۆڤاری (گوڵان) کراوە، وێڕای سوپاس و دەستخۆشی، هیوای سەرکەوتن بۆ سەرنووسەر و ستافی نووسینی گۆڤارەکە دەخوازین، بە تایبەتی هاوکاری بەڕێزمان ڕۆژنامەنووس بۆتان تەحسین کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەی گرتووەتە ئەستۆ.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com


« ماموٚستا مەلا جەلال خەیلانی :



**دینی ئیسلام
بە هیچ شێوەیەک
لەگەڵ توندوتیژیدا نییە**

« شێخ عەدنان حەمید شەفی :



**مەلا مستەفا بارزانی
هەستی خۆشەویستیی
بۆ کوردانی فەیلی
زۆر بەرز بوو**

« موسا خەمۆ حوسێن :




**پەکەکە ئامادەیە بۆ هەموو
وڵاتێک شەڕ و کێشە لە دژی
هەرێمی کوردستان بنێتەوە**

« پرۆفیسۆر ئەبوبەکر باهـ :



**هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاو
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە**

ڤیان سەبری :




## چاوەڕوان نین میلیشیا چەکدارەکانی پاڵپشتی ئێران بەیاننامەی سەرکۆنەکردن دەربکەن

ئارینا سەمیر :

## بە ماوەیەکی کەم توانیم ببمە گۆڵپارێزی یەکەمی هەڵبژاردەی عێراق



## خانمان سەرکۆنەی ئەنجامدەرانی هێرشی مووشەکی و شەهیدکردنی هاووڵاتی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بێتاوان دەکەن



هێرۆ جەواد :

## لە کوردستان ڕەخنەگری شانۆیی بە توانامان هەیە کە زۆر بە باشی قەڵەمەکانیان دەخەنە کار



## داتاشۆیەکی تایبەت لە ژێر سەقفدا



Omega3
## بۆ تەندروستیی دڵ



## لە بۆکان ڕێوڕەسمی ڕێزگرتنی مامۆستا عوسمان محەممەدی ژەنیاری لێهاتووی نایە بەڕێوەدەچێت








## کۆڕبەندی ئابووریی جیهان – داڤۆس

# مسرور بارزانی و دیپلۆماتییەتی دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر

**ئەم کارە تیرۆریستییەی سوپای پاسداران کە هێرشکردن بوو بە چەکی ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە، کاردانەوەی زۆر گەورەی سەرکۆنەکردنی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا هێنا**

ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، کاتێك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە ٥٤ـەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهان، بەرەو شاری داڤۆس لە سویسرا بەڕێ کەوت، بەرنامەی سەردانەکەی وەك نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویان کردەوە، بەمجۆرە بەرنامەی ئەم سەردانەی ڕێکخرابوو: «سەرۆکی حکومەت لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس، لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و جیهان کۆدەبێتەوە و لە دیدارەکانیدا، چەندین تەوەر و پرسی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی تاوتوێ دەکات، لەوانەش پەرەپێدانی پەیوەندیی دوولایەنە بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێناندا، هەروەها بڕیارە لە پانێڵێکیش بەشدار بێت، کە تایبەتە بە ململانێ و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بە دەستپێشخەری و ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیران،ماڵی کوردستان لە داڤۆس دەکرێتەوە».

بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا چەند کاتژمێرێك بوو گەیشتبووە داڤۆس و، هەر هەمان شەوی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە کاتژمێر ١١,٣٠، سوپای پاسداران بە زیاتر لە ١٠ مووشەکی جۆری بالیستیکی ماڵی بازرگانێکیان لە هەولێر کردە ئامانج و بە هۆی ئەم کردەوە تیرۆریستییە دەوڵەتییەوە چەندین هاووڵاتی بێتاوان و مەدەنی شەهید و بریندار بوون، کە لە ناویاندا بێجگە لە شەهید «پێشڕەو دزەیی» تەرمی چەندین ژن و منداڵی تێدا بوو، کە یەکێك لە شەهیدەکان منداڵێکی تەمەن ١١ مانگ بوو بە ناوی «ژینا پێشڕەو دزەیی».




سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی شانشینی هاشمی ئوردن

ئەم کارە تیرۆریستییەی سوپای پاسداران کە هێرشکردن بوو بە چەکی ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە، کاردانەوەی زۆر گەورەی سەرکۆنەکردنی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا هێنا و، بووە بابەتی سەرەکیی بەرنامەی بەشداریکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆسدا.

لە ماوەی چوار ڕۆژی کۆڕبەندەکە، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم کارە تیرۆریستی و دوژمنکارانەیەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی باڵای وڵاتان باس کرد و، لە هەموو دیدارەکانیشدا سەرکۆنەی ئەو کارە تیرۆیستییە کراوە و، پشتگیریی دەوڵەتان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کراوەتەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدارەکانی لەگەڵ «ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا، کاتلین نۆڤاك سەرۆکی هەنگاریا، ئەنتۆنیۆ گۆتێرێش سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاك سولیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، ئەنتۆنی بلیکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دیڤید کامیرۆن وەزیری دەرەوەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، مارك ڕووتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا، هان دوك سوو سەرۆك وەزیرانی کۆریای باشوور، نەجیب میقاتی سەرۆك وەزیرانی لوبنان، شیخ محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر، ئیلینا ڤالتۆلن وەزیری دەرەوەی فینلەندا، بیشر ئەلخەساونە سەرۆك وەزیرانی شانشینی هاشمیی ئوردن، شاندی حکومەتی بەحرێن بە سەرۆکایەتیی شیخ سەلمان بن خەلیفە ئال خەلیفە، خالید ئەلفالح

**وەک کاردانەوەیەکی دیپلۆماتییانەش بەرانبەر ئەو کارە دوژمنکارانەی سوپای پاسداران، مسرور بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو دیدارەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران هەڵوەشاندەوە کە بڕیار بوو لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس ئەنجام بدرێت**




سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو

وەزیری وەبەرهێنانی سعودیە، یان لیڤاسکی وەزیری دەرەوەی کۆماری چیك، جاسم محەمەد ئەلبدیوی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو، بەندەر ئەلخورەیف وەزیری پیشەسازی و سامانی کانزایی سعودیە، گیر پیدرسن نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریا، عەیدەرۆس زوبەیدی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی یەمەن و سەرۆکی ئەنجومەنی ئینتیقالیی باشوور»، لە کۆی ئەم دیدار و چاوپێکەوتنانە جیا لە باسکردنی پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو دەوڵەتانە، زۆر بە توندییش ئەو کارە تیرۆریستی و دوژمنکارانەیەی سوپای پاسداران بە لێدانی ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ شاری هەولێر سەرکۆنە و ریسوا کران. وەك کاردانەوەیەکی دیپلۆماتییانەش بەرانبەر ئەو کارە دوژمنکارانەی سوپای پاسداران، مسرور بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو دیدارەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران هەڵوەشاندەوە کە بڕیار بوو لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس ئەنجام بدرێت.

ئەوەی لە ماوەی ئەو چوار ڕۆژەی کۆڕبەندی داڤۆس جێگەی سەرنج بوو لە دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە ئاستێکی زۆر دەوڵەتمەدارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کارەساتەی ڕۆکێتە بالیستیکیەکانی سوپای پاسداران کرد، کە هەولێری پێ بوردمان کرد و ئەو هەموو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە لەو دیدارانە بۆ کوردستان دووپات کرایەوە، ئەوەی پیشان داین، کە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان مسرور بارزانی نموونەی دیپلۆمات و دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو بووە لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە و ڕووداوی قورسی ناو قۆناغە سەختەکان.

**لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان مسرور بارزانی نموونەی دیپلۆمات و دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو بووە لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە و ڕووداوی قورسی ناو قۆناغە سەختەکان**



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

● بڕیاری مێژوویی و وەڵامدانەوەی مێژوو یەکخستنی هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی مەترسییەکان

هەر لە ساڵی ٢٠١٤ هەتا ئەمساڵ ٢٠٢٣، کە (٩) کۆنگرەی جیهانی ئەنجام دراون، لە هەموو کۆنگرە جیهانییەکانی وەك « کۆڕبەندی ئابووریی جیهان - داڤۆس و کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش و سەقامگیریی جیهان»، بەشی هەرە زۆری ئەو ڕاپۆرتانەی بۆ ئەو کۆنگرانە ئامادە دەکران و، بەشی زۆری ئەو پەنێلانەی بەڕێوە دەچوون، نائومێدییەکی زۆر و دەستەوەستانی بڕیارسازانی بەرانبەر چارەسەرکردنی کێشەکان پیشانی جیهان دەدا، لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، لەگەڵ ئەوەی زۆر بە وردی ئەو کێشە و مەترسییانە خراونەتە ڕوو کە مرۆڤایەتی لە ماوەی (٢ تا ١٠) ساڵی داهاتوو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام جۆرێك لە ئومێد خرایە ڕوو، کە مرۆڤایەتی دەتوانێت ئامادەکاری بکات، بۆ ئەوەی هەلی زۆر باش بۆ دووبارە گێڕانەوەی متمانە و هاوکاری لەنێوان هەموو کاراکتەرە پەیوەندیدارەکاندا بڕەخسێنێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بخرێنە گەڕ.

بۆ پیشاندانی ئەم ئومێدەش بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆڕبەندەکە، کۆمەڵێك داهێنەر کە داهێنانەکانیان کاریگەریان لەسەر «کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، ژیانی سروشتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی تێگەیشتن لە نێوان کەلتووری جیاوازەکان» هەبووە، بە خەڵاتی کریستیاڵ خەڵات کران. ئەم کۆڕبەندە بە خەڵاتکردنی ئەم داهێنەرانە دەیەوێت بە جیهان بڵێت: وێڕای هەموو مەترسییە ترسناکەکان و نەبوونی متمانە و هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسییانە، بەڵام ئومێدیکیش هەیە، کە خەڵکانێك هەن، خۆیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییانە تەرخان کردووە.

**سەرۆک وەزیرانی چین، پێشوازی لە گۆڕینی ئاراستەی سیستمی جیهانی کرد، لە تاکجەمسەرییەوە بۆ فرەجەمسەری و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە جیهان پێویستی بە سیستمێکی «فرە جەمسەر»هەیە، بۆ ئەوەی هەمووان لە دەرکردنی بڕیارەکانی جیهان و پابەندبوون پێیانەوە بەشدار بن**

هەر لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆڕبەندی ئەمساڵدا، بەرنامەی کۆڕبەندەکەی ئەمساڵ وا ڕێك خرابوو، بە کۆنسێرتێکی گۆرانی دەست پێبکات، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆرانبێژ و میوزیکژەنە جیهانییەکان تێیدا بەشدار بوون، ناوەڕۆکی ئەم کۆنسێرتە بەو شێوەیە ڕێك خرابوو، کە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بخرێتە گەڕ، کە تەواوکاری لەناو سرووشی جیاوازی ئەم هەسارەیە دروست بکرێت، جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کە دەبێت چۆن هێزی سرووشت لە ڕێگەی باوە لمی بیابانەکان هەڵدەگرێت و بەرەو دارستانەکانی ئەمازۆن دەیبات و ئەو تۆزی لمە لەگەڵ شێی و باراندا دەبێتە پەین و دارستانەکان زیاتر گەشە دەکەن و باشتر ئۆکسیجن بۆ ئەم هەسارەیە دابین دەکەن، ئەوا ئەگەر هەوڵەکان یەك بخرێن، ئەو سرووشتە جوانە دەگەڕێتەوە و مرۆڤایەتی لە مەترسیی کەشوهەوا ڕزگاری دەبێت.

لەسەر ئاستی ناوەڕۆکی پەنێڵەکانیش جۆرێك لە گەشبینی بۆ ئایندە دەبینرا، لەوانە: لی کویانج سەرۆك وەزیرانی کۆماری چینی میللی لەم کۆڕبەندەدا لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر چڕ و پڕ باسی لە کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان کرد، بەتایبەتی لەسەر هەر دوو ئاستی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، لە هەمان کاتدا زۆر سەرنجڕاکێشانە چارەسەری زانستی دەخستە ڕوو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دەبێت مرۆڤایەتی هەوڵ بدات، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤایەتی بمێنێتەوە و نابێت مرۆڤ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی تەکنەلوژیا و زیرەکیی دەستکرد، سەبارەت بە یەکخستنی هەوڵەکانی بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواش لە جیهاندا، جیا لەوەی ئامادەباشیی وڵاتەکەی پیشان دا بۆ پابەندبوون بە هەموو بڕیارەکانی کۆنفرانسی جیهانی بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا (COP)، سەرۆك وەزیرانی چین، پێشوازی لە گۆڕینی ئاراستەی سیستمی جیهانی کرد، لە تاکجەمسەرییەوە بۆ فرەجەمسەری و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە جیهان پێویستی بە سیستمێکی «فرە جەمسەر»هەیە، بۆ ئەوەی هەموان لە دەرکردنی بڕیارەکانی جیهان و پابەندبوون پێیانەوە بەشدار بن.

سەبارەت بە پێشکەوتنەکان لە بواری تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد و گەشەی ئابووری، لی کویانج زۆر ڕاشکاوانە و بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند، ئێستا ئابووریی چین وەك چیاکانی ئەلپ ڕەگی داکوتیوە و گەشەی ئابووری ڕووی لە هەڵکشانە، لە وڵاتێکدا کە ژمارەی دانیشتووانی ١,٤ ملیارە، زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن کەسمان لە چینی ناوەند هەیە و چاومان لەوەیە ئەم ژمارەیە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا بگاتە دوو ئەوەندە، لە بواری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکردیش، ئاماژەی بەوە کرد، چین لەم بوارەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ساڵانە لە شانگهای کۆنفرانسێکی گەورەی جیهانی بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد گرێ دەدات، ئەمساڵیش شەشەمین کۆنفرانس لە شانگهای بەڕێوە دەبات.

لەسەر ئاستی کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەورووپاش، دیسان ئۆرسوڵا ڤۆن دەرلاین سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە، زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر ئەو بڕیارە مێژووییە و ئەو وەڵامدانەوە مێژووییەی کە لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە و گوتی: «لەناو هەناوی مەترسییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئومێد و ئازادی لەدایك بوو و ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی»مان ڕاگەیاند».

## ● کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاکامێکی ناڕوون بۆ کۆتایی گەمەکە

لایەنی جێگەی ڕەشبینی و نائومێدی لەم کۆڕبەندەدا، ئەو شەڕەی ئێستایە کە لە ناوچەکە هەڵگیرساوە و خەریکە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوە و ڕێڕەوی سەرەکیی دەریایی بۆ بازرگانیی جیهانی خستووەتە مەترسییەوە، بەتایبەتیش مەترسیی هێرشی چەکدارانی حوسی لە یەمەن کە بوونەتە مەترسیی سەرەکی بۆ دەریاوانی لەو ناوچەیەدا، لە بەرانبەریشدا هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا وەك تۆڵەسەندنەوە لە چەکدارانی حوسی، زۆر بە چڕی بە ڕۆکێت و فڕۆکەی جەنگی بنکە و بارەگاکانی ئەو گرووپەیان لەناو یەمەندا بۆمباباران کردووە. پرسێکی دیکەی گرنگ کە تەوەری سەرەکی

■ لایەنی جێگەی ڕەشبینی و نائومێدی لەم کۆڕبەندەدا، ئەو شەڕەی ئێستایە کە لە ناوچەکە هەڵگیرساوە و خەریکە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوە و ڕێڕەوی سەرەکیی دەریایی بۆ بارزگانیی جیهانی خستووەتە مەترسییەوە

■ کێشەی سەرەکی لە پەرەسەندن و هەڵکشانی شەڕ و گرژی و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵات لەو خاڵەوە سەرچاو دەگرێت، کە هەموو دەرگاکان بۆ لێکتێگەیشتن و دانوستاندن داخراوە

بوو لە گفتوگۆی نێوان ئەمیر حسینی وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ فەرید زەکەریا، هێرشە ڕۆکێتییە بالیستیکییەکانی سوپای پاسداران بوو بۆ سەر هەولێر و پاکستان، ئەم پرسە بە جۆرێك وەزیری دەرەوەی ئێرانی شڵەژاندبوو، کە نەیدەتوانی وەڵامێکی دیپلۆماتی بە زەکەریا بداتەوە، بۆیە زەکەریا پێی گوت: «ئەگەر تۆڵەسەندەوە شەرعییەت بدات بە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی دیکە، ئەمە مانای ئەوەیە ئێوە خۆتان شەرعییەت بە هێرشەکانی ئیسرائیل دەدەن بۆ سەر حەماس لە غەززە، کە بە دەیان هەزار ژن و منداڵ و هاووڵاتی سڤیلی کردووەتە ئامانج».

لایەنێکی دیکەی شڵەژاوی دیپلۆماتیەتی ئێرانی کە لەم دیدارەی وەزیری دەرەوە لە کۆڕبەندەکە ڕەنگی دابووەوە، ئەوە بوو، وەزیری دەرەوەی ئێران لە لایەك بیانووی بۆ هێرشکردنە سەر هەولێر دەهێنایەوە کە لە بنکەی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل «موساد»یان داوە لە هەولێر، لەلایەکی دیکەش گلەیی لە ئیسرائیل دەکرد، کە لە بارەگاکانیان لە باشووری لوبنان و هەروەها هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان لە سووریا داوە و بەو هێرشانەی دەیکاتە سەر غەززە، ژن و منداڵ دەکوژن، بەڵام خۆی لە شەهیدکردنی «ژینا پێشڕەو دزەیی» بێدەنگ دەکرد، کە تەنیا تەمەنی ١١مانگ بوو، بە هێرشی ڕۆکێتە بالیستیکییەکانی سوپای پاسداران شەهیدیان کرد.

کێشەی سەرەکی لە پەرەسەندن و هەڵکشانی شەڕ و گرژی و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵات لەو خاڵەوە سەرچاو دەگرێت، کە هەموو دەرگاکان بۆ لێکتێگەیشتن و دانوستاندن داخراوە. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ناتۆ کە بە هەموو هێزێك پشتگیری لە ئیسرائیل و ئاسایش و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی ڕێڕەوە دەریاییەکان بۆ بازرگانیی جیهان دەکەن، بڕیاریان داوە، سازش لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی مەترسی نەکەن، کە ناوچەکەیان خستووەتە سەر لێواری تەقینەوەیەکی گەورە و هەموو هاوپەیمانانی ناتۆش سەرچاوەی سەرەکیی هەموو مەترسییەکان بە سوپای پاسداران دەزانن.

### • مەترسییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد

ساڵی پار لە کۆڕبەندی داڤۆس تەوەری سەرەکیی مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی «چات جی پی تی» بوو لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی، هەر مانگێك دوای کۆنگرەی ساڵی پاری داڤۆس، کلاوس شواب سەرۆکی کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس لە لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی ڕایگەیاند، ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەی تەکنەلۆژیا کێشە نین، هەتا هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، کە چۆن ئەم وەرچەرخانە تازەیە بەڕێوەبەرین.

لە کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆس، باس لەو پێشکەوتنە تازانە دەکرا کە (زیرەکیی گشتیی دەستکرد AGI و زیرەکیی دەستکردی توانادار - ACI) لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەهێنێتە ئاراوە، لە پەنێڵەکاندا کە پسپۆڕان و سیاسەتمەدار و سەرکردەکانیش لەسەر هەموو ئاستەکانی زانستی و سیاسی و نێودەوڵەتی هەڵوەستەیان لەسەر ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانە دەکرد، کە ئەم شەپۆلە نوێیەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد دەیهێنێتە ئاراوە، دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بۆیە ئەگەر مرۆڤایەتی بتوانێت پێکەوە هاریکار بن و ڕێگە نەدەن جڵەوی زیرەکیی دەستکرد لە دەستی مرۆڤایەتی دەربچێت و، مرۆڤایەتی نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی زیرەکیی دەستکرد، ئەوا سوودەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد، لە لایەنە خراپەکانی زیاترە و مرۆڤایەتی سوودی زۆر باشی لێ وەردەگرێت.

سەبارەت بە ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەواش، کە ڕاپۆرتی کۆڕبەندەکە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، بەرەو جیهانێك هەنگاو هەڵدەگرین کە تیایدا ٣ پلە گەرمی بەرز دەبێتەوە و دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن لەگەڵ ئەم جیهانە تازەیە خۆمان بگونجێنین، کۆڕبەندی ئەمساڵ پێی گوتین هێشتا بواری ئەوە ماوە مرۆڤایەتی بیر لەوە بکاتەوە، لەو مەترسییانە دەرفەتی تازە بخولقێنێت و بە باشی بە کاری بهێنێت، بۆ گێڕانەوەی ژینگەی سرووشتی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە کارەساتی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

**سەرۆکی کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس لە لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی ڕایگەیاند، ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەی تەکنەلۆژیا کێشە نین، هەتا هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، کە چۆن ئەم وەرچەرخانە تازەیە بەڕێوەبەرین**

**ئەگەر مرۆڤایەتی بتوانێت پێکەوە هاریکار بن و ڕێگە نەدەن جڵەوی زیرەکیی دەستکرد لە دەستی مرۆڤایەتی دەربچێت و، مرۆڤایەتی نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی زیرەکیی دەستکرد، ئەوا سوودەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد، لە لایەنە خراپەکانی زیاترە و مرۆڤایەتی سوودی زۆر باشی لێ وەردەگرێت**



# دابینکردنی خۆراک و دۆزینەوەی بازاڕ لە پێشەنگی کارە سەرکەوتووەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە



**سەروەر کەمال هاواری**

بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی

بۆ گوڵانی نووسیوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆربەندی جیهانیی- داڤۆس ٢٠٢٤ لەگەڵ چەندین سەرۆك وەزیرانی وڵاتان و خاوەن گەورە کۆمپانیا و بزنێسمان و پسپۆڕانی ئابووری کۆ بووەوە، ئومێدێکی زۆری هەیە کوردستان و خەڵکەکەشی هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بەسەر تەحەدییەکاندا سەربکەوێت، کە ئەمڕۆ بەرۆکی عێراق و ناوچەکە و جیهانی گرتووە، تاوەکو گەلی کوردستانیش هاوشێوەی هەموو گەلانی دیکەی پێشکەوتووی جیهان بە ئازادی و خۆشگوزەرانی بژی، هەرچەندە هەڵگیرسانی شەڕ و فراوانبوون و هەڵکشانی توندوتیژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرۆکی هاووڵاتیانی

سقیلی هەولێریشی گرتەوە، کاتێك مووشەکە بالیستییەکانی ئێران، ماڵ و خانەوادەی مەدەنیی کردە ئامانج و شەهید و قوربانی لێ کەوتەوە، بۆیە ئەمجارە سەرۆکی حکومەت و کابینەکەی ئەرکێکی دیکەی قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ، تا شوێنەواری توندوتیژی و هەڕەشەکان لەسەر خەڵکی سقیل و ژن و منداڵ و سەقامگیریی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك کەم بکەنەوە، بەمەش لە داقۆسدا ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای باسکردنی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی کەرتەکانی ئابووریی نیشتمانەکەی بوو، ئالنگارییەکی دیکەشی لە بواری پاراستنی سەقامگیری و دوورخستنەوەی هەڕەشەکانی بەردەم قەوارەی هەرێمی کوردستان و ژیان و ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانی هاتەسەر، من لەم وتارەدا کە تایبەت بەگۆڤاری گوڵان نووسیوومە دەمەوێت یەکێك لەو تەحەددییانە باس بکەم کە هاتە بەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتووانە توانیی ڕووبەڕووی ببێتەوە و ڕێگە نەدات لە ناو ئاڵۆزی و کێشە و قەیرانەکانی ( تەندروستی و سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابووری )دا، شوێنەواری قورسیان لەسەر خەڵکی کوردستان هەبێت، ئەویش بابەتی خۆراك و پاراستنی ئاسایشی خۆراکی و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ و پێشخستنی ڕەوشی بازرگانییە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییە واقیعەکەی بە جۆرێك وەرچەرخاند، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانرا مەترسییەکان بگۆڕێت، بۆ ئەزموونێکی سەرکەوتوو، بەوەی کاتێك توانی لە ناو جەرگەی قەیرانی جیهانیی کۆرۆنا و داشکانی نرخی نەوت و بڕینی بودجە و وشکەساڵی و هەڵکشانی جیهانیی بەهای خۆراکدا، گەلەکەی لە قەیرانی خۆراك دەرباز بکات.

لێرەدا دیدگا و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی باس دەکەم، کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان (هاووڵاتی و کۆمپانیاکان و حکومەت)ـە، بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و کۆنترۆڵکردنی دۆخی بازاڕ لە ڕووی کەرەستە و نرخەوە، بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بوو، کە وای کرد لە گرنگترین و هەستیارترین بابەت کە ئەویش بابەتی خۆراك و قووتی هاونیشتمانیان بوو، کە توانی ئەزموونێکی سەرکەوتوو جێبەجێ بکات و ببێتە بناغەیەکی پتەوی سەرکەوتن و هەنگاونان بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و دۆزینەوەی هەزارەها هەلی کار بۆ کاسبکاران و بازرگان و برا جووتیارەکان.

**● حکومەت لە سەردەمی کۆرۆنا و قەیرانی داراییدا ڕێگەی نەدا قەیرانی خۆراك سەرهەڵبدات**

پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراك و ڕێگرتن لە قەیرانی خۆراك و هەڵکشانی نرخەکەی بە بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیی باش دادەنرێت، لەسەردەمێکدا کە بەهۆی کۆرۆنا و هەڵکشانی بەهای نرخی نەوت و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئیسرائیل و حەماس و، شەڕ و ئاڵۆزییەکانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا دێت نرخ و بەهای خۆراکی جیهانی ڕووی لە هەڵکشانە، بۆیە حکومەت بە دوو ڕێگە کاری بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە کردووە، وێڕای ئەوەی لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەکەدا قەیرانی تەندروستیی جیهانیی کۆرۆنا سەری هەڵدا، بەڵام لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران ئەزموونێکی سەرکەوتووی جێبەجێ کرد، بۆ ڕێگرتن لە گرانبوونی نرخەکان و نەهێشتنی قۆرخکاری، ئەوە بوو لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و لە بۆردی خۆراکیدا ڕووبەڕووی گرانبوونی نرخەکان بوونەوە و کارئاسانیی باشمان پێشکەشی برا بازرگانەکان کرد، باجمان لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان هەڵگرت، هەنگاو نرا بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و فرەچەشنکردنی ئابووری (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری)، دروستکردنی سایلۆکان و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و چارەسەرکردنی شایستەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ هەڵکشانی بەرهەمی ناوخۆیی گەنم و زیادبوونی بەرهەمی خۆراکی لە ناوخۆدا و بگرە ڕوو لە دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکییش کرا، ئەمەش هەمووی هاوکات بوو لەگەڵ زیادکرنی کار و چالاکییەکانی کەرتی بازرگانی و هەوڵەکانی دیکەی حکومەت بۆ بووژانەوەی بازرگانی و دابینکردنی خۆراك و ڕێگرتن لە گەندەڵی و قۆرخکاری، بۆ نموونە نزیکەی ٢٠ هەزار تەن لە خۆراکە سەرەکییەکان بۆ ٢٠٠ هەزار خێزانی کەم دەرامەت دابەش کرا و، تەنیا لە یەك ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هاوردەکرا. دیدگە و بوێری و ئێرادەی سەرۆك وەزیران بوو وای کرد، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئالنگارییەکان بەسەر هەموو ئەو قەیران و کێشانەدا زاڵ بێت و ڕێگا نەدات لە هەرێمی کوردستاندا شتێك بە ناوی (قەیرانی خۆراك) دروست ببێت.

**سەرۆکی حکومەت و کابینەکەی ئەرکێکی دیکەی قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ، تا شوێنەواری توندوتیژی و هەڕەشەکان لەسەر خەڵکی سقیل و ژن و منداڵ و سەقامگیریی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك کەم بکەنەوە**

**پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراك و ڕێگرتن لە قەیرانی خۆراك و هەڵکشانی نرخەکەی بە بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیی باش دادەنرێت**

**لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و لە بۆردی خۆراکیدا ڕووبەڕووی گرانبوونی نرخەکان بوونەوە و کارئاسانیی باشمان پێشکەشی برا بازرگانەکان کرد، باجمان لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان هەڵگرت**

**نزیکەی ٢٠ هەزار تەن لە خۆراکە سەرەکییەکان بۆ ٢٠٠ هەزار خێزانی کەم دەرامەت دابەش کرا و، تەنیا لە یەك ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هاوردەکرا**

**دیدگە و بوێری و ئیرادەی سەرۆک وەزیران بوو وای کرد، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئالنگارییەکان بەسەر هەموو ئەو قەیران و کێشانەدا زاڵ بێت و ڕێگا نەدات لە هەرێمی کوردستاندا شتێک بە ناوی (قەیرانی خۆراک) دروست ببێت**

**بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان هەنگاوی باش نرا، لە وەرزێکدا کە بەرهەمی ناوخۆ زیاد بێت، باج لەسەر بەرهەمی بیانی دادەنێین و بە پێچەوانەشەوە باجەکان هەڵدەگیرێت لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیی گەنم و کۆتاییهاتن بە گرفتی ئەمبارکردنی گەنمی جووتیاران، توانیی لەم کابینەیەدا بە گوژمەی زیاتر لە ٥٨ ملیار دینار سێ سایلۆی (کەلار، ڕۆڤیا، قوشتەپە) بە توانای ٤٠ هەزار تەنی و ١٩ کۆگا دابمەزرێنێت**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی داوە، لە ئێستاشدا کار لەسەر ١٦ ناوچەی پیشەسازی دەکرێت کە ژمارەیەکیان ناوچەی پیشەسازیی خۆراکین و هەندێکیان چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە**

**● کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری**

لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەکەدا، گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی بازرگانی بۆ خۆدەوڵەمەندکردنی خێرا، بە یەکێک لە گەورەترین تەحەددییەکان دادەنرا، کە وای کردبوو ماددەی ماوەبەسەرچوو و بازرگانی نایاسایی و بەقاچاخبردنی کاڵا و کەلوپەلەکان و زیانگەیاندن بە بەرهەمی ناوخۆ، ببێتە گرفتێکی گەورە بۆ جووتیاران و خەڵکی کاسبکار و باری تەندروستیی هاووڵاتیان، بۆیە پەیڕەو و ئەنجومەنی کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری دروست کرا و ڕێنمایی سەردەمییانە بۆ هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی دەرکرا.

**●شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و گرانبوونی نرخی جیهانیی خۆراک**

شەڕەکان ساڵانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئیسرائیل و حەماس و هەڕەشەکانی بەندەری بابولمەندەب و ئاڵۆزییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی بەهای نەوت و زیادبوونی خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک و گواستنەوەی، هۆکاری سەرەکیی هەڵکشانی بەهای جیهانیی خۆراک بووە، لەم ڕوانگەیەوە بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان هەنگاوی باش نرا، لە وەرزێکدا کە بەرهەمی ناوخۆ زیاد بێت، باج لەسەر بەرهەمی بیانی دادەنێین و بە پێچەوانەشەوە باجەکان هەڵدەگیرێت لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکان و جوولەی بازرگانی لە خزمەتی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆراکیدا بووە و، ئاسانکاری و پاڵپشتیی گومرگی و باج کراوە، بڕیاری لێخۆشبوونی گومرگی بۆ چەندین کاڵای سەرەکیی وەکو (ئارد و برنج و زەیت و ڕۆن و شیری منداڵ و شەکر و پاقلەمەنییەکان و ...هتد) دەرکرا، کارگە ڕاوەستاوەکانی پیشەسازیی خۆراکی بەگەڕخرانەوە و ڕۆتین و پشکنینی پزیشکی خێرا کرا و ئاسانکاری لەسەر باجی تایبەت بە کۆمپانیاکانی خۆراک و دەیان هەنگاوی دیکە نرا، وەکو کردنەوەی نووسینگەی هەناردەکردن لە دهۆک و زیادکردنی مۆڵەتی هەناردەکردن و ڕەچاوی پێشخستنی بەرهەمی نێوخۆیی.

**● شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران دابین کرا**

لەم کابینەیەدا سەرجەم شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران لە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ درا و هەرچی ئەو پارەیەی هەرسێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ کە لای حکومەتی عێراقی فیدراڵی بوو گەڕایەوە. واتا هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە وای کرد، پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و هەرێم بۆ دابینکردنی بەرهەمی جووتیاران سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و، کێشەیەك نەما پێی بووترێت کێشەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران، تەنانەت ئەو بڕە گەنمە کەمەی جووتیارانیش کە مابوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کۆمپانیا نێوخۆییەکانەوە بە هەمان نرخی حکومەت لە جووتیارانی کڕییەوە.

**● یاسا و ڕێنمایی نوێ بۆ بەرهەمی خۆماڵی و هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی**

هەموو ئەم هەوڵانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسا و ڕێنمایی نوێ هەبوو، ئەوە بوو یاساکانی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێنمایی هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی هەموار کرانەوە و پەیڕەوی پاراستنی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری پەسەند کرا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەمووارکردنەوەی ژمارەیەك یاسای نوێی وەکو یاساکانی یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان و یاسای بازرگانی و ژمارەیەك یاسای نوێش لە دیراسەتدایە.

**● سێ سایلۆی ٤٠ هەزار تەنی و ١٩ کۆگا دامەزراوە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیی گەنم و کۆتاییهاتن بە گرفتی ئەمبارکردنی گەنمی جووتیاران، توانیی لەم کابینەیەدا بە گوژمەی زیاتر لە ٥٨ ملیار دینار سێ سایلۆی (کەلار، ڕۆڤیا، قوشتەپە) بە توانای ٤٠ هەزار تەنی و ١٩ کۆگا دابمەزرێنێت، هەروەها دروستکردنی سایلۆی هەڵەبجە لەگەڵ ١٠ کۆگا و دروستکردنی ڕێگە سەرەکییەکانی سایلۆی ڕانیە و پیرەمەگروون و سێ کۆگا لە سایلۆی فایدە و هەڵەبجە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ وەرگیراوە، توانای ئەمبارکردنی سایلۆکان لە ساڵی ٢٠٢٠ تەنیا ٤٦٥ هەزار تەن بووە و لە ساڵی ٢٠٢١ بووە بە ٥٨٥ هەزار تەن و لە پەنگەرەکان ٤١١ هەزار تەن بەرز بووەتەوە، ئەمەیە پاڵپشتیکردنی گەنمی جووتیاران و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ.

**● دروستکردنی ناوچە پیشەسازییەکان و وەرچەرخان لە پەرەپێدانی کەرتەکانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازیدا**

لە هەرێمی کوردستاندا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی داوە، لە




ئێستاشدا کار لەسەر ١٦ ناوچەی پیشەسازی دەکرێت کە ژمارەیەکیان ناوچەی پیشەسازیی خۆراکین و هەندێکیان چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، وەکو ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی زاخۆ، لە دهۆکیش بە ئاستێکی باش کارەکان چوونەتە پێشەوە و لەم ناوچە پیشەسازییە ٣٣٠ شوێن بۆ کارگەی خۆراکی تەرخان کراون، لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیانیش ناوچە پیشەسازییەکان لە پلاندایە، بە دروستکردنی ئەم ناوچە پیشەسازییانە هەنگاوەکانی بونیادنانەوەی ژێرخان و پەرەپێدان و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان زۆر بەرەو پێشەوە دەچێت.

**● کار بۆ بەبازاڕکردن و هەناردەکردنی بەرووبوومە ناوخۆییەکانی جووتیاران کراوە**

بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی ئەم هەرێمەدا سەرۆکی حکومەت بەو پەرۆشییەوە هەنگاو بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات بنێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانی هەناردەکردنی هەنار و سێو و هەنگوین سەرکەوتوو بوو، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم کابینەیە سەرکەوتوو بوو لە هەناردەکردنی بەرهەمی گۆشتی پەلەوەر و هێلکە و زۆر میوەجاتی دیکە بۆ بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، لە ئێستادا لە مارکێتە گەورەکانی پایتەختەکانی زۆر لە وڵاتان براندی کوردستانی دەبینرێت، دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرووبوومی برا جووتیارەکان نهێنیی سەرکەوتن و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و سوودگەیاندنە بە ژمارەیەکی زۆری جووتیارانی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.

لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی کەرتی بازرگانییەوە زۆر کاری گەورە و گرنگ کراوە، کە لێرەدا ڕەنگە بوار نەبێت هەمووی باس بکرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕێژەی سەرپێچی و قۆرخکاری و گەمەکردن بە نرخ و کوالێتی کەم بکرێتەوە، لە هەمووشی گرنگتر لەم هەموو قەیرانی کۆرۆنا و دارایی و وشکەساڵی و گرفتی گرانیی بەهای جیهانیی نرخەدا، توانرا گەنمی جووتیاران و هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆ هەنگاوی گەورە و ناوازەی بۆ بنێین، هەر ئەمەشە وای کردووە، نەیارانی کورد چاویان بەم پێشکەوتنانەدا نەیەت، کە لە ناو هەناوی عێراقێکی ناسەقامگیر و ڕۆژهەڵاتێکی گڕگرتوودا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو بنێت لە پێناو گەلەکەیدا.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیەتی نەهێشتنی مەترسی .. De-risk



# غرووری و سەرکێشییەکانی سوپای پاسداران ئەزموونی داگیرکردنی کوێت دووبارە دەکاتەوە



«وەڵامەکانی ئەمیر حسێن عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە دیدارەکەی لەگەڵ فەرید زەکەریا لە هەفتەی ڕابردوو لە کۆڕبەندی داڤۆس، لە وەڵامەکانی «تاریق عەزیز»ی وەزیری دەرەوەی ڕژێمی بەعس دەچوو، کاتێك سەدام بە سەرکێشی و غرووری لە ساڵی ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد. ئەوکات تاریق عەزیز وەك دیپلۆماتێکی کامڵ دەیزانی، هیچ دیپلۆماتێك ناتوانێت بەرگری لەو بڕیارە سەرکێشەی سەدام بکات، کە سوپاکەی کوێتی داگیر کرد و، دەیزانی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، عێراق ئەمەی بۆ ناچێتە سەر، بۆیە بە هەندێك قسەی لاستیکی و دوور لە ئیتیکی دیپلۆماتی وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی دەدایەوە و دەیگوت: «ئەگەر کوێتمان داگیر نەکردایە، ئاسایشی نەتەوەییمان دەکەوتە مەترسییەوە و هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نەبوو»، بە هەمان شێوەش دوای ئەوەی سوپای پاسدارانی ئێران لە یەك شەودا هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی پاکستانی کردە ئامانجی ڕۆکێتە بالیستکییەکانی بە بیانووی بوونی «بنکەی مووسادی ئیسرائیلی لە هەولێر» و، بوونی بارەگاکانی «جەیشی عەدل» لەناو خاکی پاکستان، ئەمیر حسێن عەبدوڵڵاهیان لە دیدارەکەی داڤۆسدا کەوتە هەمان هەڵوێستی تاریق عەزیزەوە و نەیدەتوانی بە ئیتیك و زمانی دیپلۆماتی بەرگری لە هێرشەکانی سوپای پاسداران بکات و وەڵامی پرسیارەکەی فەرید زەکەریا بداتەوە، کە لێی پرسی: «با سەرەتا لەو هێرشانەوە دەست پێبکەین کە لە یەك دوو ڕۆژی ڕابردوو سوپای پاسدارانی وڵاتەکەت کردوویەتە سەر «عێراق و پاکستان» و هەردوو دەوڵەتەکەش کاردانەوەی زۆر توندیان هەبووە و، بە پێشێلکاریی سەرەوەریی دەوڵەت لە قەڵەمیان داوە، تەنانەت باڵیۆزەکانیشیان لە تاران بانگهێشتی وڵاتی خۆیان کردووەتەوە. ئەم هێرشانەتان بۆ کرد؟»، ئەمیر عەبدوڵڵاهیان کە سەرۆکی دیپلۆماتیەتی وەڵاتێکی گەورەی وەك ئێرانە، بە جۆرێك لەبەردەم ئەم پرسیارەدا ئیحراج و شپرزە بوو، کە نەیدەتوانی لە چوارچێوەی دیپلۆماتیەت و سەروەریی دەوڵەتان وەڵام بداتەوە، لەلایەك دەیگوت: «ئێمە ڕێز لە سەروەریی هەردوو دەوڵەتی عێراق و پاکستان دەگرین و ئەم هێرشانە پەیوەندی بەو دوو دەوڵەتەوە نییە»، لەلایەکی دیکەشەوە دەیگوت: «ئەم هێرشانە تۆڵەکردنەوەن لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر —کرمان-، هەروەها تۆڵەکردنەوەیە لەو هێرشانەی «جەیشی عەدل» کە لە پاکستانەوە کردوویەتە سەر هێزەکانمان». ئەو وەڵامەی سەرۆکی دیپلۆماتیەتی ئێران کە لای فەرید زەکەریا مایەی گاڵتەجاڕی بوو، وای کرد، زۆر ڕاشکاوانە پێی بڵێت: «ئەگەر بتانەوێت بە بیانووی تۆڵەسەندنەوە شەرعیەت بۆ هێرشەکانتان دروست بکەن، ئەوا ئێوە پێش هەر کەسێکی دیکە شەرعییەت بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەدەن، لەبەر ئەوەی ئیسرائیلیش لە تۆڵەی هێرشەکەی حەماس، ژن و منداڵی بێتاوان دەکوژێت».

■ ئەو وەڵامەی سەرۆکی دیپلۆماتیەتی ئێران کە لای فەرید زەکەریا مایەی گاڵتەجاڕی بوو، وای کرد، زۆر ڕاشکاوانە پێی بڵێت: «ئەگەر بتانەوێت بە بیانووی تۆڵەسەندنەوە شەرعیەت بۆ هێرشەکانتان دروست بکەن، ئەوا ئێوە پێش هەر کەسێکی دیکە شەرعییەت بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەدەن، لەبەر ئەوەی ئیسرائیلیش لە تۆڵەی هێرشەکەی حەماس، ژن و منداڵی بێتاوان دەکوژێت»

### ● پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی یاسای دارستان

ئۆرسولا ڤۆن دەرلاین سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەورووپا، هەفتەی ڕابردوو لە کۆڕبەندی داڤۆسەوە بە جیهانی ڕاگەیاند: «ئازادی لەناو ژانی مەترسییەکاندا لەدایك دەبێت، هەر بۆیە دوای ئەوەی ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا، کە مەزندەکان بەو جۆرە بوون، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا (کییێف) دەگرێت و ئۆکرانیا داگیر دەکات، بەڵام هەر ئەو کات من چەمکی - نەهێشتنی مەترسی - De-risk-م ڕاگەیاند و بەرنامەمان بۆ ئەوە دارشت، کە مەترسیی داگیرکاری ڕووسیا لەسەر ئۆکرانیا و مەترسیی -جەنگی وزە-ی ڕووسیا لەسەر یەکێتیی ئەورووپا نەهێڵین، ئەمڕۆ کەمن لە بەردەمی ئێوە قسە دەکەم، مەترسیی داگیرکاریی ڕووسیا لەسەر ئۆکرانیا نەماوە و ئەگەر هاوکارییەکانی چین نەبوایە بۆ ڕووسیا، زووتر ئەم شەڕە کۆتایی دەهات و ئۆکرانیا نەك هەر نەڕووخا، بەڵکو ئێستا یەکێتی ئەورووپا دەیەوێت بڕیارێکی مێژوویی و بدات و وەڵامی مێژوو بداتەوە، ئەویش ئەوەیە پێشوازی لە ئەندامێتیی ئۆکرانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بکات، سەبارەت بە سەرکەوتنیش بەسەر ئەو (جەنگی وزە)ی کە ڕووسیا دژی

■ مەترسیی داگیرکاریی ڕووسیا لەسەر ئۆکرانیا نەماوە و ئەگەر هاوکارییەکانی چین نەبوایە بۆ ڕووسیا، زووتر ئەم شەڕە کۆتایی دەهات

■ ئێستا یەکێتی ئەورپا دەیەوێت بڕیارێکی مێژوویی و بدات و وەڵامی مێژوو بداتەوە، ئەویش ئەوەیە پێشوازی لە ئەندامێتیی ئۆکرانیا لە یەکێتیی ئەوروپا بکات

دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا ڕاپگەیاندبوو، کە لە سەرەتای جەنگەکە ئەوروپا بۆ دابینکردنی وزە پێویستی بە ٢٠٪ی وزەی ڕووسیا بوو، ئێستا بووەتە تەنیا ٥٪، بەرەو ئەوەش دەچین هیچ پێویستییەکمان بە وزەی ڕووسیا نەبێت».

ئۆرسولا ڤۆن دەرلاین، کە لەسەردەمی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بوو، ئامانجی ئەوە بوو لە پەیامی ئەمساڵیدا وەك سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەوروپا بە جیهان بڵێت، ئەو ستراتیژیەتەی ئۆلاف شۆلز لە ساڵی ٢٠٢٢ بە ناونیشانی «خاڵی وەرچەرخان - Zeiten-wende» ڕایگەیاند، ئێستا ئەو وەرچەرخانە لەسەر ئاستی یەکێتیی ئەوروپا ڕووی داوە و سەردەمێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە کە جارێکی دیکە ڕووسیا ناتوانێت بڕیاری هاوشێوەی داگیرکردنی ئۆکرانیا دووبارە بکاتەوە».

لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، دوای ئەوەی چەکدارانی حەماس هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل و نزیکەی ١٢٠٠ هاووڵاتیی ئیسرائیلیان کوشت و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیشیان وەك بارمتە لەگەڵ خۆیان برد، ئەم هێرشە دەرگای شەڕێکی زۆر گەورەی لە ناوچەکە کردەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٣وە ناوچەکە بە خۆیەوە نەیبینیوە، لەمەش خراپتر ئەم هێرشەی حەماس شەرعییەتی نێودەوڵەتی داوە بۆ ئیسرائیل کە بە ناوی «بەرگری لەخۆکردنەوە»، ئەو کۆمەڵکوژییە لە شاری غەززە ئەنجام بدات، کە تا ئێستا ژمارەی قوربانییەکان گەیشتووەتە نزیکەی ٢٥ هەزار کەس، کە ١٦ هەزاریان ئافرەت و منداڵن، سەرباری ئەم هەموو کارەساتەش ئێستا کارتی بەهێز لە دەستی ئیسرائیلدایە و نەك هەر ئامادە نییە شەڕ ڕابگرێت و دەست بە دانوستاندن بکرێت، بەڵکو ئامادەش نییە ئاگربەستێکی کاتییش ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی یارمەتییە مرۆییەکان بگەیەنرێتە ئەو خەڵکە لێقەوماوەی شاری غەززە.

لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، بەریتانیا فەرەنسا، یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ناتۆ، بزووتنەوەی حەماس لە ڕیزی ئەو هێزانە پۆلێن دەکەن، کە سوپای پاسداران پشتیوانییان دەکات و، ئەم هێزانەش نەك تەنیا بە مەترسی لەسەر ئیسرائیل لە قەڵەم دراون، بەڵکو بە مەترسی لەسەر تەواوی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە لە قەڵەم دراون.

هاوکێشەی ئێستای شەڕی نێوان «ئیسرائیل و حەماس»، تەنیا شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس نییە، بەڵکو بازنەیەکی زۆر فراوانی کردووەتەوە و لە دوو بەرەدا خۆی بەرجەستە کردووە، بەرەیەکیان دەوڵەتانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ناتۆ) پشتگیریی ئیسرائیل دەکەن، بەرەیەکیش سوپای پاسداران (نەك ئێران وەك دەوڵەت) لەگەڵ ئەو میلیشیایانەی ناویان لە خۆیان ناوە «بەرەی مقاوەمە» پشتگیری لە بزووتنەوەی حەماس دەکەن، ئەو دەوڵەتانەشی کە هێزەکانی «بەرەی مقاوەمە» تیایدا باڵادەستن وەك (عێراق و لوبنان و یەمەن)، وەك دەوڵەت و بە فەرمی نایانەوێت، ببنە بەشێك لەم شەڕە و هەروەها دژی ئەو کردەوانەشن کە هێزەکانی (حوسییەکان لە یەمەن، حزبوڵڵا لە لوبنان و هێزە لە یاسا دەرچووەکان لە عێراق) ئەنجامی دەدەن، کە هێرش دەکەنە سەر ڕێڕەوە ئاوییەکانی دەریای سوور، سنوورەکانی ئیسرائیل، هێزە بیانییەکان لە عێراق و، لەمەش زیاتر تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی بە دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینیشەوە، نەك نایەوێت ببنە بەشێك لەم شەڕە کاولکارییە بەڵکو سەرکۆنەی هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ی حەماس دەکەن بۆ سەر ئیسرائیل و داوای چارەسەری ئاشتییانەی «دوو دەوڵەت» دەکەن، کە ئیسرائیل لە ئێستادا ڕەتی دەکاتەوە.

دەوڵەتی قەتەر کە وەك جوگرافیا دەوڵەتێکی بچووکە، بەڵام کاراکتەرێکی گەورەی ناوبژیوانیی دیپلۆماتییە لەنێوان هێزە گەورەکان لەم شەڕەدا و بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە نێوان حەماس و ئیسرائیلدا ناوبژیوانی کردووە، کە لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی زیاتر هەستی بە مەترسیی ئەم شەڕە کردووە، لە هەمان کاتدا ئاستی نائومێدیشی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هیچ ئاسۆیەك بۆ کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە و دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان بۆ پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل دیار نییە. لەم بارەیەوە شێخ محەمەد

**دوای ئەوەی چەکدارانی حەماس هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل و نزیکەی ١٢٠٠ هاووڵاتیی ئیسرائیلیان کوشت و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیشیان وەک بارمتە لەگەڵ خۆیان برد، ئەم هێرشە دەرگای شەڕێکی زۆر گەورەی لە ناوچەکە کردەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٣وە ناوچەکە بە خۆیەوە نەیبینیوە،**

**دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، بەریتانیا فەرەنسا، یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ناتۆ، بزووتنەوەی حەماس لە ڕیزی ئەو هێزانە پۆلێن دەکەن، کە سوپای پاسداران پشتیوانییان دەکات**

**ئەو دەوڵەتانەی کە هێزەکانی «بەرەی مقاوەمە» تیایدا باڵادەستن وەک (عێراق و لوبنان و یەمەن)، وەک دەوڵەت و بە فەرمی نایانەوێت، ببنە بەشێک لەم شەڕە و هەروەها دژی ئەو کردەوانەشن کە هێزەکانی (حوسییەکان لە یەمەن، حزبوڵڵا لە لوبنان و هێزە لە یاسا دەرچووەکان لە عێراق) ئەنجامی دەدەن**

**تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی بە دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینیشەوە، نەک نایەوێت ببنە بەشێک لەم شەڕە کاولکارییە بەڵکو سەرکۆنەی هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ی حەماس دەکەن بۆ سەر ئیسرائیل و داوای چارەسەری ئاشتییانەی «دوو دەوڵەت» دەکەن، کە ئیسرائیل لە ئێستادا ڕەتی دەکاتەوە**

**ئەم زوو هاتنە دەنگەی ڕووسیا دوای وەڵامدانەوە توندەکەی پاکستان بۆ ئێران، دوو ڕەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت، یەکەمیان ئاگادارکردنەوەی ئێرانە کە زیاد لە قەوارەی خۆی سەیری توانا سەربازییەکەی نەکات**

**ئێران نەک هەر ناتوانێت بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێرەوە ئاوییەکانی دەریای عەرەبی و دەریای سوور ڕابوەستێت و ئاسایشی ئەو ڕێرەوە ئاوییە جیهانییە بخاتە مەترسیەوە، بەڵکو بە تەنیا دەرەقەتی سوپای پاکستان نایەت کە چەندین دەیەیە خاوەنی چەکی نیوکلیارییە**

بن عەبدولڕەحمان ئال سانی، لە دیدارێکدا لە کۆڕبەندنی داڤۆسی هەفتەی ڕابردوو ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، «پێویستە ئێمە و ئیسرائیل لەسەر چارەسەرێك ڕێك بکەوین، ئینجا دەست بە دانوستاندن بکەین بۆ ئەوەی میکانیزمێك بۆ بەدیهێنانی ئەو چارەسەر بدۆزینەوە، ئێمە ناتوانین دانوستاندن بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەر بدۆزینەوە، لە ئێستادا کە هیچ چارەسەرێك نییە، هەتا دانوستاندنی لەسەر بکەین، ئەگەر ئیسرائیل بگەڕێتەوە بۆ چارەسەری «دوو دەوڵەت» ئەوا پرسەکە کۆتایی دێت و ئێمەش وەك دەوڵەتانی عەرەبی پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکەینەوە، هەروەك چۆن دوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ ئێمە وەك قەتەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردەوە».

ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە هەمان ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی — De-risk» کە یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ناتۆ لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پیادەیان کرد و هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەوروپا سەرکەوتنی ئەم ستراتیژەی بەسەر ڕووسیادا ڕاگەیاند، ئەوا ئێستا هەمان ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی» لەسەر وجوودی ئیسرائیل و تەواوی ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتیش پیادە بکەن و، ئەم ستراتیژەش بە بێ ئەوەی شاردبێتیانەوە، مەترسیەکەی بە «سوپای پاسداران و هێزە وەکیلەکانی لە عێراق و لوبنان و یەمەن» گرێیان داوەتەوە کە چوارچێوەی بۆ داڕێژراوە.

## ● سوپای پاسداران و بەرەی مقاوەمە لەناو ستراتیژیەتی نەهێشتنی مەترسیدا

لەگەڵ ئەوەی ئێران هاوکارییەکی زۆری چەك و تەقەمەنیی ڕووسیای کردووە لە شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیادا، بەڵام دوای وەڵامدانەوەی پاکستان بۆ هێرشە ڕۆکێتییەکانی ئێران کە چەند ناوچەیەکی لەناو ئێراندا بۆمباران کرد، ڕووسیا داوای لە هەردوو لایان کرد، کە کێشەکانیان بە ئاشتی چارەسەر بکەن و دەست بکەن بە دانوستاندن، ئەم داوایەی ڕووسیا هێندەی ڕووی ئێران دەگرێتەوە، هێندە ڕووی پاکستان ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی پاکستان لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە خۆی یەکلا کردووەتەوە و قەت لەبەرەی سۆڤیەت و ڕووسیادا نەبووە.

ئەم زوو هاتنە دەنگەی ڕووسیا دوای وەڵامدانەوە توندەکەی پاکستان بۆ ئێران، دوو ڕەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت، یەکەمیان ئاگادارکردنەوەی ئێرانە کە زیاد لە قەوارەی خۆی سەیری توانا سەربازییەکەی نەکات، بەوەی کە ئێران نەك هەر ناتوانێت بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێرەوە ئاوییەکانی دەریای عەرەبی و دەریای سوور ڕابوەستێت و ئاسایشی ئەو ڕێرەوە ئاوییە جیهانییە بخاتە مەترسیەوە، بەڵکو بە تەنیا دەرەقەتی سوپای پاکستان نایەت کە چەندین دەیەیە خاوەنی چەکی نیوکلیارییە. ڕەهەندی دووەمی ئەم ئاگادارکردنەوەیەی ڕووسیا بۆ ئێران، ئەوەیە کە ڕووسیا بەو هەموو ئیمکانیەتە ئابووری و سەربازی و بەو هەموو تەکنەلۆژیا سەربازییەی لەبەر دەستی بوو، نەیتوانی وڵاتێك داگیر بکات، کە سێیەکی خاکی وڵاتەکەی خۆیە و ژمارەی دانیشتووانیشی سێیەکی دانیشتوانی ڕووسیایە، لەمەش زیاتر لە ناو ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی» ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا پووکایەوە و، وای کرد، یەکێتیی ئەوروپا ئەو بڕیارە بدات، کە بە فەرمی ئۆکرانیا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شەڕە بە سەر ڕووسیادا. ئێستا لە هەمبەر ئەم بڕیارەی یەکێتیی ئەوروپا، ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێت کە «ڕووسیا دەستەوەستان دەبێت و هیچی پێ ناکرێت».

پرسیاری سەرەکی و گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا سوپای پاسداران بوار دەدات، ئێران وەك دەوڵەت نەکەوێتە ناو چوارچێوەی ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی» کە ئێستا تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ناتۆ بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێرەوە دەریاییە جیهانییەکان پیادەی دەکەن؟

بە گوێگرتمان لە قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆڕبەندی داڤۆس، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، ئێستا ئێران وەك دەوڵەت لەگەڵ




سوپای پاسداران وەك هەناردەكردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە، بە تەواوەتی بوونەتە یەك دامەزراوە و ئێران وەك دەوڵەت پشتگیری لە پێشێلكردنی سەروەریی دەوڵەتان و یاسا نێودەوڵەتییەكان دەكات، بەمەش وەك دەوڵەتێك لە دەرەوەی یاسا نێودەوڵەتییەكان مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

پرسیاری دیكە ئەوەیە ئایا هێزەكانی مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق، دەبنە هۆكاری ئەوەی كە عێراق وەك دەوڵەت بخزێتە ناو ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی»ی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە هەڵوێست و لێدوانە فەرمییەكانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و دامەزراوە فەرمییەكانی دەوڵەتی عێراقەوە دەست دەكەوێت، كە دوای هێرشی چەكدارە لە یاسا دەرچووەكان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە بەغدا بە كاری تاوان و تیرۆریستی لە قەڵەمیان دا و سەركۆنەیان كرد، هێرشە بالیستیكییەكەی سوپای پاسدارانیشیان بۆ سەر ماڵی هاووڵاتییەكی سڤیل لە هەولێر، بە كارێكی دوژمنكارانە و پاشكەشەی پەیوەندییەكانی عێراق و ئێران لە قەڵەم دا و سەركۆنەیان كرد، لەمەش زیاتر ئەو تیمەی بە سەرۆكایەتیی قاسم ئەعرەجی ڕاوێژكاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكهێنرابوو، بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوە لەو بیانووانە بكەن، كە سوپای پاسداران دەڵێت «ئەو ماڵە بنكەی مووسادی ئیسرائیلی بووە»، ڕاشكاوانە ڕاوێژكاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، هەموو ئەو بیانووانەی بە درۆ خستەوە و ڕایگەیاند ئەم خانووە بێجگە لە ماڵێكی ئاسایی خێزانی بازرگانێك هیچ شتێكی دیكە نەبووە.

كەواتە ئەم ئاراستەیە كە حكومەتی عێراق هەتا ئێستا پیادەی دەكات بۆ ئەوەی نەخزێتە ناو ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی» هاوپەیمانیی ناتۆ، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر لایەنە عەرەبییە شیعەكان بەگشتی و لایەنەكانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی كە ئێستا دەوڵەت و حكومەتیان لەبەر دەستە، بخزێنە ناو ئەو ستراتیژە و ببنە بەشێك لە سوپای پاسداران، ئەوا كورد گوتەنی «لە قەلیش دەبن و لە كۆتریش»، ئەمە لەبەر دوو هۆكار:

١. لە دوای كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ كە هێزەكانی حەشدی شەعبی هێرشیان كردە سەر كوردستان و بەشێكی زۆری خاكی كوردستانیان داگیر كردەوە، هەروەها دوای

**ئێستا ئێران وەک دەوڵەت لەگەڵ سوپای پاسداران وەک هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە، بە تەواوەتی بوونەتە یەک دامەزراوە و ئێران وەک دەوڵەت پشتگیری لە پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتان و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات، بەمەش وەک دەوڵەتێک لە دەرەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

**سەرۆک وەزیران و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق، هێرشی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە کاری تاوان و تیرۆریستی لە قەڵەمیان دا، هێرشە بالیستیکییەکەی سوپای پاسدارانیشیان بۆ سەر ماڵی بازرگانێک لە هەولێر، بە کارێکی دوژمنکارانە و پاشکەشەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە قەڵەم دا و سەرکۆنەیان کرد**

**ئەگەر لایەنە عەرەبییە شیعەکان بەگشتی و لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی کە ئێستا دەوڵەت و حکومەتیان لەبەر دەستە، بخزێنە ناو ئەو ستراتیژە و ببنە بەشێک لە سوپای پاسداران، ئەوا کورد گوتەنی «لە قەلیش دەبن و لە کۆتریش»**

**عێراق وەک دەوڵەت ناتوانێت گەمە بە ئاگر بکات و خۆکوژیی سیاسی هەڵبژێرێت و لایەنەکانی شیعەی چوار چێوەی هەماهەنگی، ناتوانن هەڵوێستیان لە حزبوڵڵای لوبنانی زیاتر بێت کە سەرۆکەیان حەسەن نەسروڵڵا لە ژێرزەمینەکەوە وەک شرۆڤەکارێکی سیاسی پشتگیریی خۆی بۆ حەماس و فەلەستین ڕاگەیاند**

ڕووخانی خەلافەتی داعش لە مووسڵ لە هەمان ساڵدا، حەشدی شەعبی هەوڵی دا، بە هەمان شێوەی سوپای پاسداران پرۆسەی بەشیعەکردن بە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگەی «سەبایە» لە نەجەفەوە بۆ دیمەشق دەست پێ بکات، بەڵام جوگرافیا و دیموگرافیای عێراق ئەم هەوڵەی پووچەڵ کردەوە، بۆیە عەرەبی شیعەی عێراق دەزانن، ئەگەر ببنە بەشێك لە ستراتیژیەتی سوپای پاسداران لەناو سیاسەتی «نەهێشتنی مەترسیدا» کۆتاییان دێت.

٢. عێراق وەك دەوڵەت جیا لەوەی ئیمکانیەتی سەربازی و پاراستنی ئاسمانی هێندە لاوازە دەکرێت کە بە زمانی سەربازی پێی بڵێن هیچ ئیمکانیەتێکی نییە لەچاو هێزەکانی هاوپەیمانیی ناتۆدا، بۆیە جیا لەوەی ئاسمانێکی کراوەی هەیە و ناتوانێت بەرگری لێ بکات، لە هەمان کاتدا متمانە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد و شیعە و سوننە) بەم دەوڵەت و حکومەتەی ئێستا زۆر کەمە و هیچ لایەکیان ناتوانن پشت بەم دەوڵەتە ببەستن، هەتا ئامادە بن لە پێناویدا قوربانی بدەن.

ئەم دوو هۆکارە گرنگە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە عێراق وەك دەوڵەت ناتوانێت گەمە بە ئاگر بکات و خۆکوژیی سیاسی هەڵبژێرێت و لایەنەکانی شیعەی چوار چێوەی هەماهەنگی، ناتوانن هەڵوێستیان لە حزبوڵڵای لوبنانی زیاتر بێت کە سەرۆکەیان حەسەن نەسروڵڵا لە ژێرزەمینەکەوە وەك شرۆڤەکارێکی سیاسی پشتگیریی خۆی بۆ حەماس و فەلەستین ڕاگەیاند.

### ● هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی غرووری و سەرکێشییەکانی سوپای پاسداراندا

ئەو هێز و میلیشیا چەکدارە لە یاسا دەرچووانەی کە بە خۆیان دەڵێن «وەلائی» و «مقاوەمەی ئیسلامی»، خۆیان یەکلایی کردووەتەوە کە ئامێرێکن بە دەست سوپای پاسدارانەوە و ئەوەی سوپای پاسداران فەرمانیان پێ بکات، هەر ئەوە جێبەجێ دەکەن و، چارەنووسیشیان بەندە بە چارەنووسی سوپای پاسدارانەوە.

سوپای پاسداران لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای شەڕی ئیسرائیل – حەماس، هەوڵی دا، خۆی ڕاستەوخۆ نەبێتە بەشێك لەم شەڕە و نەکەوێتە ناو ستراتیژیەتی «نەهێشتنی مەترسی»، بەڵام کاتێك ئیسرائیل بە پشتیوانیی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا، بەو شێوازە ترسناکەی بینیمان غەززەی بۆمباران کرد و پاشانیش چووە ناو شاری غەززە و ماڵ بە ماڵ بە دوای چەکدارانی حەماسدا دەگەڕێت، لەمەش زیاتر باڵادەستیی ئیسرائیل گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە باشووری لوبنان و لە ناو بارەگاکانی حزبوڵڵادا سەرکردەیەکی گەورەی حەماس بکوژێت و هێرش بکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای پاسداران لە سووریا و ئەفسەرێکی پلەداری سوپای پاسداران بکوژێت، ئەوا ئەم هاوکێشەیە سوپای پاسدارانی خستووەتە بەردەم دووڕیانێك کە، یان ئەوەیە دەبێت ئاڵای سپی هەڵ بکات و تەسلیم بێت، یانیش ئەوەیە وەك دەڵێن «بەرەو پێشەوە ڕابکات و خۆی بکات بە بەشێك لەم شەڕە».

ئەوەی لەماوەی ئەم چوار مانگەی شەڕی حەماس و ئیسرائیل، ئاراستەی هاوکێشەکانی بە شێوەیەکی دیکە داڕشتووەتەوە، ئەوەیە کە کۆی دەوڵەتانی عەرەبی، تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا، سوپای پاسداران بە سەرچاوەی سەرەکیی کۆی ئەو مەترسییانە دادەنێن کە ناوچەیەکی فراوانی گرتووەتەوە، هەر لە هیندستانەوە تا نەیجیریا، لەمەش زیاتر بە سەرچاوەی مەترسیی سەرەکیشیی دەزانن بۆ ئەو ڕێڕەوە ئاوییە بازرگانییە جیهانییەی کە بە دەریای سووردا دەچێتەوە کەنداوی سویس، کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بازرگانی جیهانییە.

ترسی گەورەی سوپای پاسداران لەم شەڕە ئەوەیە کە، دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ لە سەرەتاوە مەبەستیانە «نینۆکەکانی سوپای پاسداران زۆر باش ببڕن» بۆ ئەوەی توانای چرنووکگرتنی نەمێنێت، وەزیری بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئەم شەڕەی غەززە هەڵدەکێشت بۆ شەش بەرەی دیکە و ئیسرائیل ناچار دەبێت لە حەوت بەرەی شەڕەوە تێوەبگلێت و شەڕ بکات، بەڵام ئاستی مەترسی ئەم شەڕە بە شێوەیەکی زۆر خێراتر لەوەی ئیسرائیل

مەزنـدەی دەکـرد، هەڵکشـا و هێزەکانـی بەریتانیـا و ئەمریـکا بـە ڕاسـتەوخۆ ئاشـکرا هاتنـە نـاو شـەڕەکە و زۆر بـە بێباکانـە بـە فڕۆکـە و ڕۆکێت هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حوسـییەکان لەنـاو یەمـەن و، بـۆ یەکەمجاریـش بـوو لـەم شـەڕەدا بەریتانیا فڕوکە سەربازییەکەی لە ئاسمانەوە پیشان دا کە دوای بۆمبارەکردنەکە لـە یەمەنـەوە گەڕایـەوە بـۆ قوبـرس.

نینۆککردنـی سـوپای پاسـداران و شـکاندنی باڵـە سـەرەکییەکانی لـە یەمـەن و لوبنـان و سـووریا و عێـراق، شـەوەزەنگێکی ئەوتـۆی بـۆ سـوپای پاسـداران دروسـت کـردووە، کـە بـە هیـچ شـێوەیەك بەرپێـی خـۆی نابینێـت و، پێشتریش مەزندەی ئەم وەرچەرخانەی نەکردووە، کـە هەمـوو جیهـان لـە دژی ئـەو مەترسـییانە یـەك دەگـرن و، شـەڕی هاوپەیمانانـی ناتـۆش ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئێـران نییـە وەك دەوڵـەت، بەڵکـو لەگـەڵ سـوپای پاسـداران و باڵەکانـی سـوپای پاسـدارانە لـە دەوڵەتانـی ناوچەکـەدا، هـەر بۆیـە ئەگـەر هاوپەیمانـان لـە ستراتیژیەتی «نەهێشـتنی مەترسـیدا» سـەرکەوتوو بـوون، وەك چـۆن بەرانبـەر ڕووسـیا سـەرکەوتوو بـوون، ئـەوا پرۆسـەی هەناردەکردنـی شـۆڕشـی ئیسـلامیی سـوپای پاسـداران کۆتایـی پێدێـت و ناوچەکـەش بـە جۆرێکـی دیکـە سـەرلەنوێ دادەڕێژرێتـەوە.

لەنـاو ئـەم واقیعـە تازەیـەدا کـە شـەڕ تـەواوی ناوچەکـەی گرتووەتـەوە، هەرێمـی کوردسـتانیش بەشـێکە لـەو جوگرافیـا سیاسـییە و لەنـاو دووڕگەیەکیـن کـە هـەر چـوار دەورمـان ئاگـرە و دەبێـت ئـەوە بزانیـن ئـەوەی لـە تەنیشـت کـوورەی ئاگریشـەوە بێـت، پڕیشـکی هـەر بەردەکەوێـت.

بـە ئامانجگرتنـی هەولێـر ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن سـوپای پاسـداران و باڵەکانـی کـە پێیـان دەڵێـن میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانی عەرەبی شیعەی عێـراق، بـە پلـەی یەکـەم بـۆ ئەوەیـە کـە عێـراق وەك دەوڵـەت بکاتـە بەشـێك لـەم شـەڕە و سـوپای پاسـداران وەك گرووپێکـی چەکـدار مامەڵـە لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق بـکات.

ئامانجـی دووەمـی ئەوەیـە بـە کاردانەوەکانـی ئەمریـکا بـۆ تۆڵەسـەندنەوە لـە کارە تیرۆریسـتییەکانی گرووپـە میلیشـیاکان، ئیسـتفزازی هەسـتی شـیعەی وەلائـی لایەنـە سیاسـییەکانی شـیعە بـکات، بـەوەی حکومەتـی عێـراق هەڵوێسـتی تونـدی بەرانبـەر ئەمریـکا نییـە، ئەمـەش زەمینـە خـۆش دەکات، بـۆ ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ کودەتـا بەسـەر ئـەم حکومەتـی ئێسـتای محەمـەد شـیاع سـوودانی بـکات و، سـوپای پاسـداران خـۆی حکومەتێکـی تـازە لـە بەغـدا دابمەزرێنێـت و بـە ئاشـکرا پاشـکۆی سـوپای پاسـداران بێـت.

ئامانجـی سـێیەمی کـە مووشـەکبارانکردنی ڕاسـتەوخۆی هەرێمـی کوردسـتان و لێدانـی سـەرمایەدارە نیشـتمانییەکانی کوردسـتانە، بـە بیانـووی ئـەوەی بنکـە و بـارەگای دەزگای هەواڵگریـی ئیسـرائیل (موسـاد)ی تێدایـە، لـە پێنـاوی ئەوەیـە زەمینەیـەك بڕەخسـێنێت کـە هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی بـە ئاشـکرا نـەك ئەوانەی پێیان دەڵێن «لە یاسا دەرچوو» هێرش بکەنـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، یـان لانیکـەم ئاسـایش و سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان بـە شـێوەیەك بشـێوێنن، کـە پرۆسـەی وەبەرهێنـان و پەرەپێـدان ڕابگیرێـن و کۆتایـی پـێ بهێنرێـت. بـەڵام پرسـیاری گەوهـەری ئەوەیـە، ئایـا سـوپای پاسداران ئەمـەی بـۆ دەچێتـە سـەر و جیهان لێـی قبـووڵ دەکات؟

ئێمـە دەبێـت بەوجـۆرە چاوەڕێـی وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بکەیـن، بـەوەی چـۆن دەوڵەتانـی یەکێتیـی ئەوروپـا و هاوپەیمانیـی ناتـۆ بـۆ «نەهێشـتنی مەترسـیی ڕووسـیا لەسـەر ئۆکرانیـا و ئەوروپـا» بڕیـارە مێژووییەکەیـان دا، کـە هێنـدەی دیکـە هاوپەیمانیـی ناتۆیـان فـراوان کـرد و فینلەنـدا و سویدیشـی لەخـۆی گـرت، هەروەهـا وەڵامـی مێژووشـیان دایـەوە، کـە ئۆکرانیایـان پڕچـەك کـرد، بـۆ ئـەوەی بەرگـری لەخـۆی بـکات و دەرگای یەکێتیـی ئەوروپایـان بـۆ کـردەوە، بـە هەمـان شـێوە یەکێتیـی ئەوروپـا بـۆ «نەهێشـتنی مەترسـیی سـوپای پاسـداران لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان و تـەواوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت»، دەبێـت بڕیـاری مێژوویـی بـدەن، بـەوەی جارێکـی دیکـە هاوپەیمانیـی ناتـۆ بـە جۆرێکـی دیکـە فـراوان بکرێـت، کـە دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش بگرێتـەوە، وەڵامـی مێـژووش بدەنـەوە بـەوەی ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان خواستی سەربەخۆییان هەیـە.

ئەم شەڕە بە شێوەیەکی زۆر خێراتر لەوەی ئیسرائیل مەزندەی دەکرد، هەڵکشا و هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بە ڕاستەوخۆ ئاشکرا هاتنە ناو شەڕەکە و زۆر بە بێباکانە بە فڕۆکە و ڕۆکێت هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حوسییەکان لەناو یەمەن

نینۆککردنی سوپای پاسداران و شکاندنی باڵە سەرەکییەکانی لە یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق، شەوەزەنگێکی ئەوتۆی بۆ سوپای پاسداران دروست کردووە، کە بە هیچ شێوەیەک بەرپێی خۆی نابینێت و، پێشتریش مەزندەی ئەم وەرچەرخانەی نەکردووە، کە هەموو جیهان لە دژی ئەو مەترسییانە یەک دەگرن

بە ئامانجگرتنی هەولێر ڕاستەوخۆ لەلایەن سوپای پاسداران و باڵەکانی کە پێیان دەڵێن میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانی عەرەبی شیعەی عێراق، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە عێراق وەک دەوڵەت بکاتە بەشێک لەم شەڕە و سوپای پاسداران وەک گرووپێکی چەکدار مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بکات



**ڤیان سەبری**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# چاوەڕوان نین میلیشیا چەکدارەکانی پاڵپشتی ئێران بەیاننامەی سەرکۆنەکردن دەربکەن

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێویستی بە ڕێکاری حکومەت و گفتوگۆ و قبووڵکردن هەیە، نەک پەرلەمان

# لەمەڕ هەناردەکردنەوەی نەوت هەڵوێستی یەکگرتووی ئەرێنی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە

**هێرشە بێ پاساو و تاوانکارییەکەی ئێران بۆ سەر هەولێری پایتەختی کوردستان و بەئامانجگرتنی هاووڵاتیانی سڤیل، دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆیی و دراوسێیەتی، کاردانەوەیەکی زۆری لە نێو هەرێم و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لێ کەوتەوە، خاتوو ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەم مووشەکبارانە و، ڕاشکاوانە هەڵوێست و ڕاوبۆچوونی پەرلەمان و شەقامی عێراق دەخاتە ڕوو.**

*** وەك پەرلەمانتارێك و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو هێرشەی کە ئێران کردیە سەر هاووڵاتیانی سڤیل لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری عێراقی و مافی مرۆڤ و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چۆن دەبینیت؟**

- هێرشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستدرێژییەکی ئاشکرا و پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و ئاسایشی گەلی عێراق و هەرێمی کوردستانە، بۆردومانەکەی ئێران بە مووشەکی بالیستیکی و درۆن، کە هاووڵاتییانی بێتاوان و خانووبەرە و شوێنە مەدەنییەکانی کردە ئامانج لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، پێشێلکارییەکی ئاشکرا و سەختی پرەنسیپەکانی دراوسێیەتیی باش و یاسا و ڕێککەوتن و داب و نەریتی نێودەوڵەتییە، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو پاساو و بیانووانەی حکومەتی ئێران ڕەت دەکەینەوە و سەرکۆنەیان دەکەین، کە ماف بە هیچ دەوڵەتێك نادات، سەروەریی دەوڵەتێکی دیکە پێشێل بکات و ژیانی هاووڵاتییانی بخاتە مەترسییەوە، ئەمە لەگەڵ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناکۆکە، سەرۆك مسعود بارزانی بە توندی ئیدانەی ئەم هێرشە کرد و فەرمووی: «دەتوانن بمانکوژن، بەڵام ناتوانن ئیرادەمان لێ بستێنن» ناڕەزایەتییە توندەکانی جەماوەری کوردستان لە نێوخۆی هەرێم و دەرەوە لە دژی ئەم پەلامارە و سەرکۆنەکردنی لە چاوەڕوانیی ئێراندا نەبوو.

*** چۆن هەڵوێستی حکومەتی عێراق و لیژنەی لێکۆڵینەوەی عێراقی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی ئێران و سەرکۆنەکردنی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- حکومەتی عێراق و محەممەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بۆردومانی ئێرانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە دەستدرێژییەك بۆ سەر سەروەریی وڵات و ئاسایشی گەلی عێراق

**هێرشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستدرێژییەکی ئاشکرا و پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و ئاسایشی گەلی عێراق و هەرێمی کوردستانە**

**ناڕەزایەتییە توندەکانی جەماوەری کوردستان لە نێوخۆی هەرێم و دەرەوە لە دژی ئەم پەلامارە و سەرکۆنەکردنی لە چاوەڕوانیی ئێراندا نەبوو**

**حکومەتی عێراق و محەممەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بۆردومانی ئێرانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە دەستدرێژییەک بۆ سەر سەروەریی وڵات و ئاسایشی گەلی عێراق لە قەڵەم دا**

**ئەو بۆردومانەی کە ئەنجام درا، بۆ سەر خانوویەکی مەدەنیی بزنسکارێک بوو، بۆیە لەمەدا دەردەکەوێت کە هەموو ئەو پاساوانەی باس لەوە دەکەن کە ئامانج لێی بارەگایەکی «مووساد» بووە بێ بنەمان و دوورن لە ڕاستییەوە**

**هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکانی هەر یەک لە بەڕێزان محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکی حکومەتی ئیتیحادی و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران لە داڤۆس، گوزارشت لە یەکهەڵوێستیی نیشتمانیی عێراق دەکات، دوابەدوای هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر هەولێر**

**هەڵوێستی لایەنەکانی شیعە و سوننە لە ئیتاری تەنسیقی کە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بەڵکو ئەو هێزانە خۆیان بەدوور گرت لە دەربڕینی هەڵوێستی بەکۆمەڵ بۆ پشتیوانیی لەم پرسە**

لە قەڵەم دا، هەروەها وەك سووکایەتیکردنێك بۆ دراوسێیەتی باش و ئاسایشی ناوچەکە، بۆیە حکومەتی عێراقیش مافی ئەوەی هەیە، هەموو ڕێکارێکی دیپلۆماسی و یاسایی بەپێی پرەنسیپی سەروەریی نیشتمانی بگرێتەبەر.

لێژنەی هاوبەشی حکوومی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، تایبەت بە بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەو هێرشە و، بۆ پاڵپشتیکردن لە هەڵوێستی حکومەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پێشکەشکردنی بەڵگە و زانیاریی ورد، دووپاتی کردەوە کە هەموو ئەو بیانووانەی کە ئێران هێناویەتەوە هەڵبەستراو بوون، ئەو بۆردومانەی کە ئەنجام درا، بۆ سەر خانوویەکی مەدەنیی بزنسکارێك بوو، بۆیە لەمەدا دەردەکەوێت کە هەموو ئەو پاساوانەی باس لەوە دەکەن کە ئامانج لێی بارەگایەکی «مووساد» بووە بێ بنەمان و دوورن لە ڕاستییەوە.

لە هەمان کاتدا وەزارەتی دەرەوەی عێراق و خودی دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق، دوو نامەی هاوشێوەیان لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی هەمیشەیی کۆماری عێراقەوە لە نیویۆرك بۆ هەردوو سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش نارد، کە لەو دوو نامەیەدا جەختیان کردووەتەوە کە ئەم دەستدرێژییە پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەروەریی عێراق و یەکپارچەیی هەرێمی و ئاسایشی گەلی عێراقە، گەلی کوردستانیش خاوەن دۆزی ڕەوای خۆیەتی و بەشێك نییە لەو هاوکێشە و ململانێیەی کە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتانی زلهێز و هەرێمایەتیدا هەیە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکانی هەر یەك لە بەڕێزان محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکی حکومەتی ئیتیحادی و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران لە داڤۆس، گوزارشت لە یەکهەڵوێستیی نیشتمانیی عێراق دەکات، دوابەدوای هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر هەولێر.

*** هەڵوێستی حزبەکانی نێو پەرلەمان لەسەر ئەم هەڕەشەیە و هەروەها هەڵوێستی پەرلەمانتارانی میلیشیا چەکدارەکان چییە، ئەوانەی هێزەکانیان بەردەوام پەلاماری کوردستان دەدەن؟**

- جیاوازییەکی ئاشکرا لە هەڵوێستەکاندا هەیە و، بە دڵنیاییەوە ئێمە وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی خۆمانە بەرگری لە هەرێمی کوردستان و ئاسایشی ئەو وڵاتە و گەلەکەی بکەین، بەیاننامەیەکی سەرکۆنەکردن و ناڕەزاییمان هەبوو لەسەر ئەم دەستدرێژییەی ئێران بۆ سەر هەولێر و شەهیدکردنی خەڵکی سڤیلی بێتاوان، کاریشمان کرد بۆ کۆکردنەوەی واژووی پەرلەمانتاران، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە مایەی قبووڵ بوو، بەڵام بەداخەوە گوێمان لە لێدوانی فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمان، یان هێزە سیاسییەکان نەبوو.

بەتایبەت هەڵوێستی لایەنەکانی شیعە و سوننە لە ئیتاری تەنسیقی کە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بەڵکو ئەو هێزانە خۆیان بەدوور گرت لە دەربڕینی هەڵوێستی بەکۆمەڵ بۆ پشتیوانیی لەم پرسە، سەرەڕای ئەوەی کە بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە بە پشتبەستن بە پاساوی ساختە، هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەرەوڕووی دژایەتییەکی نوێ دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە لایەنێکی هاوپەیمانی ئێرانە کە هێرش دەکاتە سەر سەروەری و ئاسایش و خاکی عێراق، جا لەبەر ئەوەی ئەو میلیشیا چەکدارانە پاڵپشتیی ئێران دەکەن بە وەکالەت، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکەین و پێشبینی ناکەین بەیاننامەی ناڕەزایی و سەرکۆنەکردن بۆ ئەم دەستدرێژییە دەربکەن، هەندێك بەیاننانە هەبوون کە لەسەر هێزە مەدەنییەکان هەژمار دەکرێن کە ناڕەزاییان سەبارەت بەم هێرشە مووشەکەییە بۆ سەر سەروەریی عێراق دەربڕیوە.

لەم پرسەدا ئاساییە کە بەیاننامە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە دەربچێت، بەڵام لە ئێستادا ئەنجومەنی نوێنەران بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، بە هۆی ئامادە نەبوونی سەرۆکی پەرلەمان و دواکەوتنی دانیشتنەکان تا کاتی دیکە، سەرەڕای ئەمەش من پێموایە ئەرکی هەموو هێزە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکانە، وەك لیژنەی

ئاسایش و بەرگری و پەیوەندییەکانی دەرەوە، کە بەرپرسیارێتیی لە بەرگریکردنی سەروەریی عێراق و ئاسایش و گەلەکەی بخەنە ئەستۆیان، لیژنەیەکی هاوبەشیش لە لایەن لیژنەی ئاسایش و بەرگری و پەیوەندییەکانی دەرەوە سەردانی هەولێر و ئەو ماڵە دەکات کە کراوەتە ئامانج و راپۆرتی پەرلەمانی و راسپاردە پێشکەش دەکات.

*** بەپێی پەیوەندیت بە حزبە سیاسییەکان و پەرلەمانتارانی عێراقەوە، رای ئەوان و شەقامی عێراقی لەسەر کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیل چییە؟**

- وەك بەدواداچوونم بۆ کاردانەوە و رای شرۆڤەکاران و شەقامی عێراقی کردووە، شەقامی عێراقی سەرکۆنەی ئێران دەکەن، دژی سەروەریی عێراق، هەروەها دیمەنی خانووەکە و جەستەی شەهیدانی بێتاوان، بەتایبەتیش ژینا پێشرەو دزەیی، ئەو ساوا شەهیدە بووەتە جێی قسە و باسی شەقامی عێراقی کە هەموو پاساوە هەڵبەستراوەکانی ئێران رەت دەکاتەوە.

*** ئایا بەرنامەی پەرلەمان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەردەگرێت؟**

- نەخێر، سەرناگرێت و هێزەکانی ئەمریکاش ناکشێنەوە، هەرچەندە داوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ئەمریکا دەکرێت، ئەو داواکارییانەش پاش رووداونی شەڕی ئیسرائیل و غەززە سەریان هەڵداوە.

بەشێك لە پەرلەمانتاران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق واژوویان کۆ کردەوە، هەرچەندە پەرلەمانتارانی کورد واژوویان بۆ کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەتیش هێزە ئەمریکییەکان نەکرد، بەڵام هیچ دانیشتنێك لەسەر ئەو بابەتە ئەنجام نەدرا، بەڵکو تەنیا چەند بەیاننامەیەکی تایبەت لە لایەن بەڕێز موحسین ئەلمەندەلاوی سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت بڵاو کرانەوە، کە جەختیان لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کردەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، بابەتی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هێزەکانی ئەمریکا پێویستی بە رێکاری حکومەت هەیە، نەك پەرلەمان، رێکارێکی قورسە و پێویستی بە دانوستان و قبووڵکردنی کشانەوە هەیە، بەتایبەتی کە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەسەر داوای فەرمیی حکومەتی عێراق لێرەن.

*** بابەتی بودجە و مووچە و هەناردەکردنی نەوت بە کوێ گەیشتووە؟**

- گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و سەردانی هاوبەش لە نێوان شاندەکانی بەغدا و هەولێر بۆ گەیشتن بە رێگەچارەی گونجاو بەردەوامن بۆ ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ لە رێگەی هەموارکردنەوەی بودجە لە مادەکانی ١١-١٢-١٣، سڕینەوەی کۆی خەرجیی کرداری



لە بودجەدا، دانانی مووچەی فیدراڵی بە مووچەی هەرێمی کوردستانیشەوە، لەسەر خەرجیی حاکیمە و زیادکردنی تێچووی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی فیعلیی جوگرافیا و ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمدا کاردەکەن، هەروەها هەڵوێستی یەکگرتووی ئەرێنی هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا لەمەڕ هەناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهانەوە.

پێشبینی دەکەین لە ساڵی ٢٠٢٤دا بگەینە لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بەتایبەتی کە زەمینەیەکی هاوکاریی ئەرێنی و ئیرادەی سیاسی لە نێوان هەردوو بەڕێزان محەمەد شیاع سوودانی و مەسروور بارزانی هەیە.

**بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە بە پشتبەستن بە پاساوی ساختە، هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەرەورووی دژایەتییەکی نوێ دەکاتەوە**

**شەقامی عێراقی سەرکۆنەی ئێران دەکەن، دژی سەروەریی عێراق، هەروەها دیمەنی خانووەکە و جەستەی شەهیدانی بێتاوان، بەتایبەتیش ژینا پێشرەو دزەیی، ئەو ساوا شەهیدە بووەتە جێی قسە و باسی شەقامی عێراقی کە هەموو پاساوە هەڵبەستراوەکانی ئێران رەت دەکاتەوە**

# بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە سیادەی دەوڵەتێکی دیکە پێشێل بکات

**ئەم هێرشانە ناتوانن زیان بە قەوارەی هەرێم و ئیرادەی کورد بگەیەنن، هەروەکو سەرۆک بارزانی فەرمووی: «دەتوانن بمانکوژن، بەڵام ناتوانن ئیرادەمان لێ بستێنن»**

**بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا لە داڤۆس، توانیی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ ئیدانەکردنی ئەو هێرشە بەدەست بهێنێت**

**پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکان پاڵپشتیی دەوڵەتی عێراق بکەن و سیادەی ئەم وڵاتە بپارێزن**

هێرشکردنی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی مەدەنی لە هەولێر و شەهیدبوونی هاووڵاتیانی سیڤل کە لە ناویاندا منداڵ و ژن هەبووە، کارێکی نارەوا و دوور لە بنەما و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان و میساق و ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەم واقیعە کە ماوەیەکی زۆرە لەلایەن گرووپە چەکدارەکان و سوپای پاسدارانی ئێران دووبارە دەبێتەوە و زیانی گەورەی بە سەلامەتیی خەڵکی مەدەنی و ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان و شوێنە گشتییەکانی وەکو فڕۆکەخانەی مەدەنیی نێودەوڵەتیی هەولێر گەیاندووە و، سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە تێك دەدات و، ئاشتەوایی نێوان دوو دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراق لە لایەك و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەکی دیکە، زیانی گەورەی پێ دەگەیەنێت. هەرچەندە ئەم هێرشانە ناتوانن زیان بە قەوارەی هەرێم و ئیرادەی کورد بگەیەنن، هەروەکو سەرۆك بارزانی فەرمووی: «دەتوانن بمانکوژن، بەڵام ناتوانن ئیرادەمان لێ بستێنن».

لە ئێستادا پەرلەمانی عێراق، وێڕای ئەوەی سەرۆکی پەرلەمانی نییە و کۆمەڵێك ئەجیندە و بابەتی دیکەی وەکو دانانی سەرۆکی پەرلەمان خراوەتە پێشەوەی دانیشتنەکان، بەڵام چەندین پەرلەمانتار واژوومان کۆکردووەتەوە تاوەکو ئیدانەی ئەم ڕەفتارەی ئێران بکرێت. بەداخەوە ئێمەی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەبەر ئەوەی زۆرینە نین و بە هۆی لادان لە پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوبەشی و تەوازون (ئەو بنەمایانەی کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوەو لەسەر ئەو فاکتەرانە یەکپارچەیی خاکی عێراق و سەقامگیری و هاوبەشی لەنێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەی شیعە و کورد و سوننە پارێزراوە)، کەچی بەردەوام پێشێلکاریی دەستووری دەکرێت و لە ئاکامی زۆرینەش لەناو پەرلەمان، هەموو ئەم پێشێلکاری و کارە نادەستووری و نایاساییانە تێپەڕ دەکرێت.

هێرشەکەی ئێران بۆ سەر هەولێری پایتەختی کوردستان لە کاتێکدا کە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی ئەمنییان لەگەڵ ئێران واژوو کردووە و کاری کردارییان بۆ دوورخستنەوەی حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات کردووە لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە، لە سەردانەکەی ئەم دواییەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، لە نزیکەوە زنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردە و لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتییەکانی کۆمار و حکومەت ئەنجام دا، بەڕێزیان توانیی کۆدەنگییەکی باش و لێکتێگەیشتنێك لەسەر چەند پرسێکی گرنگی وەکو بودجە و مووچەی مووچەخۆران و هەناردەکردنەوەی نەوت و بابەتی دژایەتیکردنی هێرش و پەلاماردانی درۆنی بۆمبڕێژکراو و مووشەك بە دەست بهێنێت، ئەم کۆدەنگییە نیشتمانییە لە نێوان هەرێم و عێراقدا ڕەنگە بەدڵی زۆر لایەن و دەوڵەتی ناوچەکە نەبێت، کە خوازیاری ئەوە نین کۆدەنگیی نیشتمانی لە عێراق دروست بێت و، بەردەوام



**یادگار مەحموود نەسروڵڵا**

ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی عێراق

بۆ گوڵانی نووسیوە

خوازیاری دروستکردنی دوژمنی وەهمین، بە پاساو و بیانووی درۆزنانە و دوور لە ڕاستی، ئەوەی جیاواز بوو ئەمجارە لە هێرشە مووشەکییە بالیستیکییەکەی سوپای پاسداران، کە پێشتریش ماڵی سەرمایەدار و خێرخوازێکی دیکەی کوردی لە هەولێر کردبووە ئامانج، ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەری و ئیدانەکردن و هەڵوێستەی حکومەتی عێراق بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا لە داڤۆس، توانیی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ ئیدانەکردنی ئەو هێرشە بەدەست بهێنێت.

بە شێوەیەکی گشتی پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکان پاڵپشتیی دەوڵەتی عێراق بکەن و سیادەی ئەم وڵاتە بپارێزن، چونکە دەستدرێژیکردنەکە زۆر ناشیرینتر و قێزەوەنتر بوو، کاتێك منداڵ و ئافرەت و خەڵکی مەدەنی و خێزانێك بوونە قوربانی و شەهید کران. هەر بۆیە عێراق وەك دەوڵەت دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات لە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی لە ساڵی ١٩٤٨ (ابادة جماعية) و ماددەکانی ژمارە (٢ و ٩) هەروەها بە جوولەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای میساقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ماددەکانی ٣٩،٣٣،٢،١. ئەوەی دەمێنێتەوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگریکردن لە هێرشی بەردەوامی درۆن و مووشەکبارانکردنی خەڵکی هەولێر کە وادیارە ئەجیندە و مەرامی زۆر گەورەی لە پشتەوەیە، بەڵام ئەوانەی دانەری ئەم پیلانەن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد، ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییە لەهەر چوار پارچەی کوردستان و لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتان و هێزەکانی هاوپەیمانان و تەنانەت خودی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دروست بێت.

ئێمە بەداخەوەین بۆ خوێنی منداڵ و ئافرەت و خانەوادەی شەهید پێشڕەو دزەیی و سەرمایەدارەکەی دیکەی عێراق و خزمەتگوزارە بیانییەکان، ئێران وڵاتێکە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناڕەزایەتی توندی لەسەرە و ئەو هێرش و پەلاماردانانەی بۆ سەر خاکی کوردستان زیانی گەورە بەپەیوەندی دراوسێتی و مێژووی دوور و درێژی لەگەڵ کورد پێ دەگەیەنێت، لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا پاڵپشتی و پشتگیریی زیاتر بۆ کورد بەدەست دێت، بۆیە وا پێ دەچێت، ئەمجارە چاوخشاندنەوە بە مەرام و پیلانە دوژمنکارییەکان بکرێت و هەرچەندە هێرش و پەلاماردانەکانی گرووپە چەکدارەکانی ئێران لە عێراقدا بەردەوامی هەیە، بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی فیدراڵە پارێزگاری لە سەروەریی وڵاتەکە بکات و چیتر ڕێگا بە گرووپەکانی ئێرانی نەدات، بەچەکی لە دەرەوەی یاسا و دەوڵەت گەمە بە موقەدەراتی ئەم دەوڵەتە بکەن و زیان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بگەیەنن، کە هیچ دەرئەنجامێکی نابێت.

**عێراق وەک دەوڵەت دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات لە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی**

**ئەوەی دەمێنێتەوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگریکردن لە هێرشی بەردەوامی درۆن و مووشەکبارانکردنی خەڵکی هەولێر کە وادیارە ئەجیندە و مەرامی زۆر گەورەی لە پشتەوەیە**

**ئێران وڵاتێکە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناڕەزایەتی توندی لەسەرە و ئەو هێرش و پەلاماردانانەی بۆ سەر خاکی کوردستان زیانی گەورە بەپەیوەندی دراوسێتی و مێژووی دوور و درێژی لەگەڵ کورد پێ دەگەیەنێت**



## مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی

جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# دینی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ توندوتیژیدا نییە

# لابردنی هزری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لابردنی بەشێکە لە دین

## ئیسلامەتی ئەوە نییە کە حزبێک، یان گرووپێکی ئیسلامی پارێزگاریی لێ بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ»

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، ئەو فکرەش بووە فکرێکی جیهانی و لە پاشان ئیسلامیان دابەش کرد بۆ سیاسەت و عیبادەت، بەپێی ئەو فکرەش ڕێز لە نەتەوە و نیشتمان و پیرۆزییەکانی ناگیرێت و جەماعەت و کەسانێك هەن کە کورد بە موسڵمان نازانن و دەیانەوێت جارێکی دیکە کورد بکەنەوە بە ئیسلام و باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە، لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ «سیاسی و عیبادەت»، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- لە سەرەتای وەڵامدانەوەی پرسیارەکەدا ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکەمە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێت: «واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا واذكروا نعمة الله عليكم»، واتە ئێوە هەموو دەست بگرن بە عەهد و دینی خوای گەورە و تەفرەقە و جیاوازی و دووبەرەکی نابێت لە نێوانتاندا هەبێت. دیارە پەیامی ئیسلام یەك پەیامە کە پەیامی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرە(د.خ) و ئەو پەیامانەیە کە لە ئیسلام بۆمان دیاری کراون، بەڵام بە دروستبوونی جیاوازی و دووبەرەکی لە نێوان ڕیزی موسڵمانان (بە هەر ناوێك و لەژێر هەر پەردەیەك بێت)، گەورەترین گورز بەر دینی ئیسلام دەکەوێت، بۆیە هەر دابەشبوونێکی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت هیچ کاتێك خزمەت بە ئایینی ئیسلام ناکات.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلیمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، لێرەش**

**لە کوردستان دەبینین، کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدا نییە و ئەو کەسانەی بە ناوی دینەوە پرسی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەناو بەرنامەیان لادەبەن، من تێی ناگەم بۆ وادەکەن، چونکە لابردنی هزری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لابردنی بەشێکە لە دین، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: «خيركم المدافع عن عشيرته، ما لم يأثم»، واتە باشترین کەسی ئێوە، ئەوەیە کە بەرگری لە عەشیرەتی خۆی بکات، عەشیرەتیش واتە نەتەوەی خۆی. تۆ بەرگری و پارێزگاری لە نەتەوە و خاك و نیشتمانی خۆت دەکەیت، کارێکی هەق و ڕەوا ئەنجام دەدەیت. لە کاتێکدا مرۆڤ نیشتمانی نەبوو، کە لە قورئانی پیرۆز هاتووە، خوای گەورە نیشتمانی بۆ ئێمە داناوە، بۆیە ناکرێت ئێمە نیشتمان پشتگوێ بخەین و هیچ حیسابی بۆ نەکەین، چونکە لە قورئانی پیرۆز هاتووە: (والارض وضعها للانام)، واتە خوا ئەو زەوییەی بۆ خەڵك و مرۆڤەکان داناوە. کە من لە کوردستان دەژیم، ئەوە خوای گەورە ئەو زەوی و نیشتمانەی بۆ من داناوە، بۆیە ئەرکە من بەرگری و پارێزگاری لەو زەوی و نیشتمانە بکەم.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- ئەو بابەتە سیاسییە، ئەگەر بە لایەنی دینەوە تەماشای بکەین، ئەوا دین لەگەڵ ئەوەدا نییە کە خەڵکی خۆت فەرامۆش بکەیت. لە قورئان و سوننەتی ئیسلام ئاوا هاتووە، کە خەڵکی خۆت خۆش بوێت. ئەگەر تەماشای حەزرەتی (نوح) بکەین، کاتی خۆی دعا دەکات و لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە (هەموو پێغەمبەرەکانیش ئاوا بوون) و دەڵێت: «رِبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ»، واتە حەزرەتی نوح لە سەرەتادا دوعای بۆ خۆی کردووە، لە پاشان بۆ دایك و باوکی و دواتر بۆ ئەوەی کە دێتە ماڵی، لە پاشان بۆ هەموو کەسێك کە ئافرەت، یان پیاوی ئیماندار بن. لێرەدا من ناڵێم تۆ دژایەتی خەڵك بکە، بەڵام هەقی خۆتە هەقێکی شەریعی و یاسایی و مرۆڤایەتییتە کە تۆ پیاو و زانای ئایینی و مێژووی خۆت هەیە و خاوەن حوجرەی خۆتی، بۆچی من خەڵکەکەی خۆم فەرامۆش بکەم و بچم خەڵکێکی دیکە بێنمە پێش؟ ئەگەر مێژووی کورد بخوێنینەوە، دەبینین ئەو کەسایەتی و زانا و شۆڕشگێڕانەی لە ناو کورد هەڵکەوتوون، بەتایبەتی لەلایەنی تەسەوف و خواپەرستی و دینداریيەوە، تا دەگاتە سیاسەت و خزمەتکردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە ئەوانەی لە ناو گەلی کورد هەن، لە ناو میللەت و گەلانی دیکە نین، هەر بۆ نموونە سەڵاحەدینی ئەیوبی و دەیانی دیکەی کورد خزمەتی زۆری ئایینی ئیسلامیان کردوە، وەك شێخی شارەزووری و مەلا ئیدریسی بەدلیسی و شیخ عەبدوڵڵای نەهری و مەلا مستەفای بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و قازی مەحمەد و چەندانی دیکە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبوویێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- نەخێر، ئیسلام پەیام و بەرنامەیەکی گشتگیرە و لەو کاتەی ئیسلامەتی هات، نە حزبی ئیسلامی و نە مەزاهیبیش نەبوون، کە ئەوە شافیعییە، ئەوە مالیکییە، ئەوە حەنەفییە و ئەوە حەنبەلییە و تەفرەقەی مەزهەبییش نەبووە، کە ئەوە سوننەیە یان ئەوە شیعەیە، لە پاشان بەرەبەرە لە ئەنجامی جیاوازی و ناکۆکیی نێوان خەڵکەکەوە ئەو جیاوازییانە دروست بوون. ئیسلامەتی ئەوە نییە کە حزبێك، یان گرووپێکی ئیسلامی پارێزگاری لێ

**کورد میللەتێکە خاوەنی زانا و کەسایەتی و تەریقەت و تەسەوف و حوجرە و کەسانی ئایینپەروەر و شۆڕشگێڕی وەک سەڵاحەددینی ئەییووبی و شێخ سەعیدی پیران و مەلا ئیدریسی بەدلیسی و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانییە**

**بە دروستبوونی جیاوازی و دووبەرەکی لە نێوان ڕیزی موسڵمانان (بە هەر ناوێک و لەژێر هەر پەردەیەک بێت)، گەورەترین گورز بەر دینی ئیسلام دەکەوێت**

**هەر دابەشبوونێکی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت هیچ کاتێک خزمەت بە ئایینی ئیسلام ناکات**


بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ»، واتە ئێمە خۆمان ئەو دینەمان ناردووە و خۆشمان پارێزگاری لێ دەکەین. ڕاستە ئێمە موکەلەفین هەوڵی بۆ بدەین و پارێزگاری لە دینەکە بکەین، بەڵام خوای گەورە دەیپارێزیت، بێگومان حزبە ئیسلامییەکان حاشا لەوە ناکەن، کە دەڵێن ئێمەش هەوڵ دەدەین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دەتوانین بەو دەسەڵات و کورسییەوە ئەو پەیام و بەرنامە و مەنهەجە هەمانە جێبەجێی بکەین و هەمووی بۆ خوا دەکەین، نەخێر ئەوە وا نییە، حزبە عەلمانییەکانی خۆشمان هەر ئەوە نییە بڵێن هەمووی بۆ کوردایەتی دەکەین، ئەمەش سرووشتی مرۆڤە و بە دەستی کەس نییە.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئوسووڵی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سڕی» دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئیسلام بە هێچ شێوەیەك لەگەڵ هەموو جۆرە توندوتیژییەك نییە، بەپێی دین و ئایینی ئیسلام دەبێت هەموو کات لایەنگری ئاشتی بیت و ناوبژیوانی و ناوەندگیری بکەیت، بۆ ئەوەی لایەنەکەی بەرانبەر توندوتیژی دەرنەچێت، خوای گەورەش بۆ ئێمەی موسڵمان فەرموویەتی: «وكذلك جعلناكم أمة وسطا»، واتە ئێوەم بە میللەتێکی مامناوەند دروست کردووە، بۆ کەس نییە خەڵك بە زەبر و هێزی شیر ئیسلام بکات، بەڵکو ئامۆژگاری هەیە، وەك فەرموویەتی «ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ».

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی، پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، ئیسلامی سیاسی دەڵێت: هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە لە کۆمەڵگە نییە؟**

- خۆی فەتوا کارێکی زۆر قورسە و ئەوە نییە کە هەموو کەس بتوانێت فەتوا بدات، ئێمەش وەك نەتەوەیەك کە کوردین و هەر چ نەبێت، دەبێت تەماشای جیهانی ئیسلامی بکەین. من لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ موفتییەکانیان دانیشتووم، بەتایبەتی لە میسر کە قیبلەی زانستە، لە وڵاتێکی وەك میسر لە کاتێکدا موفتی، یان ئەنجومەنەکە فەتوایەك دەردەکات، ئەوە هەموو خەڵکی میسر پابەندی دەبن، بۆی هەیە کەسێك، یان زانایەك لەماڵی خۆی ڕاوبۆچوونی جیاواز بێت لەگەڵ فەتواکە، بەڵام قەت ئامادە نییە، لە مزگەوتێك، یان مینبەرێك، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەك بڵێت من لەگەڵ ئەو فەتوایە



نیم. واتە بە ئاشکرا ڕەدی ناداتەوە. واتە لە کاتێکدا بەو فەتوایە ڕازی نیت، ئەوە لەلای خۆت و لە ماڵەکەی خۆت پێی ڕازی مەبە، بەڵام بۆت نییە بە ئاشکرا ڕایبگەیەنیت کە ئەو فەتوایە وانییە و ڕاست نییە.

ئێمە لە کوردستان ئەنجومەنێکی باڵای فەتوامان هەیە کە (١٤) زانا و شارەزای زانست و شەریعەتی ئیسلامین و هەموویان پلەی موفتییان هەیە و لەبەر ئەوەی بە تێکڕایی بیروبۆچوونی هەموویان فەتوا دەدرێت، بۆیە فەتوایەکان زۆر لە جێگای خۆیدایە، پێویستە خەڵك و میللەتی خۆمان لە کوردستان وا ڕابێنین، کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کاتێکدا فەتوایەکیان دا، پابەندی بن و ئەوەی ڕاوبۆچوونیشی لەگەڵ نییە، بە لەلای خۆی و لە ماڵی خۆی ئیلتیزامی پێوە نەکات.

**لەو کاتەی ئیسلامەتی هات، نە حزبی ئیسلامی و نە مەزاهیبیش نەبوون، کە ئەوە شافیعییە، ئەوە مالیکییە، ئەوە حەنەفییە و ئەوە حەنبەلییە و تەفرەقەی مەزهەبییش نەبووە، کە ئەوە سوننەیە یان ئەوە شیعەیە**

**لە کوردستان ئەنجومەنێکی باڵای فەتوامان هەیە کە (١٤) زانا و شارەزای زانست و شەریعەتی ئیسلامین و هەموویان پلەی موفتییان هەیە و لەبەر ئەوەی بە تێکڕایی بیروبۆچوونی هەموویان فەتوا دەدرێت، بۆیە فەتوایەکان زۆر لە جێگای خۆیدایە**




**شێخ عەدنان حەمید شەفی**

سەرۆکی هۆزی قەرەلووسی بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی هەستی خۆشەویستیی بۆ کوردانی فەیلی زۆر بەرز بوو

# بنەماڵە و هۆزەکانی کوردانی فەیلی مەسعود بارزانی و عەقیدەکەی بە درێژەپێدەری ڕێبازی کوردایەتی دەناسن

**کوردانی فەیلی هەرگیز ڕاپێچکردنی زۆرەملێ و کوشتن و بەتاڵانبردنی ماڵ و حاڵیان لەبیر نەکردووە، ئەوان بە شانازییەوە باسی مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردبوونی خۆیان و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەکەن، نیگەرانیشن بەوەی کەیسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕاڵی بەپێی پێویست گرنگی و بایەخی پێ نەدراوە و قەرەبوو نەکراونەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شێخ عەدنان حەمید شەفی سەرۆکی هۆزی قەرەلووسی و کەسایەتیی دیاری ناو شۆڕشی کوردستان ساز دا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەکو سەرۆك هۆزی قەرەلووسی و کوڕی حەمید شەفی قەرەلووسی، کە بنەماڵەکەتان لە مەندەلی ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە، دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە مەندەلی وەکو شارێکی دێرینی کورد چۆن دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بەر شاڵاوی جینۆساید کەوتن؟**

- مەندەلی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتیی نەوت و گاز و کشتوکاڵ و بازرگانی و، پێگەیەکی جوگرافیی لە نێوان ئێران و عێراقدا لەسەر ڕێگەی ئاوریشم هەیە، مەندەلی بە کۆنترین ناحیەکانی عێراق لە پارێزگای دیالە دادەنرێت، بەو پێیەی ئەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەری نزیك بووە لە سنووری ئێرانەوە، بۆیە لە شەڕی ئێران و عێراقدا زۆربەی گوندەکانی وێران و خاپوور کراون و، خەڵکەکەی کە زۆرینەی کوردی فەیلی بوون، کۆچیان پێ کراوە، لە ئێستادا سیاسەتی بەعەرەبکردن دیمۆگرافیای مەندەلی گۆڕیوە. باوکم کە سەرۆکی هۆزی قەرەلووسی بووە و بازرگانێکی گەورە و ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، هەر لەبەر کوردبوونی و بەشداریکردن و پاڵپشتیکردنی لە خەباتی مەلا مستەفا بارزانی، کەوتووەتە بەر نەفی و دەرکردن، ئەوە بوو لەسەردەمی (نووری سەعید و عەبدولسەلام عارف)دا سێ جار نەفی کراوە بۆ شارەکانی (حلە و ناسرییە و عەمارە) و دوور خراوەتەوە لە نیشتمانی کوردانی فەیلی، کە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە لە خانەقین و بەدرە و زوڕباتییە و جەلەولا و سەعدییە و خاڵس و بەعقوبە و شارەبان دەست پێ دەکات، تا دەگاتە شێخ سەعد لە چیاکانی حەمرین، لەوێشەوە وەکو سنوورێکی ئیلاهی ئەم سنوورەی کوردستان درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە شنگال، ئەم سنوورە ناوچەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە و کەوتووەتە سەنگەری پێشەوەی بەردەم هێرشی تەعریب و تەرحیل. لە ناو کوردانی فەیلیدا پیاوانی ئایینی و بازرگان و سەرۆك هۆز و کاسبکار و فەرمانبەری زۆر هەبوون، بۆیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١ ڕۆڵێکی باشیان لە بونیادنانی بناغەی دەوڵەتی عێراق هەبووە، تەنیا جوو لە ڕووی بازرگانی و کاسبییەوە لە پێش کوردانی فەیلی بوون، هەر لەبەر ئەم

**مەندەلی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتیی نەوت و گاز و کشتوکاڵ و بازرگانی و، پێگەیەکی جوگرافیی لە نێوان ئێران و عێراقدا لەسەر ڕێگەی ئاوریشم هەیە**

**تەنیا جوو لە ڕووی بازرگانی و کاسبییەوە لە پێش کوردانی فەیلی بوون، هەر لەبەر ئەم کوردبوون و پێگە ئابوورییە و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی بوو کە جینۆساید کران**

**لە نوگرە سەلمان زیاتر لە ٢٢ هەزار کوردی فەیلی دەستگیر کرابوون، ژمارەیەکی کەمیان دەربازیان بوو، ئەوانی دیکە بێسەروشوێن کران**

**هەرچەندە پەراوێزخستن و دژایەتیکردن و ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێی کوردانی فەیلی و دەستگیرکردن و کوشتنی گەنجەکانیان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر حوکم تاوانەکەی چڕتر و قێزەوەنتر و خێراتر کرد**

کوردبوون و پێگە ئابوورییە و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی بوو کە جینۆساید کران، کوردانی فەیلی خۆشەویستییان بۆ ئەم سەرکردەیە زۆر بوو، لەبەر کوردبوون و خۆشەویستی و هاوکاریکردنی بارزانی بووە کە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کراون، ئێ خۆ لە عێراقدا دەیان هۆز و پێکهاتەی دیکەی شیعە هەبوون، ئەی بۆچی بە زۆر ڕاپێچی ئێرانیان نەکردوون؟ لەو شاڵاوەشدا لە نوگرە سەلمان زیاتر لە ٢٢ هەزار کوردی فەیلی دەستگیر کرابوون، ژمارەیەکی کەمیان دەربازیان بوو، ئەوانی دیکە بێسەروشوێن کران.



*** کەواتە دەستپێکی شاڵاوی جینۆسایدی کوردانی فەیلی کەی دەستی پێ کرد و ئایا دەکرێت بگوترێت ئەم جینۆسایدە دەچێتە چ شێوازێکی کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتییەوە؟**

- هەرچەندە پەراوێزخستن و دژایەتیکردن و ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێی کوردانی فەیلی و دەستگیرکردن و کوشتنی گەنجەکانیان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر حوکم تاوانەکەی چڕتر و قێزەوەنتر و خێراتر کرد، سەدان خێزانی کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵ و بەڵگەنامەکانیاندا گیرا و، بە سەدان گەنجی کوردی فەیلییش ڕاپێچی زیندانەکان کران و بێسەروشوێن و قەتڵوعام کران، ئەمە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەییە و دەچێتە قاڵبی تاوانی نێودەوڵەتییەوە، چونکە ئامانجی سەرەکیی سڕینەوەی ناسنامەی کوردانی فەیلی و چۆڵکردنی بەغدا بوو لەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد، هەر خۆی لەخۆیدا تاوانبارکردنتان بە «التبعية الايرانية» و تەقاندنەوەی زانکۆی موستەنسرییە زیاتر پاساوێکی بێ بنەما و بیانوویەك بووە بۆ ئەوەی بەزۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان بکەن، دواتریش بۆ هەڵگیرسانی شەڕی (عێراق- ئێران) ڕژێمی بەعس خۆی ئامادە کرد، بە هۆکاری ئەو جەنگە هەشت ساڵەی لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران ڕووی دا، تەواوی ناوچەی کوردانی فەیلییان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لەسەر سنوورەکان تەختی زەوی کرد، کورد هەر ئەوە چارەنووسی بووە کەوتووەتە نێوان سێ ئیمپراتۆریەتی ساسانی و عوسمانی و عەرەبی، حوکمڕانەکانیان دڕندە و داگیرکەر بوون و ئازارێکی زۆری میللەتی کوردیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا کورد سازشی لەسەر ناسنامە و کوردبوونی خۆی نەکردووە، شای ئێران ناردی بە شوێن باوکمدا و گوتی ڕەگەزنامەت پێ دەدەین، لە وەڵامدا باوکم پێی گوت: «ناسنامەی کورد بە هەموو دنیا نادەم»، ئەمە لە کاتێکدا باوکم لە عێراقدا سێ فەرمانی لەسێدارەدانی هەبوو، بە هۆی بەشداریکردنی لە شۆڕش و خەباتی مەلا مستەفا بارزانی بە خۆی و ٣٥٠ پێشمەرگەی کوردی فەیلییەوە.

*** باسی ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتییەی کوردانی فەیلیت کرد بۆ مەلا مستەفا بارزانی، دەکرێت باسێکی ئەو خۆشەویستییەمان بۆ بکەیت کە کوردانی فەیلی بەستووەتەوە بەم سەرکردە گەورەیەی کوردەوە؟**

- ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی خۆشەویست و ئومێدی کوردانی فەیلی بوو، ئەو سەرکردە گەورەیەی کورد ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد و کوردستانیان هەبوو، بە یەك چاو سەیری هەمووانی دەکرد

و خۆشەویستی بۆ کوردانی فەیلی و قەزییەی کوردی هەبوو. لە بیرمە باوکم کە سەرۆکی هۆزی قەرەلووسی بوو، چەند جارێك لەگەڵ پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە ناسراوەکانی مەندەلی چوونەتە خزمەتی ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، باوکم خەنجەرێکی زێڕی پێشکەش بە مەلا مستەفا بارزانی کردووە، بارزانی لە چەندین مەجلیسدا گوتوویەتی حەمید شەفی برا و خۆشەویستی منە، لەو سەردەمەدا حەبیب محەمەد کەریم کە کوردێکی فەیلی بوو، جێگیری سەرۆکی کورد بووە، باوکم لە شەڕی زۆزکدا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەسەر سوپای عێراقدا تۆمار کردووە، ئێمە بە چاوێکی بەرزەوە دەڕوانینە بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی، کە هەمیشە درێژکراوەی ڕۆحی کوردایەتی و خەبات و قوربانیدان بوون، بنەماڵەکانی کوردانی فەیلی مەسعود بارزانی بە درێژەپێدەری ڕێبازی کوردایەتی دەناسن، عەقیدە و ڕێباز و مێژوویەکی دەوڵەمەند و شەرەفمەندی هەیە، لە ناو کوردانی فەیلیدا خەڵکی کاسب و هەژار و بازرگان و دەوڵەمەند هەبوون، هەمووان بەپێی توانا کۆمەك و هاوکاریی بارزانییان دەکرد، لە هەموو ماڵەکانی ئێمەدا (بنەماڵەی شەفی) ئەگەر وێنەی بارزانی وەکو بڕوانامەیەك هەڵنەواسرابێت، بە شتێکی نامۆی دادەنێین، ئێمە حزبایەتی بە بابەتێکی ئاسایی و سرووشتی و لاوەکی دەبینین بەرانبەر خۆشەویستیمان بۆ بارزانی و عەقیدەی بارزان.

*** پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە زیندوویەتی بمێنێتەوە و، جارێکی دیکە کەس جورئەتی ئەوە نەکات، ئەم تاوانە قێزەوەنە دووبارە بکاتەوە؟**

- وێڕای گلەیی و نیگەرانیمان لە سەرکردایەتیی کورد بۆ ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی دیالە پەیڕەوی دەکات، کە کەسانی وا پۆست و دەسەڵاتیان دراوەتێ، لای کوردانی فەیلی خۆشەویست نین، ئێمە ئومێدمان بە سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان زۆرە بەوەی پاڵپشتیی تەواوی کەیسی کوردانی فەیلی بکەن و کێشە و گرفتەکانمان بۆ چارەسەر بکەن. بەغدا بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، نابێت خۆمان لە هەرێمێکدا قەتیس بکەین کە لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە، لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا هەمووان شەڕیان لەسەر بەغدا کردووە، کەچی ئێمە ئەو هەموو کوردەمان هەیە و نازانین کۆیان بکەینەوە و ڕێکیان بخەین، لە کاتێکدا ئەو هەموو کوردە فەیلییە لە بەغدا هەیە و هەرگیز شەرم لە کوردبوونی خۆیان ناکەن. من شانازی بە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی دەکەم، کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی بەڕێوە چوو، خۆم بەشداریی ئەو کۆنفرانسەم کرد، کە تێیدا ئازار و ئەشکەنجەکانی کوردانی فەیلی خرانە ڕوو، ئومێدەوارم لە قۆناغی داهاتوودا سەرۆك بارزانی زیاتر ڕوو لە بەغدا بکات و ئیعتیماد لەسەر ئەو کوردە فەیلییانە بکات کە ماڵ و خانەوادە و هۆزەکانیان لە بەغدایە، نەك کەسانێك لە شارەکانی دیکەوە بێن و شارەزاییان لە واقیعی بەغدا و سیاسەتدا نەبێت، پێم سەیرە لە بەغدا ئەو هەموو گەندەڵی و کەمتەرخەمییە هەیە، کەچی لێپرسینەوە نییە، با بەرپرسێکی کەمتەرخەم، دڵی لە حزبەکە بڕەنجێت، نەك پێکهاتەیەکی زیاتر لە دوو ملیۆنیی کوردانی فەیلی کە بارزانی ڕابەرایەتییان دەکات، لە بەغدا پشتگوێ بخرێن، با پرسیار لەو بەرپرسانە بکەن، بزانن چەند کەس لە دەوریان کۆبوونەتەوە، لە بەغدا عەشیرەت ڕۆڵی هەیە، دەبێت تۆش ڕوو بکەیتەوە ئەو هۆز و عەشیرەتانەی پێگە و مەکانەتیان لەناو جەرگەی بەغدا هەیە، چونکە هۆز و عەشیرەت ئاسۆیەکی فراوانی هەیە و پشتگوێخستنی هەروا ئاسان نییە، ئێمە لە بەغداین و هۆزەکانمان لێرەیە و بازرگانی و کاروکاسبیمان لێرەیە، ئیتر نازانم بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان سوود لەم سامانە مرۆییە نابینێت؟ لە کاتێکدا کوردانی فەیلی ئەو پردەن لە نێوان کورد و میللەتی عێراقدا کە نابێت هەروا بە ئیهمالی پشتگوێ بخرێن.

**بە هۆکاری ئەو جەنگە هەشت ساڵەی لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران ڕووی دا، تەواوی ناوچەی کوردانی فەیلییان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لەسەر سنوورەکان تەختی زەوی کرد**

**باوکم کە سەرۆکی هۆزی قەرەلووسی بوو، چەند جارێک لەگەڵ پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە ناسراوەکانی مەندەلی چوونەتە خزمەتی ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، باوکم خەنجەرێکی زێڕی پێشکەش بە مەلا مستەفا بارزانی کردووە**

**ئێمە ئومێدمان بە سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان زۆرە بەوەی پاڵپشتیی تەواوی کەیسی کوردانی فەیلی بکەن و کێشە و گرفتەکانمان بۆ چارەسەر بکەن**

**من شانازی بە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی دەکەم، کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە سەرپەرشتیی سەرۆک مەسعود بارزانی بەڕێوە چوو**

دیمانەی تایبەت



### دکتۆر نادر هاشمی لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# شەڕی غەززە وەرچەرخانە بۆ ناوچەکە و جیهانیش

دکتۆر نادر هاشمی، بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سکووڵی جۆزێف کۆربێڵ لە زانکۆی دەنڤەر، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆری سیاسی، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و سیاسەت، سیاسەتی بەراوردکاری، پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئیسلام و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ شرۆڤە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە غەززە و پرسی ئەوەی تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سیاسەت و شێوازی مامەڵەی خۆیدا بچێتەوە لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** ئاشکرایە کە شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کەرتی غەززە، پەرەسەندن و پێشهاتێکی گەورە و مەترسیدار بوو لە ناوچەکەدا، ئێستاش ئەو شەڕە بەردەوامە و دەرئەنجامەکەی تەنیا لە غەززەدا قەتیس نەبووە، ئێوە چۆن لە بەردەوامبوون و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە چ کاریگەرییەکی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین، شەڕی غەززە مایەی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان دەبێت، هەم بۆ ئیسرائیلییەکان و هەم بۆ فەلەستینییەکان، هەروەها بۆ تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە هەمان شێوە بۆ جیهانیش. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، ئەمە پەرەسەندنێکی زۆر گرنگە، ڕاستە لە مەودای کورتدا فەلەستینییەکان باجی شەڕی غەززە دەدەن، بەڵام لە مەودای دووردا ئیسرائیلییەکان ئەم باجە دەدەن. لە هەمان کاتدا ئەم شەڕە زیانی بە ناوبانگی ڕۆژئاواش گەیاند، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بەرگریکار و داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤە، واتە بە لەبەرچاوگرتنی هاوکاری و پشتیوانیی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل، دۆخێك دروست بووە کە زحمەت بێت، بتوانین ڕۆژئاوا بە جددی وەربگرین، کاتێك باسی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی و سیستمی جیهانی دەکات.

*** ڕاستە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا باس و بانگەشەی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی دەکەن، بەڵام ئەوەش نکۆڵی لێ نەکراوە، کە ئەم وڵاتانەش بەرژەوەندییان هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە بڕیارە و سیاسەت و هەڵوێستەکانیشیاندا ئەم بەرژەوەندییانە لەبەرچاو دەگرن، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەمیشە ڕۆژئاوا مامەڵەیەکی ئیزدواجییانە دەکات، کاتێك پرسەکە پەیوەست بێت بە بەها و بەرژەوەندییەکانییەوە، واتە کاتێك باس دێتەسەر بەهاکان، ئەوا ئاماژە بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی و یەکسانی و دیموکراسی دەکات، بەڵام کاتێك سیاسەتەکانی دادەڕێژێت لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەم سیاسەتانە پیادە دەکات، ئەوا بە چەشنێکی بەرتەسك و سنووردار ئەم بەهایانە لەبەرچاو دەگرێت. مەبەستم ئەوەیە کاتێك پێکدادانێك لەنێوان بەها و بەرژەوەندییەکاندا دروست دەبێت، ئەوا هەمیشە بەرژەوەندییەکان بایەخیان پێ دەدرێت، بۆ نموونە کاتێك بەها و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی (ئیسرائیل، سعودیە، میسر و هتد)، دژ بە یەك دەوەستنەوە، ئەوا ئەولەوییەت بە بەرژەوەندییەکان دەدرێت لەسەر حیسابی بەهاکان، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ناوبانگی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئاستێکی بەرزدا نییە. بۆ نموونە کاتێك باس لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکرێت، ئەوا ئەمریکا باس لە بەها و پرەنسیپە باڵاکان دەکات، بەڵام لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا بەها و پرەنسیپەکان فەرامۆش دەکرێن و ئەمریکا هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی دەدات. کەواتە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسە ژیرەکان بانگەشەکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە بە جددی وەرنەگرن.

*** ڕوونە کە بەردەوامبوونی شەڕەکە سەری نەکێشاوە بۆ ڕوودانی خراپترین سیناریۆ، کە هەڵگیرسانی جەنگێکی بەربڵاوە لە ناوچەکەدا، بە جۆرێك کە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەونە دۆخی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەگەر پێشهاتەکانی ئەم دواییە لەبەرچاو بگرین، ئایا دەکرێت بڵێین، ڕووداوەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەترسیداردا دەڕوات و دەکرێت هەڵکشان و هەڵگیرسانی جەنگێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی ئەو پەرەسەندنەوە لە مەسەلەکە بڕوانین کە حوسییەکان هێرش دەکەنە سەرە کەشتییەکان دوای ئەوەی هەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەم بەریتانیا گورز و هێرشی ئاسمانییان ئەنجام داوە لە دژی حوسییەکان لە یەمەن، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە حاڵی حازر ئەم شەڕە (شەڕی غەززە) بەرفراوان بووە و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە یەمەن، هەروەها بارودۆخەکە لەسەر سنوورەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچن، لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقیش هێرش دەکرێتەسەر هێزەکانی ئەمریکا. کەواتە ئەگەرچی لە ئێستادا جەنگێکی بەربڵاو تەواوی ناوچەکەی نەگرتووەتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامبوونی هاوکاری و پاڵپشتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل و ئامادەنەبوونیان بۆ گوشار دروستکردن لەسەر

**لە مەودای کورتدا فەلەستینییەکان باجی شەڕی غەززە دەدەن، بەڵام لە مەودای دووردا ئیسرائیلییەکان ئەم باجە دەدەن**

**کاتێک پێکدادانێکی لەنێوان بەها و بەرژەوەندییەکاندا دروست دەبێت، ئەوا هەمیشە بەرژەوەندییەکان بایەخیان پێ دەدرێت**

**کاتێک بەها و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی (ئیسرائیل، سعودیە، میسر و هتد)، دژ بە یەک دەوەستنەوە، ئەوا ئەولەوییەت بە بەرژەوەندییەکان دەدرێت لەسەر حیسابی بەهاکان**

ئیسرائیل بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست، ئەوا هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە شەڕێکی بەرفراوانی لەم چەشنە بێتەئاراوە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش کە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەمریکادا بێتەئاراوە، ئەوا من پێم وایە، لە ئێستادا هیچ یەکێك لەم دوو وڵاتە خواستێکی وایان نییە کە بچنە ململانێ و ناکۆکییەکی سەربازییەوە لەگەڵ یەکتردا، بەڵکو هەردوولایان لە ڕێی وەکیل و هاوپەیمانەکانیانەوە ئەم شەڕ و ناکۆکییە لە دژی یەکتری دەکەن. ئەمریکا لە ڕێی ئیسرائیل و ئێرانیش لە ڕێی ئەو میلیشیایانەی هاوکارییان دەکات لە عێراق و سووریا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هەندێ کەس هەن لە نێو ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە باس لەوە دەکەن، پێویستە ئەمریکا شەڕ لە دژی ئێران ڕابگەیەنێت، بەڵام پێم وانییە ئەمە خواستی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بێت، بەتایبەتی کە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە نزیك دەبێتەوە.

*** ئێمە دەزانین کە پێش ڕوودانی شەڕی غەززە باس لە ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە دەکرا، بە جۆرێك هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وابوو، تەوقیتی هێرشەکانی حەماس پەیوەست بوو بە لەباربردنی ئەم ئەگەرە، تێڕوانینتان لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ لێدوانەکانی بزووتنەوەی حەماس لەبارەی هۆکاری هێرشەکەیانەوە، ئەوا ئەم لێدوانانە هیچ ئاماژەیەك بە پرس، یان ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل ناکەن، بەڵکو تەنیا ئاماژەدان بوو بە ئێش و ئازاری فەلەستینییەکان و بەوەی لە شوێنە پیرۆزەکانی قودس و ئەوەی لە کەناری ڕۆژئاوا ڕووی دەدا. تەنانەت کاتێك لەم بارەیەوە پرسیار لە سەرۆکی ئەمریکا (جۆ بایدن) کرا، لە وەڵامدا ڕایگەیاند کە بەڵگەیەك بۆ ئەمە بەدی ناکەن، کە هێرشەکانی حەماس پەیوەندییان بە پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێرانەوە هەبووبێت، کە من خۆم هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا.

*** زۆر باشە، ئەگەر پرسیارێکی پەیوەندیدار بکەین و باس لە ئایندەی ڕێککەوتنی ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی بکەین، ئایا پێتان وایە ئەم شەڕەی غەززە هۆکارێك دەبێت بۆ ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییانە؟**

- جارێك من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خاڵی هەر گرنگ لەم ڕووەوە ئەوەیە کە هیچ ئاساییکردنەوەیەکی دیکەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ڕوو نادات، تاوەکو کێشەی فەلەستین چارەسەر نەکرێت، ئەویش لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، کە بریتییە لەوەی هیچ وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێت میسداقیەتی خۆی لای گەلەکەی خۆی بپارێزێت، ئەگەر هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەویش لەم بارودۆخەی ئێستادا. کارێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ناو ئەم وڵاتانەدا. کەواتە پێم وایە ئەوەی پێی دەڵێن «ڕێککەوتنی ئەبراهام» کۆتایی هاتووە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشار دروست بکات بۆ ئەوەی ئیسرائیل ڕازی بێت بە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی، کە پێم وانییە ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو بدات. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە، کە لە پەیوەندی بە ئایندەی نزیکەوە، ڕێککەوتنی ئەبراهام و پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان کۆتایی هاتووە.

*** ئایا پێت وایە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی هاتووەتەئاراوە و شەڕ لەم ناوچەیەدا هەیە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەت و شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك باوەڕم بەوە نییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کارێکی لەم چەشنە بکات، چونکە نوخبەی حوکمڕانی نێو ئەمریکا بە تەواوەتی لە واقیع دابڕاون، ئەوان سیاسەتەکانی وڵاتەکەیان لەسەر بنەمای ئەو گرووپانەی ناوخۆ دادەڕێژن کە لۆبی دەکەن، هەروەها لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیانە، چونکە ئەوەتا هێشتا لە نێو کۆشکی سپیدا ئەو باوەڕە هەیە کە دەکرێت پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل زیندوو بکرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت، واتە ئەوان هێندە دابڕاون لە واقیع کە باوەڕێکی لەم چەشنەیان هەیە.

**شەڕی غەززە بەرفراوان بووە و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە یەمەن، هەروەها بارودۆخەکە لەسەر سنوورەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچن**

**هیچ ئاساییکردنەوەیەکی دیکەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ڕوو نادات، تاوەکو کێشەی فەلەستین چارەسەر نەکرێت**

**نوخبەی حوکمڕانی نێو ئەمریکا بە تەواوەتی لە واقیع دابڕاون، ئەوان سیاسەتەکانی وڵاتەکەیان لەسەر بنەمای ئەو گرووپانەی ناوخۆ دادەڕێژن کە لۆبی دەکەن**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ئەبوبەکر باهـ بۆ گوڵان:

# هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە

ئەبوبەکر باە، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك دیموکراسی، بنیادنانی نەتەوە، بنیادنان و دروستکردنی ئاشتی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی هۆکار و دەرئەنجامەکانی شەڕی غەززە لە نێوان ئیسرائیل و حەماس، و ئەو پەرەسەندنانەی لە ئێستادا لە دەریای سوور بە هۆی هێرشەکانی بەردەوامی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییەکان هاتوونەتە ئاراوە، و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** هەروەك ڕوونە، ئێستا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێکی دژوار و نالەباردا تێدەپەڕێت، شەڕی غەززە و لێکەوتەکانی نیگەرانییەکی زۆریان دروست کردووە، کە بارودۆخەکە زیاتر بەرەو هەڵکشان بچێت و گەلانی ناوچەکە ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەختتر ببنەوە، ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن؟**

- دەمەوێت لەوەوە دەست پێبکەم کە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس، هەروەها ناکۆکییە بەربڵاوەکەی نێون ئیسرائیل و فەلەستینییەکان زۆر ڕوون و ئاشکران، ئەوەتا خۆمان لێکەوتەکانیان دەبینین، ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکارەکانی ئەم شەڕ و ناکۆکییانەوە، ئەوا ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، کەواتە ئەگەر وەڵامێکی کورتی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم شەڕ و ناکۆکییانە بوونەتە هۆی هێنانەئارای کارەسات و تراژیدیایەکی مرۆیی و نادادییەکی ئەوتۆ کە زیاتر ئاگری توندوتیژی و شەڕەکە خۆش دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە ڕاگرتنی ئەم شەڕە و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی کە هەردوولا بە ڕاستگۆییەوە جێبەجێی بکەن، لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی فەلەستین و ئیسرائیلدا دەبێت، چونکە ئەوەتا ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە دەرئەنجامی ئەم شەڕە وۆر کارەساتبارە. ئێوە بڕواننە ئەو کاولکارییە گەورەیە و ئەو بارودۆخە پڕ لە ئێش و ئازارە مرۆییەی لە کەرتی غەززە خوڵقاوە و هاتووەتە ئاراوە، کەواتە مایەی شەرمەزارییە بۆ جیهان کە ڕێگە دەدات ئەم کارەساتە ڕوو بدات و بەردەوام بێت، بەتایبەتی بۆ هێزە مەزنە جیهانییەکان مایەی شەرمەزارییە کە پشتیوانی لە دادپەروەری دەکەن لە شوێن و وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵام لە شوێن و ناوچەیەکی دیکە پاڵپشتی لە ستەم و نادادی دەکەن.

**راگرتنی ئەم شەڕە و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی کە هەردوولا بە ڕاستگۆییەوە جێبەجێی بکەن، لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی فەلەستین و ئیسرائیلدا دەبێت**

**بۆ هێزە مەزنە جیهانییەکان مایەی شەرمەزارییە کە پشتیوانی لە دادپەروەری دەکەن لە شوێن و وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵام لە شوێن و ناوچەیەکی دیکە پاڵپشتی لە ستەم و نادادی دەکەن**

*** کەواتە پێت وایە لە ئێستادا بارودۆخەکە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەتایبەتی کە ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هێزە مەزنە جیهانییەکان مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دۆخەکەدا ناکەن، ئایا پێشبینیی بەردەوامبوون و درێژەکێشانی ئەم هەلومەرجە پڕ لە کارەساتە دەکەن؟**

- ئەو هەلومەرجەی هاتووە تەئاراوە دۆخێکی خوڵقاندووە کە لە ئیسرائیلدا شەڕەکە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی زیاتر ترس و نیگەرانییان هەبێت، دۆخێکی زۆر نالەبارە کە خەڵکی ژیانێکی پڕ لە گوشار و نادڵنیایی ببەنەسەر و نەزانن ڕۆژی دواتر چییان بەسەر دێت، کەواتە لە ئێستادا نادڵنیاییەکی زۆر لەو شوێنەشدا دروست بووە کە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت شوێنێکی ئارام و پڕ لە دڵنیایی بێت. من نامەوێت لێرەدا ئێش و ئازاری ئیسرائیلی و فەلەستییەکان بخەمە یەك خانەوە، کە ئاشکرایە دەرئەنجامی شەڕەکە کاریگەریی جیاوازی هەبووە لە سەریان، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە جەختی لەسەر بکەمەوە، بێهودەیی شەڕە و باری لەرزۆکی ئارامی و ئاسایش و هەستی هاوبەشی مرۆییە لە نێو تێکڕای ئەو ئێش و ئازار و نەهامەتییانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم شەڕە هۆکار و ڕەگ و ڕیشەی مرۆیی هەیە، ئایا دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکاری ئەم شەڕەوە، ئەوا پێم وایە باشترین وەسف ئەوەیە کە بڵێین ئەمە میراتی ئیستیعماری هاوچەرخە، بێ ئەوەی تەواوی لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، ئەوا ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە فەلەستینییەکان نیشتەجێی

ئەو خاکە بوون، پێش ئەوەی گەلی جوولەکە بێن و دووبارە تێیدا نیشتەجێ بن، لە دوای ئەوەی ڕووبەڕووی هۆلۆکۆست بوونەوە لە ئەورووپا. لەو کاتەوە، پرسەکە پەیوەست بووە بە شەڕی بەدەستهێنان و دەستبەسەرداگرتنی خاك، کە هێزە ئیستیعمارییە کۆن و هاوچەرخەکان (لە ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەدا) ڕێگەیان بەمە دا، ئەوەش ئاشکرایە خاك مەسەلەیەکە بانگەشەی خاوەندارێتی دەکرێت لەلایەن خەڵکەوە، بەڵام پێویستە خاك هاوبەشیی پێ بکرێت، چونکە خاك جێگیرە، بەڵام خەڵکی دێن و دەڕۆن و کەس لەگەڵ ڕۆیشتنیدا خاك لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێت. کەواتە لە ڕووی مێژوویییەوە خاوەندارێتی من بۆ خاك کاتی و تێپەڕە. کەواتە ئەگەر ڕوونتر گوزارشتی لێ بکەین، ئەوا ئەو شەڕەی ئێستادا لە نێوان ئیسرائیل و حەماس هەڵگیرساوە، بەشێکی دانەبڕاوە لە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان لەسەر کۆنتڕۆڵکردنی ئەو خاکەی کە لە ئێستادا بە خاکی ئیسرائیل و فەلەستینی ناوی دەبەین، هەرچۆنێك بێت، ئەم شەڕە ستەم و نادادی و دەستدرێژکاری ڕووبەڕووی خەڵکی ئاسایی کردووەتەوە، کە تەنیا دەیانەوێت ژیانێکی ئاسایی ببەنەسەر.

*** سەرەڕای بەردەوامبوونی شەڕی غەززە، هێشتا بارودۆخەکە بە چەشنێك هەڵنەکشاوە کە جەنگێکی ناوچەیی گەورە و بەربڵاوی لێ بکەوێتەوە، بە جۆرێك کە زۆربەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، بەڵام دەبینین بارگرژییەکان زیاد دەبن و هێرشەکانیش زیاتر هەڵدەکشێن، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن، جەنگێکی گەورە و بەرفراوان لەم ناوچەیەدا بەرپا ببێت؟**

- جارێ با ئاماژە بەوە بکەین کە کەس خوازیاری ئەوە نییە کە خراپترین سیناریۆ ڕوو بدات و بێتەئاراوە، چونکە لە ئێستادا کوشتار و کاولکاری و نەهامەتییەکی زۆر لە ئارادایە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت وێنای ڕوونەدانی خراپتریش نەکەین، کە ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە هەڵگیرسانی شەڕ بێت لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەمە شەڕێکی تەقلیدی نابێت، بە چەشنی شەڕی نێوان ئەمریکا و عێراق، چونکە ماوەی چەندین ساڵە، شەڕێکی فرەڕەهەند لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدات. کەواتە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا من پێم وایە تا ناکۆکیی پەیوەست بە خاکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی بەربڵاو وەك ئەگەرێکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە و ئەوەی تا ئێستا ئەم شەڕە ڕووی نەداوە، خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی باشە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین، ڕێچکەی ژیرانە ئەوەیە کە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بەر بە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بەرفراوانە بگرین، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە کاتێك دەوڵەتان پەرە بە توانا سەربازییەکانیان دەدەن، ئەوا زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە شەڕێکی ڕاستەوخۆ بەرپا بکەن، کە ئێستا ئێمە دەزانین توانا سەربازییەکانی ئێران بە ڕادەیەکی گەورە زیاد بووە. لە کاتێکیشدا کە ئێمە هەنگاو بەرەو جیهانێکی فرەجەمسەر هەڵدەگرین، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە هێزەکانی دیکە ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بە دەرفەتێك بۆ مومارەسەکردنی هێز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان بزانن.

*** پەرەسەندێکی دیکەی پەیوەست بەم شەڕە هێرشی حوسییەکانی یەمەنە بۆ سەر کەشتییە بارهەڵگرەکان، کە ئاشکرایە لێکەوتە و دەرهاویشتەی جیهانیی هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاوکاریی چەند وڵاتێکی دیکە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەدات، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- چالاکییەکانی حوسییەکان لە دەریای سووردا دەچێتە چوارچێوەی شەڕی نابەرانبەرەوە لە نێوان هێزە ڕۆژئاواییەکان و کاراکتەرە دەوڵەتییە ناوچەییەکان و کاراکتەرە نادەوڵەتییە توندوتیژەکان، جێی داخیشە کە شەڕی تیرۆریزم بووەتە بەشێك لە جەنگ و جیۆپۆلەتیك، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە چۆن ئەوەی لە دەریای سووردا ڕوو دەدات، بووەتە مایەی شڵەژاندنی بازرگانی، کە ئەمەش بە پێی ئەو پێناسانەی بۆ جەنگە نوێیەکان دەکرێن، بە جەنگ وەسف دەکرێت. هەروەها دەبینین کە شەڕەکان تەنیا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەرپا ناکرێن، بەڵکو لەلایەن وەکیلەکانیشیانەوە هەڵدەگیرسێن، وەك ئەوەی لەلایەن حوسییەکانی یەمەنەوە بەدی دەکەین، هەروەها جێی داخ و نیگەرانییە کە بەکارهێنانی وەکیل و شەڕی بەوەکالەت کارێکی بەربڵاوە لە ناوچەکەدا. ئەو دەرئەنجامەی کە دەتوانین لەم ڕووەوە بەدەستی بهێنین، ئەوەیە کە شەڕە نوێیەکان و شەڕی تیرۆریزم شەڕێکن کە ڕەنگە نەتوانیت تێیدا براوە بیت.

**ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە فەلەستینییەکان نیشتەجێی ئەو خاکە بوون، پێش ئەوەی گەلی جوولەکە بێن و دووبارە تێیدا نیشتەجێ بن**

**تا ناکۆکیی پەیوەست بە خاکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی بەربڵاو وەك ئەگەرێکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە**

**کاتێک دەوڵەتان پەرە بە توانا سەربازییەکانیان دەدەن، ئەوا زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە شەڕێکی ڕاستەوخۆ بەرپا بکەن، کە ئێستا ئێمە دەزانین توانا سەربازییەکانی ئێران بە ڕادەیەکی گەورە زیاد بووە**

**ئەوەی لە دەریای سووردا ڕوو دەدات، بووەتە مایەی شڵەژاندنی بازرگانی، کە ئەمەش بە پێی ئەو پێناسانەی بۆ جەنگە نوێیەکان دەکرێن، بە جەنگ وەسف دەکرێت**



**موسا خەمۆ حوسێن**
**ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# پەکەکە ئامادەیە بۆ هەموو وڵاتێک شەڕ و کێشە لە دژی هەرێمی کوردستان بنێتەوە

# پەکەکە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا و درۆنەکانیان بۆ ناو هەرێمی کوردستان

پەکەکە لەو کاتەوە دامەزراوە، باوەڕی بە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە و نییە، بە هۆی داگیرکردنی قەندیل و چەندین شوێنی سنووری هەرێمی کوردستان دەستی سوپای تورکیای ڕاکێشاوەتە ناو هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موسا خەمۆ حوسێن ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا. لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** ئایا هۆکار چی بوو کە پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی کە کوردستانی باکوورە، بەجێی هێشتووە و پەلاماری چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستانی دا، بەتایبەت چیای قەندیل و چەند شوێنێکی سنووری داگیر کرد؟**

- زۆر کەس هەقیقەت و مەبەستەکەی چەکدارانی پەکەکە و چیرۆکی بەجێهێشتنی باکووری کوردستان و هاتنی پەکەکە بۆ باشووری هەرێمی کوردستان نازانن، یان بە ڕاستگۆیی نایخەنەڕوو. من کە ماوەیەکی زۆر لەناو پەکەکە بووم ئاگاداری چەندین وردەکاریم ئەم ڕاستییانە ئاماژە پێ دەکەم:

یەکەم: بۆ خەڵکی باکووری کوردستان دەرکەوت، پەکەکە لایەنێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی نین، بەڵکو باوەڕیان زیاتر بە بیر و بەرنامەی یەکپارچەیی تورکیا و سۆشیالیستیی هەیە، ئەمەش خەیاڵێکە لە دنیادا بە واقیعی بوونی نییە. ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە هۆکاری ئەوە بوو، پەکەکە جەماوەری خۆی لەدەست بدات، بەتایبەتی ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە باکووری کوردستان و تەواوی دنیا باوەڕ و متمانەیان پێیان نەمێنێت، بەمەش پەکەکە نەیتوانی بەسەر کار و جووڵەکانیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان سەرکەوتوو بن.

دووەم: چەکدارانی پەکەکە دەستیان بە هەڵخەڵەتاندنی کوڕ و کچانی خوار تەمەنی هەژدەساڵی کرد و لەپاشان چەکداریان دەکردن و ڕێگاشیان نەدەدا باوک و دایک و خێزانەکانیان بیانبینن.

سێیەم: پەکەکە لە باکووری کوردستان بۆ حەوانەوە و دابینکردنی خواردن و ئازووقەی مانگانە، زیاتر بوونە بارگرانی و زەحمەتێکی زۆر و قێزەوەن بە سەر خەڵکەوە.

چوارەم: چەکدارانی پەکەکە بەبێ ئاگادارکردنەوەی گوند و دەڤەرەکانی باکووری کوردستانی پیلان و جووڵەی سەربازییان ئەنجام دەدا، کە دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی سڤیل لە ڕووی گیانی و دارایی زیانی زۆر بکەن،

**بۆ خەڵکی باکووری کوردستان دەرکەوت، پەکەکە لایەنێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی نین**

**چەکدارانی پەکەکە دەستیان بە هەڵخەڵەتاندنی کوڕ و کچانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵی کرد و لەپاشان چەکداریان دەکردن**

بەتایبەت دوای شەڕەکان کە سوپای تورکیا هەڵیدەکوتایە سەریان و خەڵکەکەیان دەستگیر و ئازار دەدا.

پێنجەم: وڵاتان و بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی دەستیان لە پشتی پەکەکە دا، کە بێنە باشووری کوردستان لەو ڕێگایەوە سوپای تورکیا ڕابکێشنە ناو سنووری هەرێمی کوردستان، وەکو ئەوەی چەندین ساڵە ڕووی داوە و لەو ڕێگایەشەوە کێشە و گرفت و ناسەقامگیری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

شەشەم: پەکەکە لە دامەزراندنییەوە بیری لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەکردووەتەوە، هەرێمی کوردستانیش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم هەرێمە یاسایی و دەستووریی و فیدراڵییە کە زۆربەی وڵاتانی دنیا و ڕۆژئاواییەکان مامەڵە و پەیوەندییان لەگەڵیان هەیە، زیانی گەورەی بەرکەوێت، پەکەکە مەبەست و مەرامیەتی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەگەر لەناویش نەچێت، لە کاروبار و پێشکەوتن و دیپلۆماسیەت کێشەی بۆ بنێتەوە.

**پەکەکە مەبەست و مەرامیەتی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەگەر لەناویش نەچێت، لە کاروبار و پێشکەوتن و دیپلۆماسیەت کێشەی بۆ بنێتەوە**

حەوتەم: پەکەکە لەو ڕۆژەوە دامەزراوە بیر و کاریان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و ماڵباتی بارزانی و عەقیدە و ڕێبازی بارزانی بووە، دڵنیاشن ئەو قەوارەی هەرێمی کوردستانە بەرهەمی شۆڕشگێڕی و بەخشینی خوێنی شەهیدانی پارتییە، بۆیە پەلاماری کوردستانیان داوە، کە لەو ڕێگایەشەوە ڕۆژانە گرفت و گێرەشێوێنی و ناسەقامگیری دێتە ڕێگای حکومەتی کوردستان، هەر لەسایەی ئەو چەکدارانەی پەکەکەیە، ناوچەیەکی زۆری سنووریی زیانی بەرکەوتووە و زیاتر لە (٦٠٠) گوند چۆڵ کراون و ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەمەش زیانی کۆمەڵایەتی و دارایی بە خەڵکی ئەو گوند و ناوچانە گەیاندووە، کە زۆر جار بە هۆی شەڕ و و تۆپباران و مووشەکبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا، چەندین کەسی سڤیلی باشووری کوردستان شەهید و بریندار کراون.

**لەسایەی چەکدارانەی پەکەکەیە، ناوچەیەکی زۆری سنووریی زیانی بەرکەوتووە و زیاتر لە (٦٠٠) گوند چۆڵ کراون و ئاوەدان نەکراونەتەوە**

هەشتەم: هۆکارێکی زۆر گرنگ و دیاریش ئەوەیە کە چەکدارانی پەکەکە لە هاتنیان بۆ باشوور، بوونەتە هۆکاری کێشە و گرفت بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زۆرجار بۆیان بگونجێت و هەڵکەوێت، پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەدەن و بوونەتە سەرئێشەیەکی زۆر بۆیان.

*** چەکدارانی پەکەکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بە شێوەی گرووپ گرووپی چەکداری لە بەشێکی باشووری کوردستان دەبیندرێن، ئەو کار و جووڵانەوانەیان بۆ جێبەجێکردنی ئەجیندە و مەرامی چ وڵاتێکە؟**

- هاتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ قەندیل و سنووری نێوان باشوور و باکووری کوردستان، وای کردووە، دەستی سوپای تورکیایان بە درێژاییەکی زۆر ڕاکێشاوە بۆ نانەوەی ناسەقامگیری لە باشووری کوردستان، هاوکات ئەو جووڵەی گرووپە چەکدارانەی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە دەڤەری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و گەرمیان و پارێزگای سلێمانی و چەند ناوچەیەکی سەر بە پارێزگای کەرکوک، وەك قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی تەکیە و چەندین شوێنی دیکە هەیانە، وای کردووە سوپای تورکیا بە درۆن پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات، ئەوەتا دەبینین و چەندین ڕووداوی دڵتەزێنیش ڕوویان داوە، بەو هۆکارەوە درۆنی تورکیا چەندین شوێنی باشووری کوردستان لەو ناوچانەی ئاماژەمان پێ دا، بۆردومان کردووە، ئەمەش هەر نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان کە دەستی وڵاتانی هەرێمایەتی بەتایبەتی ئێران و سووریا و حەشدی شەعبیی عێراقی لە پشتیانەوەیە.

*** بۆچی پەکەکە نەیهێشت پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆ لەنێوان خۆیان و تورکیا کە جەنابی سەرۆك بارزانی دەستپێشخەری بۆ کردبوو، سەربکەوێت؟**

- پەکەکە لە هەموو کارێکدا دەیەوێت تەنیا خۆی سەرکردە و پێشڕەو بێت و، هیچ لایەن و حزبێکی دیکە قبووڵ ناکات، لە بەرنامە و پرۆگرامیشیدا ئاشتی و گفتوگۆ جێگای نابێتەوە، لەلایەکی دیکەوە سەرکردەکانی پەکەکە بە هاتنەدیی ئاشتیی، پلان و بەرژەوەندییەکانیان لەگۆڕ دەنرێت، بۆیە پیلانی بۆ دەگێڕن. پەکەکە کە دیتی جەنابی سەرۆك بارزانی وەك

**پەکەکە لە هەموو کارێکدا دەیەوێت تەنیا خۆی سەرکردە و پێشڕەو بێت و، هیچ لایەن و حزبێکی دیکە قبووڵ ناکات**



مەرجەعی گەلی کوردستان بەو کارە هەستاوە و دەیەوێت چیتر ڕۆڵەی کورد نەکوژرێت و بە گفتوگۆ و دیالۆگ چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا بکات، ئەوە بە جارێک چەکدارانی پەکەکە بەتایبەتی سەرکردەکانیان، چاویان چووە پشتی سەریان و هەوڵی ئەوەیان دا، پرۆسەکە لەبار ببەن، بۆ ئەمەش شەڕی خۆلەناوبردنی میللەتی کوردی باکووریان دروست کرد، کە شەڕی دۆڕاوی خەندەق بوو، کە تێیدا بە سەدان کەس لە خەڵکی سڤیلی باکووری کوردستان شەهید و بریندار و دەربەدەر بوون.

*** چەکدارانی پەکەکە چۆن لایەنی دارایی و لۆجستیکی خۆیان دابین دەکەن و ئەو بازرگانی و کارانەی ئەنجامی دەدەن، چییە؟**

- چەکدارانی پەکەکە هەموو کاتێك ئامادەن هەر وڵات و گرووپ و کەسێك، تەنانەت داگیرکەرانی کوردستانیش کە بیانەوێت بەکاریان بێنێت، لەپێناو داهات و پارەدا ڕەتی ناکەنەوە، لەم ڕێگایەشەوە ئەوە ئێران و حەشدی شەعبی و ڕژێمی سووریاش چەکدارانی پەکەکە بەکار دەهێنن و پارە و مووچە و پێداویستیی لۆجستیکییان پێ دەدەن، هەر ئەمەشە وای کردووە لە شنگاڵ ناکشێنەوە، کە زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لە شنگالن و لە حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی ئێران مووچە وەردەگرن، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە جگە لەوەی جۆرەها بازرگانی دەکات، کە زۆربەی ئەو بازرگانیانە شەرعی نین و لە ڕووی بنەماکانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتییەوە قەدەغەن، هەروەها هەر شوێنێك بۆیان گونجا، دەیکەنە بازگە و تێیدا سەرانە لە خەڵك و کاسبکاران و بازرگانان وەردەگرن، بەم ڕێگایانە تا ئێستا توانیویانە بژێویی خۆیان دابین بکەن و جووڵەکانیان بۆ تێکدانی باشووری کوردستان و نانەوەی کێشە بۆ قەوارە و حکومەتی کوردستان بەردەوام بکەن.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە چۆن سەیری کەمپەکانی حەوانەوەی کوردانی پارچەکانی دیکە لە باشووری کوردستان دەکەن؟**

- چەکدارانی پەکەکە بە هۆی نەبوونی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی، بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان بە ماڵ و خێزان و شوێنی حەوانەوە نییە، وابیر دەکەنەوە کە کورد تاوەکو دنیا دنیایە، هەر لەسەر چیاو و لە ناو ئەشکەوت و لەژێر تاشە بەردان دەبێت بژیت و زۆر جیاوازن لە شۆڕشگێڕان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە هەمووان دەبینن، کار و هەوڵی بەردەوامیان بۆ ئاشتی و ڕۆژگاری باشتر و گوزەرانی خۆشی خەڵکی کوردستانە. نموونەیەك لێرە باس دەکەم. لەو کاتەی شەڕی داعش دەستی پێکرد و پەلاماری هەرێمی کوردستانیان دا، چەکدارانی پەکەکە وەك موژدەیەکی خۆش ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا، کە گوایا ئەو هەرێمە نامێنێت، لە پاشان دیتیان و بۆیان ڕوون بووەوە کە سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ شان بە شانی پێشمەرگە جەنگان و لە ئەنجامدا ئەفسانەی داعشی تیرۆریستیان لەناو برد و لەبری هەموو جیهان توانییان شەڕی داعش لەسەر زەوی بکەن، هاتنە شنگال و دواتریش بوونە کێشە بۆ خەڵکی شنگال و ناوچەکە، ئێستاش کار بۆ ئەوە دەکەن کە دەستیان بگاتە کەمپی مەخموور، کە کەمپێکە بۆ ئاوارەکانی باکووری کوردستان و چەندین ساڵە لە سایەی هەرێمی کوردستان بەبێ کێشە تێیدا دەژین و کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی چەکدارانی پەکەکە دەیانەوێت ئەو کەمپە بگرنە دەست و کاولی بکەن و تەسلیمی ڕاستەوخۆی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی بکەن، چونکە شوێنەکە لە ڕووی ستراتیژی، گرنگییەکی تایبەتی لە ناوچەکەدا هەیە.

**چەکدارانی پەکەکە هەموو کاتێک ئامادەن هەر وڵات و گرووپ و کەسێک، تەنانەت داگیرکەرانی کوردستانیش کە بیانەوێت بەکاریان بێنێت، لەپێناو داهات و پارەدا ڕەتی ناکەنەوە**

**زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لە شنگالن و لە حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی ئێران مووچە وەردەگرن**

**ئێران و حەشدی شەعبی و ڕژێمی سووریاش چەکدارانی پەکەکە بەکار دەهێنن و پارە و مووچە و پێداویستیی لۆجستیکییان پێ دەدەن**

# عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە: پرسیار و داواکان لە کۆنگرەی لایەنەکان (کۆپ٢٨)

لەبەر جیاوازی لە بەرژەوەندییەکاندا، جیاوازیی بۆچوونەکانیش هێندە زۆر بوون لە نێوان نوێنەرانی وڵاتاندا، کە رێکخەرانی کۆنگرەی لایەنەکان لە (کۆپ٢٨) ناچار بوون، بە درێژکردنەوەی ماوەی کۆنگرەکە بۆ رۆژێکی دیکە، بەڵام هێشتاش زۆر سەرنج مابوون وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

یەکەم: راستە ئامادەبووان لە کۆتاییدا توانییان بگەن بەم دەقە دارێژراوە کە دەڵێت: «گواستنەوە لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین لە سیستمی وزەدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و رێکخراو، لە رێگەی خێراکردنی کار لەم دەیە یەکلاکەرەوەدا، بۆ بەدەستهێنانی بێلایەنیی کاربۆن لە ساڵی ٢٠٥٠ و، بەو راسپاردەیەی زانست داوای دەکات»، بەڵام هێشتاش پرسیارەکان لەبارەی ئەم خاڵە کە دوای زۆرترین تاوتوێکردن پێی گەیشتن، هەر ماون وەك ئەو پرسیارانەی کە دەڵێن:

* دادپەروەرانە بۆ کێ و کێ رێکخەری ئەو گواستنەوەیە دەبێت؟

* بڕیاری زانست، یان راسپاردەی زانست؟

* ئایا کەرتی گشتی توانای سێ ئەوەندەکردنی وزەی نوێبووەوەی هەیە؟

* ئایا کەرتی تایبەت توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هەیە کە لە نێوان خواست و توانای دەوڵەتاندا هەیە؟

* ئایا دەوڵەتان لەم بارودۆخە پڕ لەم ململانێی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەدا، لە واقیعدا دەستبەرداری خەڵوز و نەوت و غاز دەبن؟


* ئایا دەوڵەتانی پێشکەوتوو وەك دەرمان و چارەسەری هەرزانبەها، سیستمی وزەی نوێبووەوە دەخەنە بەردەست، یان وەك کاڵایەکی ئابووریی گرانبەها دەبێت کە کڕینیان لە توانای هەژاراندا ئاسان نابێت؟

* ئایا دەوڵەتانی پێشکەوتوو رێگە دەدەن بە پێدان و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ هەر وڵاتێك، بۆ ئەوەی بەپێی بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی خۆی لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا جێبەجێی بکات؟

* ئایا رەوایە پاش ئەوەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو بە پارەی پیشەسازیی پشتبەستوو بە خەڵوزی بەردین و نەوت و غاز خۆیان دەوڵەمەند کرد و، سیستمی وزەی خاوێنیان پێ دامەزراند لە ماوەی سەدە و نیوێکدا، بێن بە دەوڵەتانی باشووری گۆی زەوی بڵێن، پێویستە دەستبەرداری ئەو جۆرە وزانە ببن و روو بکەنە سەرچاوەکانی وزەی خاوێن، کە تەکنۆلۆژیاکەشی هەر لای خۆیانە؟

دووەم: تێبینییەك کە لە زۆربەی کۆنگرەکاندا هەیە و، لەم کۆنگرەیەشدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە وڵاتانی (گرووپی بیست) (جی٢٠):

- کۆدەنگییەکی زارەکییان هەیە، بەڵام هەنگاوی کردەییان نییە.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

- هاوڕان لە دروشمدا، بەڵام ناکۆکن لە وردەکاریی کاردا.
- لە چەمکی دادپەروەریی کەشوهەوادا، چەمکی دابەشکردن لە زیانەکاندا فەرامۆش دەکەن.
- زۆربەی کات ئەوەندەی لە دژی سووتەمەنیی بەردینن، ئەوەندە دژی خودی گەرمبوونی گۆی زەوی نین.
- ئەوەندەی داوای (خۆگونجاندن) دەکەن لە وڵاتانی دی، ئەوەندە لە خەمی (کەمکردنەوە)ی هۆکارەکانی گەرمیدا نین.
- ئەوەندەی باس لە ئەنجامەکانی گەرمبوون دەکەن، ئەوەندە باس لە هۆکارە گشتییەکانی گەرمبوون ناکەن.
- زانیاری و توانای چارەسەرکردنیان هەیە، بەڵام ویست و ئیرادەی چارەسەرکردنیان نییە.

سێیەم: هەڵوێستی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

شاندی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە داواکاریی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١- بیرخستنەوەی وڵاتانی خاوەن زۆرترین دەرهاویشتەی گازە گەرمکارەکان بەوەی کە:
أ- ڕاستە بەرپرسیارێتی لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا هاوبەشە، بەڵام دەبێت بە ڕێژەی جیاواز بێت.
ب- عێراق ساڵانێك لە بەری جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشی کردووە و زیانی زیاتری بەرکەوتووە.
ج- عێراق بە ڕێژەی لەسەدا یەك ڕۆڵی لە دەرهاویشتەکاندا هەیە، کەچی پێنجەمین وڵاتی زیانلێکەوتووە لەسەر ئاستی جیهان.
د- عێراق پێویستیی زۆری بە یارمەتیدانی دارایی لە سندوقە تەرخانکراوەکان بۆ کەشوهەوا هەیە.
ه- ڕێککەوتننامەی پاریس باسی لە کەمکردنەوە کردووە لە گشت کەرتەکاندا، نەك تەنیا لە یەك کەرتی دیارکراودا.
و- ناوەڕۆك و ڕۆحی ڕێککەوتننامەی پاریس بریتییە لە:
(کەمکردنەوە - تخفیف)و (خۆگونجاندن - تكیف) و (فرەچەشنکردن - تنویع)
میکانیزمەکانیشی بریتین لە: هۆشیارکردنەوە(توعیە)، پارەدارکردن (تمویل)، ڕاهێنان (تدریب).

٢- عێراق بەردەوام بووە لەسەر دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غاز بە ڕەچاوکردنی:
أ- سوودوەرگرتن لە غازی هاوەڵ بە مەبەستی کەمکردنەوەی غازی میسان.
ب- بەکارهێنانی میکانیزمی گلدانەوەی کاربۆن لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتدا.
ج- بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیدا، کە بۆ ماوەی دە ساڵ ئامادە کراوە.

# خانمان سەرکۆنەی ئەنجامدەرانی هێرشی مووشەکی و شەهیدکردنی هاووڵاتی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بێتاوان دەکەن



لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە هەتا ئێستا، بە دەیان جار هەولێر کەوتووەتە ژێر هێرشی ناڕەوای مووشەك درۆنەکانی ئێران، جارێکی دیکەش شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤، بە پاساوی بێ بنەما و لە ڕێگای ژمارەیەك مووشەکی بالیستی و درۆنەوە، هێرش کرایە سەر هەولێری پایتەخت، کە زیانێکی زۆری گیانی لێ کەوتەوە و بووە هۆی شەهید و برینداربوونی ژمارەیەك هاوولاتی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بێتاوان. خانمانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی خۆیانەوە شرۆڤەی هێرشەکانی سەر هەولێر دەکەن.


گوڵان: کۆمەڵایەتی





شیلان ئاستەیی:

**وەکو هاووڵاتییەکی شاری هەولێر ئەم هێرشە قێزەوەن و ترسنۆکانە شەرمەزار دەکەم**



هەرمن ئەحمەد:

**کوردستان، لە هەشت پیت پێک دێت، هەر پیتێکی بۆ کوردستانیان بووەتە سیمبولی بەرخۆدان و کوردایەتی و مەردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕاچەنین و هەرمان و خۆنەچەماندن**

شیلان ئاستەیی، چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، سەبارەت بە هێرشی مووشەکی بالیستی و درۆنەکانی ئێران بۆ سەر هەولێری پایتەخت دەڵێت: «وەکو کورد و هاووڵاتییەکی شاری هەولێر ئەو هێرشە قێزەون و ترسنوکانە شەرمەزار دەکەم، ئەم هێرشە دوورە لە هەموو عورف و عادەتێکی ئینسانی و ئەخلاقی، هێرشێکی بێوژدانی و کوێرانەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان چاوخشاندنەوە بە هەموو پەیوەندییەکانی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، تا ئەو کاتەی کە ئێران بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە هەرێمی کوردستان دەکات و پەرپرسانی ئەم هێرشە نامرۆڤانەیە پەلکێشی بەردەم یاسا دەکات».

گوتیشی: «هێرشە یەك لە دوا یەکەکانی ئێران و «بەرەی مقاوەمە» بە بەهانەی ناڕەوا و بوونی هێزەکانی بیانی لە کوردستان، لاوازی و تەسلیمبوونی دەوڵەتی عێراقە و خۆتاقیکردنەوەیە بەرانبەر بە گەلانی بێ چەك و بێ دەسەڵات، لێرەدا ئێران، ئایا هێز و هەژموونی خۆی پێشانی جیهان دەدات، کە توانای چییە و چەندە؟ ئەگەر ئێران هێز و توانای هەیە و دژی ئیسرائیل ڕاوەستاوە، ئەوە گەز و ئەوەش مەقەست، با بفەرموون، لە ئازەربایجانەوە دەست پێ بکەن، تا ناوخۆی ئیسرائیل. ئازەربایجان نزیکترین هاوپەیمان و دوستی دەوڵەتی ئیسرائیلە و دراوسێی ئێرانە، با ئێران بە دووی شوێن و بارەگاکانی ئیسرائیل لە ناوخۆی وڵاتەکە بکەوێت، نەك هەولێری بێ چەك و بێ دەسەڵات بکاتە ئامانج».

شیلان ئاستەیی دەپرسێت: «ئەو ڕۆژانەی کورد هاوخەم و هاوسۆز و فریادڕەسی فەلەستین و ئازادکردنی قودس بوون، ئێران بەهای خاك و موسڵمان بۆی هەر مەوزووع نەبوو، خێرە ئەمڕۆ کورد و کوردستانییانی موسڵمان بە هەڕەمەکی دەکاتە ئامانجی دوژمنکارانەی؟»، هاوکات دەڵێت: «بە بیروبۆچوونی من ئێران و سوپای پاسداران بەوە ناوەستن، کوردستانی ئازاد و سەقامگیر قبووڵ ناکەن، بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان و حکومەتی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە کوردستان بە قورسی جێگیر بکرێن بۆ پاراستنی گەلی کورد لە هەر هێرشێکی لەناکاو، وەکو هێرشەکانی داعش، حەشدی شەعبی، بەرەی مقاومە، پەکەکە و سوپای پاسداران هەر یەك بە بەهانەیەك خوێنی ئەم گەلە هەژارە دەڕژێنن و ئاو و نانیان لێ دەکەنە فرمێسك و خوێن، کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان دڵی لەگەڵ هەولێرە و هاوخەم و هاوسۆزی هەولێرە، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتە دادەنوێنم. ڕۆحی بەرزیان شاد و ئارام، شیفا بۆ بریندارانی دەخوازم، ئارامی و ئاوەدانی بۆ کوردستان، سەرشۆڕی بۆ بکەران و تێوەگلاوانی ئەم تاوانە».

هەرمن ئەحمەد نووسەر و چالاکی سیاسی، هێما بۆ ئەوە دەکات:» دوژمنانمان چەندە گەورە و بەهێزتر بن، زیاتر لە کورد و کوردستان دەترسن، کوردستان، لە هەشت پیت پێك دێت، هەر پیتێکی بۆ کوردستانیان بووەتە سیمبولی بەرخۆدان و کوردایەتی و مەردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕاچەنین و هەرمان و خۆنەچەماندن.»

گوتیشی:» سەیرە! دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، چەندە گەورە و بەهێزتر بن، زیاتر لە ناو و بوونی کورد و کوردستان دەترسن، ئەوان بەو هەموو مووشەك و فڕۆکە و چەك و جبەخانەیانەوە زەندەقیان لە ناوی کورد و کوردستان و تەنانەت لە زمانی کوردییش چووە. بۆیە هەر جارەی بە شێوازیك و بە ڕێگایەك دەیانەوێت ناوی کورد و کوردستان نەمێنێت و بیسڕنەوە، بەڵام خەیاڵیان خاوە، کورد زۆر لەوە بەهێزترە کە بەوان بتوێتەوە، کورد واز لە ناوی خۆی و ناسنامەی خۆی و نیشتمانی خۆی ناهێنێت و ئامادەی قوربانیدانی گەورەیە، ئەوەتا من هاووڵاتیەکی کوردم و دانیشتووی وڵاتی بەلجیکام، زیاتر لە نیوەی تەمەنی ئێستام دوور لە کوردستان بردووەتە سەر، بەڵام هەرگیز بۆ ساتێکیش زێدی خۆم و بیرکردنەوەم لە کوردستان یاد نەکردووە، بە جەستە لە بەلجیکام بەڵام


بە رۆح و بە دڵ و بە خەیاڵ لە کوردستانم».

هەرمن ئەحمەد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:» ئەوەی لەم رووداوانەدا زۆر ئازارم دەدات ئەوەیە کە هەندێ جار گوێبیستی توانج و لێدوان و قسەی نابەجێ و ناشرین و دەستەواژە چەوتەکانی کۆمەڵێك کوردی هاوزمان و هاونیشتمانی خۆم دەبم هێرش دەکەنە سەر کورد و کوردستان و نیشتمانی خۆیان، بە بیستنی ئەو قسانەیان وەکو کوردێك نەك هەر تەریق دەبمەوە، بەڵکو نەفرەتیان لێ دەکەم و پێم وایە خاك و هەوا و ئاو و سروشتی کوردستان بۆ ئەو جۆرە کەسانە حەرامە، ئەوانە نەفام و نەزانن پێیانوایە داگیرکەر و دوژمن جیاوازی لەنێوان کوردێك و کوردێکی تردا دەکات. لەوانەش ناخۆشتر بێهەڵوێستیی هەندێك لە حزب و لایەنە کوردستانیەکان و رێکخراوەکان و رۆشنبیرانە لەم رووداوانەدا، کە پێیان وایە ئازاردانی هەولێر ئازاردانی سلێمانی نییە، یان ئازاردانی سلێمانی ئازاردانی دهۆك نییە، بەڕای من کاتێ دوژمن هێرش دەباتە سەر نیشتمانەکەت، ئیتر بێدەنگی و بێهەڵوێستی، خیانەتە.

بنار قەرەنی کۆمەڵناس و راگەیاندکارە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هێرشەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر هەولێر، بە هەر بیانوو و پاساوێك هێرشی دڕندانە و تاوانی تیرۆریستی بووە. سنووری کوردستان ئارامە و هێڵی سوورە، ئامانجی سوپای پاسدارانی ئێران هیچ بیانوویەکی نییە، هێرش بکاتە سەر خاکی کوردستان و ئێران وڵاتێکی دراوسێمانە و دەبێت سنووری خۆی بزانێت. ئەو هێرشە دڕندانەیە بۆ سەر هاووڵاتی سڤیل و خەڵکی کاسبکار و موڵك و ماڵی مەدەنی کارەساتێکی قورس بوو بۆ خەڵکی هەولێر و هەموو کوردستان. کوردستان وەکو هەمیشە لەسەر پێی خۆی وەستاوە، خاکی کوردستان دەوڵەمەندە بە کانزا و نەوت و سامانی سرووشتی، باشووری کوردستان لە رووی ئەمنی و ئاسایشەوە سەقامگیرە، بەڵام دوژمنانی ئامانجیان لەناوبردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ئێمەش رێگە نادەین هیچ ئاژاوەیەك داخیلی هەرێمی کوردستان بێت. ئێمەی کورد وەکو هەمیشە ئاشتی، ئازادی دادپەروەری ئامانجمان بووە، هەرگیز حەزمان بە شەڕ نەبووە و تەنیا سەقامگیری و ئاشتیمان بۆ هەمووان ویستووە. بۆیە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان دەکەین، ئەو هێرشانەی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەرخاکی کوردستان ڕابگرن».


گوتیشی: «هاووڵاتیان بە هەموو چین و توێژەکان و سەرجەم کوردستانییان ئیدانەی ئەو هێرشەی ئێران بۆ سەر هەولێر دەکەن. کورد بەهێزە و بەهێزیش دەمێنێتەوە. کورد کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتیی خۆی بە هەموو گەلان ناساندووە، لە زۆر دۆخی دژوار رزگاری بووە و زۆر لە قۆناغەکانی سەختی تێپەڕاندووە و قوربانیی زۆری داوە، لەو هێرشەی پاسدارانی ئێرانی زۆر سەختترمان بینیوە و بەڕێمان کردووە، خەیاڵیان خاوە، هەولێر بەوان ناڕووخێت، هەموو جیهان هەولێر بە نموونەی جوانی و ئاشتی و ئازادی دەزانن».

لاجان ماهر مامۆستاو ڕاهێنەری وەرزشییە و یەکێکە لەو هەزاران خانمەی کە زۆر بە توندی ئیدانەی هێرشە درۆنییەکانی ئێران بۆ سەر هەولێر دەکەن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «وەك هاووڵاتییەکی سەربەرزی شاری هەولێر بە توندی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی تاریکپەرستانی ئێران شەرمەزار دەکەم. جارێکی دیکەش مووشەکی سوپای پاسدارانی ئێران هەولێری سەربەرزی کردە ئامانج و و هۆی شەهید و بریندارbوونی خەڵکی سڤیل. هەموو جیهان ئەم کارە دڕندانە و دوور لە مرۆڤایەتییە ئیدانە شەرمەزاری دەکات. خوای گەورە رۆحی شەهیدانمان بە بەهەشتی خۆی شاد بکات. شیفای بریندارانمان بدات. دوژمنانی کورد دەبێت ئەوە بزانن کەخەڵکی کوردستان لەو کردەوە ترسنۆکانەی دوژمن و تیرۆر ناترسن، ئیرادەمان زۆر لەوە بەهێزترە و هیوادارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ نەبن و کۆتایی بەم هێرشانەی ئێران و وەکیلەکانیان بێنن».



بنار قەرەنی:

**باشووری کوردستان لە رووی ئەمنی و ئاسایشەوە سەقامگیرە، بەڵام دوژمنانی کورد ئامانجیان تێکدانی دەستکەوتەکانی گەلی کوردە لە هەرچوار پارچەی کوردستان**



لاجان ماهر:

**دوژمنانی کورد دەبێت ئەوە بزانن کەخەڵکی کوردستان لەو کردەوە ترسنۆکانەی دوژمن و تیرۆر ناترسن، ئیرادەمان زۆر لەوە بەهێزترە**





### سەنار سەفین:

# لە ژیانمدا هیچساڵێکم بەبێ دەستکەوت تێنیپەڕاندووە



سەنار سەفین، کچێکی گەنج و پەنجەڕەنگین و بەسەلیقەی شاری کۆیەیە، کە لە ڕێگەی کارە دەستییەکانی توانیویەتی سەرچاوەیەکی داهات بۆ خۆی دەستەبەر بکات و ببێتە خاوەنی براندی خۆی، لە ئێستادا بە شێوەی ئۆنلاین کەلوپەلەکانی دەفرۆشێت، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ئەزموونی کارەکانی و خەون و خولیاکانی دەکات.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەنار سەفین، تەمەنی ٢٣ ساڵە و دەرچووی بەشی زانستی کیمیایە و دانیشتووی شاری کۆیەیە، خاوەنی براندی تایبەت بە خۆیەتی بە ناوی (سەنار کرۆچێت) کە براندێکی کوردیی تایبەت بە دیزاین و چنینی چاکەت و جانتای خانمانە لەگەڵ گوڵی چنراو، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەمیشە پشتی بە تواناکانی خۆی بەستووە، ئەوەش وای کردووە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو بێت. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بێ ئەوەی چاوەڕوانی یارمەتی لە کەس









بکەم، پشتم بە هێز و توانای خۆم بەستووە و کار دەکەم، بەڕێوەبەر و دامەزرێنەر و خاوەن بیرۆکە و دیزاینەر و دروستکەری براندەکەش هەر خۆمم. بەهرەی خۆمم لە کارە دەستییەکانم دەبینمەوە و دەمەوێ داهێنانێکی تازە لە کارەکانمدا ڕەنگ بداتەوە، لە داهاتوودا دەمەوێ چەند کۆلێکشنێکی نوێ وەك ئێکسسوارات و پێڵاو و چەند بەشێکی دی بۆ براندەکەم زیاد بکەم و، دەمەوێت هەلی کار بۆ خانمانی دەسترەنگین برەخسێنم و بیکەم بە براندێکی جیهانی، هەروەها لە بەرنامەمدا هەیە کە خولی ئۆنلاین بکەمەوە بۆ ئەو خانمانەی کە خولیای کاری دەستییان هەیە».

سەبارەت بە بەرهەمی تازەی سەنار سەفین دەڵێت: «لە ئەمساڵیشدا کارەکانم زیاتر بەرەوپێش برد و بەرهەمێکی ترم زیاد کرد کە گوڵی چنراو بوو، زۆر جیاوازە» چونکە ئەم گوڵە هەمیشە بە گەشی و جوانی دەمێنێتەوە و تێك ناچێت و جیاوازە لە گوڵە سرووشتییەکان، لە ژیانمدا هیچ ساڵێکم بە بێ دەستکەوت تێنیپەڕاندووە. ئەوانەی باسم کردن، تەنیا دەربارەی کارەکەم بوو، بەڵام ئەزموونی دەیان کار و کۆرس و بابەتی دیکەم هەیە کە بۆ گەشەپێدانی خۆم کارم لەسەر کردوون. ئێستاش بەرهەمەکەی وردە وردە دەچنمەوە و، هێشتاش بۆمن سەرەتایە. تەنیا لەشمان ساغ بێت، پشت بە خوای گەورە شتی زۆرتر هەن بۆ کارکردن. هەتا ڕۆژێك زیاتر هەبێت، دەستکەوتێکە بۆ خۆی، نابێت کات بەفیڕۆ بدرێت، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەت دەبێت کات بۆ کارکردن لە پێشی هەموو شتێك دابنێین».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا پیاوانی ناوچەکەت تاچەند بڕوایان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەتان هەیە؟ گوتی:» کۆیە شاری ڕۆناکبیرانە و پیاوانی ناوچەکەی ئێمە بەردەوام پشتگیری کچان و خانمان دەکەن بۆ بەرەوپێشچوونیان لەو توانا و لێهاتووییەی کە هەیانە، تا ئێستا نەبوونەتە ڕێگر لە بەردەم کارکردنی خانمان و تەنانەت بۆ ئاسانکردنی کارەکانیان یارمەتیشیان دەدەن. دەتوانم بڵێم پشتگیری باوکم بوو وای کرد بەم ئاستەی ئێستام سەرکەوتوو بم و بەردەوام لەگەڵمدا بووە و لە هەموو بارودۆخێك پشتگیری کردووم».

هاوکات گوتی: «هەموو کچێك خەون و ئاواتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە هەوڵی بۆ بدەن، ئەمەش بە ئەزموون کۆکردنەوە لەو بوارەی حەزیان لێی هەیە و دەتوانن بیکەن بە کارێك بۆ خۆیان و سوود بە خۆیان و کۆمەڵگە بگەیەنن. هەروەها ئێمە یەك جار دەژین، بۆیە دەبێت بە گرنگییەوە بژین سوود لە کاتەکانی ژیانمان وەربگرین، هەڵەکان بقۆزینەوە بۆ باشترکردنی ژیانمان.

خانمانی کورد زۆر دەسترەنگینن و خاوەن هێزێکن کە هەر کارێك بیانەوێت دەتوانن ئەنجامی بدەن. خۆشبەختانە لە ئێستادا خانمان بە کردار ئەوەیان سەلماندوە و هاتوونەتە نێو مەیدانی کار، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆی خۆیان و ژیانی خۆیان و خێزانیان باشتر بکەن. بە خۆشحاڵییەوە بزاڤی کارکردنی خانمانی کورد ڕێچکەیەکی دیاری گرتووە و لە ئێستادا دۆخی ئافرەتان لە بواری کارکردندا زۆر باشتر بووە لەچاو ڕابردوو، خانمان هەنگاوێکی گەورەیان هەڵگرتووە، ئافرەتانی کورد لە گشت کاروبارێك هەموویان دەسترەنگین و لێهاتوون».

## هونەرمەند هێرۆ جەواد:

# لە کوردستان ڕەخنەگری شانۆیی بە توانامان هەیە کە زۆر بە باشی قەڵەمەکانیان دەخەنە کار

خانمە هونەرمەند هێرۆ جەواد محەمەد یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە، تائێستا بەشداریی چەندین شانۆگەری و کورتەفلیم و درامای تەلەفزیۆنی کردووە، هەروەها کاری دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆگەری کردووە وەك: دارستانی بەختیاری، بۆیاخچییەکان یادگارییان نییە، جەنگی ژنێك...وهتد، هەروەها وەك ئەکتەر بەشداریی چەندین شانۆگەریی کردووە لەوانە: ژووری ژمارە شەش، وەرن ئێمەش ببینن، توندوتیژی، یاداشتەکانی عەرعەر، عەترەکانی عەرەبستان، ژنانی شارەکەم، نماز، زنە، زەماوەند، چوار، جەستەی ژن، ئێوارەی گوڵە مێخەك، سێ خوشك، بیرەوەریی ونبوویەك، شالیر و جادووگەرانی ماکبێس و...هتد، هەروەها بەشداریی چەندین کورتەفیلم و درامای کردووە لەوانە: خومار لە دوا سەردانەوەیدا، گەرمیان و کوێستان، خوناو، ئەڵقە، تاریکی، گەڕان، ساتەکانی ژیان، سۆما، شەوێك و ...هتد، لە ئێستادا هونەرمەند هێرۆ جەواد مامۆستای پەروەردەی هونەرییە لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی، بەمەبەستی ئاشنا بوون بە کارە هونەریەکانی بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردەوە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس



*** سەرەتا ئەگەر بکرێت بۆ خوێنەرانمان باس لە چۆنیەتی ئاشنا بوونت بە هونەری شانۆ بکەیت؟**

- سەرەتای ئاشنابوونم بە هونەری شانۆ، ئەوە بوو کاتێ چوومە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەبەشی شانۆ وەرگیرام، پەیمانگە بوو وێستگەی دەستپێکردنم بە کاری نواندنم بوو، هەرلەوێ خۆشە ویستیم بۆ شانۆ دەستی پێکرد و بەشداریی چەندین کاری شانۆییم کرد.

*** تۆ شانۆت هەڵبژارد یان شانۆ تۆی هەڵبژارد؟**

- کاتێ بە ویستی خۆم چوومە پەیمانگە، واتە خۆم شانۆم هەڵبژارد، بێگومان حەز و ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو بۆ هونەری نواندن، هەوڵێکی زۆریشم دا بۆ ئەوەی بەردەوامی بەم حەز و ئارەزووە بدەم.

*** رۆڵی شانۆ لە ژیانی گەلان چۆن دەبینیت؟**

-دەستەواژەیەکی شانۆیی هەیە دەڵێت شانۆ قوتابخانەی گەلە، هونەری شانۆ لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەکی زیندوو پێشکەش بە بینەران دەکرێت، خاڵێکی دیکەی شانۆ ئەوەیەکە زۆربەی هونەرەکانی دیکە وەکو موزیک، شێوەکاری لە نێو شانۆدا هەن، لە هەمانکاتدا ئەدەبیش لە ڕێگەی دەقی شانۆیی ڕەگەزێکی گرنگی شانۆیە، هەربۆیە بە باوکی هونەر ناوزەند کراوە، لەبەر ئەم فاکتەرانە پێگەی هونەری شانۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گۆڕانکاری و هۆشیارکردنەوەی گەلان.

*** خاتوو هێرۆ جەواد کاریگەریی کام شانۆکاری لەسەرە، یان بە نواندنی کام شانۆکار سەرسامە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت حەز ئەکەم تەنیا خۆم کاریگەریم لەسەر خۆم هەبێت، ڕێزی زۆرم بۆ هەموو شانۆکارەکانی دیکەیش هەیە، بەڵام حەز دەکەم تەنیا لەخۆم بچم لە (هێرۆ جەواد) بێگومان هونەرمەندی زۆر باش و بەئەزموونیشمان هەیە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، لێرەوە ڕێز و سڵاوم هەیە بۆیان، بەڵام ئەوە حەز و ئارەزووی خۆمە.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕەخنەگرانی شانۆ لە کوردستان؟**

-لە کوردستان ڕەخنەگری شانۆیی زۆر باش و بە توانامان هەیە و زۆر بە باشی قەڵەمەکانیان دەخەنە سەر نمایشەکان، من زۆر بە وردی ڕەخنەکانیان دەخوێنمەوە و دەستخۆشیی زۆرم هەیە بۆیان، چونکە دوورن لە موجامەلەی شانۆکاران و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازم، هیچ کارێکی هونەریش کامڵ نییە، بۆیە هیچ کارێکیش بێ ڕەخنە نابێت، بە لام ڕەخنەی ڕووخێنەر نا، بەڵکو ڕەخنەی بنیاتنەر بێت و لەپێناو خزمەتی کارەکەدا بێت.

*** تاچەند ( دەق ) گرنگە لە پرۆسەی نمایشدا؟**

- دەق ڕەگەزێکی گرنگ و گەورە و گرانی سەرکەوتنی هەموو کارێکی شانۆیە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی نمایشدا، چونکە دەق نیوەی دەرهێنانە، بۆیە هەڵبژاردنی دەق بۆ هەر دەرهێنەرێکی شانۆیی گرنگە، بەجۆرێك دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەرکەوتنی نمایشەکە.

*** ئێوە خاوەنی چەندین خەڵاتی شانۆیین، دوا خەڵات وەکو باشترین ئەکتەر و دووەمین کچ لە فیستیڤاڵی شەشەمی نێودەوڵەتیی شانۆی عێراقت وەرگرت، هەستت چۆن بوو؟**

- بێگومان خەڵات بۆ هەر هونەرمەندێك گرنگە پاڵپشت و هاندانێکی گەورەیە بۆ هونەرمەند، شانازی بە هەموو خەڵاتەکانەوە دەکەم و هەستێکی زۆر خۆشە، لە هەمان کاتدا خەڵات وا لە هونەرمەند دەکات زیاتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئەو توانستەی هەیەتی پێشکەشی بکات، بەڵام نابێ بەدەستهێنانی خەڵات ببێتە هۆی ئەوەی هونەرمەند تووشی لووتبەرزی بکات، بەڵکو دەبێت هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی بەرەو سەرکەوتنی گەورەتر هەنگاو بنێت.

***لە ئێستادا شانۆی کوردی لە چ ئاستێکدایە، ئایا پێتان وایە شانۆی کوردی لە قەیراندایە؟**

- نەخێر، ئەوەی من دەیبینم و بەردەوامیشم شانۆ لە شارەکەی مندا زۆر زیندووە و لە قەیراندا نییە، ئەوەی قەیرانە، بەداخەوە قەیرانی ئابووری و کەمیی سپۆنسەری کارە شانۆییەکانە، ئەگەر نا ئێمەی شانۆکاران لە ئامادەباشی داین بە هەر کارێکی شانۆییدا بەشداربین، شانۆکارانی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و دەرەوەی عێراقیش هەن و بەشداریی فیستیڤاڵە شانۆییەکان دەکەن و خەڵاتیش بەدەست دەهێنن، لە شارەکەی مندا هیچ مانگێك بە بێ نمایشی شانۆ تێپەر ناکات، بۆیە من ئاستی شانۆی کوردی لە ئێستادا زۆر بەباشی دەبینیم.

*** لە ڕێگەی ئەم دیدارەوە چ پەیامێکی کەسی یان هونەریت هەیە بۆ شانۆکاران و بینەرانی شانۆ ؟**



-پەیامی من پەیامی خۆشەویستی و یەکریزییە، بە جۆرێك هونەرمەند دوور بێت لە پاشقول گرتن لە یەکتر و ناوزڕاندن، چونکە هونەرمە ند زۆر گەورەیە، پێویستە خۆی دوور بێت لەو دیاردە ناشرینە، هیوای ئەوە دەخوازم هونەرمەندان هەمیشە لە لووتکەدا بن و کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بە بینەران بکەین.

*** هیچ پرۆژەیەکی نوێی هونەریتان هەیە؟**

- بەڵێ کاری نوێم هەیە، بە شداریی درامایە کم کردووە و ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینم، بەڵام نازانم لە کام کەناڵ پەخش دەکرێت، درامایەکە بە ناوی (کرێچییەکان) لە نووسینی (شوعلە شەریعەتی )یە نووسەر و هونەرمەند (پێشڕەو حسێن) کاری وەرگێڕانی کردووە و هونەرمەند (کاوە ئەحمەد میرزا) پێداچوونەوەی بۆ دەقەکە کردووە، هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی ) کاری موزیکی دراماکە ئامادە و جێبەجێ دەکات، کاری دەرهێنانی لەلایەن هونەرمەند (دکتۆر غەسان عەبدوڵڵا) بۆ کراوە، هەروەها لە ئامادەکاریداین بۆ کارێکی شانۆ لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و مامۆستای بە ڕێز مامۆستا (شەفیق) کاری دەرهێنانی بۆ دەکات، بەمەرجێك ئەگەر داهاتی کارەکەمان بۆ دابین بکەن.

# کێیرا نایتلی بیر لە کۆپیڕایتی دەموچ

خانمە ئەکتەری بەریتانی (کێیرا نایتلی) نیگەرانە لە سەرهەڵدانی سیستمی زیرەکیی دەستکرد و، پێی وایە پێویستە هەنگاو بنێت بۆ پاراستنی وێنەکەی لە داهاتوودا.

نایتلی کە ڕۆڵی سەرەکیی لە زنجیرە فیلمی (چەتەی دەریایی کاریبی)دا بینیوە، بە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی گوتووە: «لە ئێستادا خانمە ئەکتەرەکان سەرنجیان لەسەر دەنگە، و هەوڵدەدەن خۆیان لە پیشەسازیی دەنگدانەوە بپارێزن، نازانم ئەمە بۆ کوێ ڕۆشتووە، بەڵام دەزانم ئەمە لەژێر دانوستاندایە».

هەروەها گوتی: «بەخەیاڵمدا دێت هەنگاوی داهاتوو بریتی دەبێت لە کۆپیڕایتی دەموچاوەکەم، چونکە زیرەکیی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە کارەساتبار بێت، هیوادارم حکومەتەکان هەنگاو بنێن و ڕێکی بخەن».

کێیرا داوای ڕێکخستنی باشتری ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا دەکات و پلاتفۆرمەکانی وەك ئینستاگرام بە ساردکەرەوە دەزانێت و، نیگەرانە لەوەی کە ڕەنگە کاریگەریی زیانبەخشیان لەسەر کچەکانی هەبێت لەگەڵ گەورەبوونیاندا.

هاوکات دەڵێت: «من لایەنگرێکی بەهێزی ڕێکخستنی ئینتەرنێتیشم، سەد لە سەد سۆشیال میدیا پێویستی بە ڕێکخستن هەیە سۆشیال میدیا ترسناکە من دوو کچم هەیە و، دەمەوێت



# بەسمە بوسێل ئـ

خانمە هونەرمەندی مەغریبی بەسما بوسێل جارێکی دیکە لە کۆتا ڕۆژەکانیساڵی ٢٠٢٣دا بوو بە باسی میدیاکان، دوای ئەوەی دەربارەی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی (تامر حوسنی) چەندین نهێنیی نوێی سەبارەت بەو قۆناغە سەختەی ژیانی ئاشکرا کرد. لە یەکەم لێدوانیدا سەبارەت بە جیابوونەوەی، بەسما چەندین نهێنیی نوێی دەربارەی خۆی ئاشکرا کرد، کە لە میانی چاوپێکەوتنەکەیدا لە بەرنامەی (یەك خولەك تێدەگەین) لە یوتیوب باسی کرد، لە بەرنامەکەدا باسی لە منداڵیی خۆی و ماوەی ناونوسینی لە پرۆگرامی (ستار ئەکادیمی) کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە لەکاتێکدا لە بەرنامەی ستار ئەکادیمی بووە لە شانۆ نەدەترسا،



## ـــــــــاوی دەکاتەوە!

ئەوان بەو شێوەیە بن.. بۆ ئەوەی بتوانن ئەم فەزایە بەکار بهێنن بۆ پەیوەندیکردن و دروستکردن، بەڵام بە شێوەیەکی سەلامەت.»

ئەم ئەستێرەیە تەمەنی ٣٨ ساڵە و هیچ پلانێکی نییە بۆ وەڵامی داواکارییەکانی ئێستای منداڵە گەورەکەی بۆ مۆبایلێکی تایبەتی خۆی.

کاتێك پرسیاری لێ کرا کەی ڕێگەی پێ دەدرێت یەکێکیان هەبێت، بە گاڵتەجاڕیەوە گوتی: «پێم وایە گاڵتەجاڕییە نەیانپارێزین، ئێمە لە هەموو شوێنێکی دیکە دەیانپارێزین، کەواتە بۆچی بە شێوەی ئۆنلاینیش نەیانپارێزین؟»

## ـــــــــازادی خۆی وەرگرتەوە

چونکە هەر لە منداڵییەوە خووی بە وەستانەوە لەسەری گرتووە، هەروەها دەڵێت: گۆرانیگوتن ئەو شتەیە کە لە ژیانی ڕۆتینی دەریهێناوە، دواتر بۆ ماوەیەکی زۆر وازی لە گۆرانی وتن هێنا، بەڵام لە ئێستاوە دەست بە گۆرانیگوتن دەکاتەوە و وەك جاران بەردەوام گۆرانی دەڵێت، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە لە سەرەتادا بە زمانی فەرەنسی گۆرانیی گوتووە، بەڵام لەگەڵ باوکیدا گوێی لە گۆرانیی کلاسیك گرتووە.

سەبارەت بەوەی دوای جیابوونەوەی بەشێوەیەکی پیشەیی گۆرانی دەڵێت؟ گوتی: «ئێستا ئازادیی خۆم بەدەست هێناوەتەوە، بەڵام وەك پیشەگەرێك گۆرانی ناڵێم، چونکە بە درێژایی ژیان بە شێوەیەکی ئاماتۆر گۆرانیم گوتووە، هەروەها هەنگاوی پیشەییم وەك کارکردن لەسەر ئەلبوومەکان و کارکردن لەسەر وردەکاریی گۆرانییە نوێیەکان لە ستۆدیۆدا نەناوە، چونکە تەنیا بۆ خولیای خۆم و چێژوەرگرتنی کەسی گۆرانیگوتنم خۆش دەوێت، بەڵام دەمەوێت زیاتر مەشقی گۆرانی بکەم، هەرچەندە پلانم نییە بە شێوەیەکی پیشەیی کار بکەم لە بواری گۆرانیگوتندا، بەتایبەت کە بەرهەمەکانی دیکەم و دەستپێکردنی براندی خۆم وام لێ دەکات نەتوانم سەرنجم لەسەر بواری گۆرانیگوتن بە شێوەیەکی پیشەیی بێت، وەك گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەلبووم».

# لە بۆکان ڕێوڕەسمی ڕێزگرتنی مامۆستا عوسمان محەمەدی ژەنیاری لێهاتووی نایە بەڕێوەدەچێت



ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە پێگەی هونەریی مامۆستا (عوسمان محەمەدی) بە نازناوی (عوسمانە سوور) دەنگی ناسراو و بلیمەتی مۆسیقای کوردستان و ژەنیاری دیار و لێهاتووی نەرمەنەی (نایە)، بۆ ڕێزلێنان لە شەش دەیە ژەنیاری و پێشکەشکردنی مۆسیقای داهێنەرانە و هەرمان و ڕێزگرتن لە ٦٥ ساڵ خزمەتی ئەویندارانەی ئەم هونەرمەندە بەتوانایە بە هونەری مۆسیقای فۆلکلۆریکی کوردی، بە پاڵپشتی ئەنجومەنی فەرهەنگی و هونەری ناحوکمی (ئاوای زیرەك) بە ئامادەبوونی مامۆستایانی ناوداری کلتوور و هونەر و پێشکەشکردنی مۆسیقای ناوچەکان و سەمای هەڵپەرکێ، لە کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمە، ڕێکەوتی ١١ی کانونی دووهەمی ٢٠٢٤ لە هۆڵی ئیدارەی ڕۆشنبیری و هونەر لە شاری بۆکان بەڕێوە چوو.

**مەنسوور جیهانی**

لەم کۆڕی ڕێزلێنانەدا بە بەڕێوەبەرایەتیی هونەریی (مەنووچێهر جیهانی) ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری مۆسیقای ناوچەکان، بە ڕوانگەی (گێڕانەوەیەك لە ژیانی مامۆستایانە) لە تەمەنێك چالاکییە هونەرییەکانی مامۆستا (عوسمان محەمەدی کە خاوەنی خەڵاتەکانی باشترین ژەنیار و مۆسیقاژەن و هەڵبژاردەی یەکەمی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان مۆسیقا و ڕێوڕەسمە فۆلکلۆرییە نەریتییەکانە لە وڵاتانی ڕووسیا، کرواتیا، جۆرجیا، لە سەروبەندی ٨٤ ساڵەی تەمەنی پڕ خێر و بەرەکەتی ئەم مامۆستا

ناوازە و ژەنیارە خۆشەویستە، لە لایەن ئەنجومەنی ڕۆشنبیری و هونەریی ڕێکخراوی ناحوکمیی (ئاوای زیرەك) بە سەرپەرشتیی دکتۆر (ئیبراهیم عوسمانی) و بە بەشداریی ئەکادیمیای مۆسیقای (زیرەك) بە سەرپەرشتیی (محەمەد مەعرووفی) و هەروەها بە هاوکاریی تایبەتی دکتۆر (خەشایار سەنعەتی) قایمقامی بۆکان و پشتگیرییەکانی خەڵکی هونەردۆستی ناوچەکە و یارمەتیدانی کۆمەڵێك لە چالاکانی ئابووریی بەشی کەرتی تایبەت و کارداهێنەران لە پێناو برەوپێدانی بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و، هەروەها بە هاوڕێیەتی دامودەزگاکانی دیکەی شاری بۆکان لە ڕێبازی بەرزکردنەوەی کلتوور و هونەر و بەرەوپێشبردن و فراوانکردن و پەرەپێدانی هونەری بەرز و بەپێزی مۆسیقای ناوچەکانی کوردستان ڕێزیان لێ گیرا و پلە و پایەی هونەری ئەو مامۆستایە بەرز دەنرخێندرێت.

پەخش و بڵاوکردنەوەی بەڵگە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ژیانی هونەری و لێکدانەوە و پێداچوونەوە بە بەرهەمە مۆسیقاییەکان و گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندانی مۆسیقا سەبارەت بە پێگەی ئەو مامۆستایە، پێداچوونەوە و تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ژەنیاریی مامۆستا عوسمانە سوور لە فێستیڤاڵە هونەرییەکان و بەدەستهێنانی خەڵاتەکانی مۆسیقا لە بوارەکانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، ئاخاوتنی مامۆستایانی دیار و ناسراوی مۆسیقای ڕەسەن دەربارەی ئەم هونەرمەندە، پێشکەشکردنی بەرنامەی پێکەوە ژەنینی ئامێرەکانی نای و زەربی کوردی، پێشکەشکردنی مۆسیقای ڕەسەن و دەنگبێژی و گۆرانیچڕینی هونەرمەندانی پێشەنگی فۆلکلۆری ناوچەی موکریان، پێشکەشکردنی بەرنامەی هەڵپەرکێی ڕەسەنی گرووپی (نیشتمان) بانە، پەخش و بڵاوکردنەوەی مۆسیقای ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی مۆکریان و پێشکەشکردنی بەیتی (سەیدەوان) و پارچە مۆسیقای کۆنسێرتی تاکژەنی نەرمەنەی (نای) و ئۆرکێسترا لە دەستگای شوور، بە ژەنیاریی مامۆستا عوسمانە سوور و ئاوازدانان و ڕێبەرایەتی ئۆرکێسترا لە لایەن (کاوە فەقێ زادە)، هاوکات لەگەڵ پەردەلادان لەسەر پەیکەری سەردیسی مامۆستا عوسمانە سوور بەرهەمی (ڕێبین حەیدەری) و ڕێزلێنان لە مامۆستا عوسمانە سوور بە بەخشینی پەیکەر، نیشانەیەکی هونەری، کتێب، بۆردی ڕێزلێنان و تابلۆی سوپاسگوزاری و دیاریی هونەریی نایاب لە بەرنامەی ئەم کۆڕبەندی ڕێزلێنان و یادکردنەوەدایە، کە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری بوکان بەڕێوە چوو

مامۆستا عوسمان محەمەدی بە یەکێك لە هەرە دیارترین و تایبەتترین ژەنیارەکانی ئامێری نەرمەنای (نای) لەسەر ئاستی کوردستان دادەنرێت. شێوازی ناوازەی ژەنیاری و خولقاندنی بەرهەمگەلی بێوێنە و ناوازە و هەرمان، ئەم هونەرمەندەی بە مانا ڕاستەقینەکەی لە لووتکەی هونەری مۆسیقای کوردستاندا داناوە، چ لە ڕووی توانا و تەکنیکی پێشکەشکردن و چ لە ڕووی ناوبانگەوە.

مامۆستا عوسمانە سوور لەساڵی ١٩٤٠ی زایینی لە گوندی قەرەکەند سەر بە شاری بوکان لەدایك بووە، لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لەژێر کاریگەریی شمشاڵی مامۆستا قادر عەبدوڵلازادە (قالە مەڕە)، ڕاوێژکاری دەستەی دادوەرانی فێستیڤاڵی مۆسیقای ناوچەکانی کرمان، دەستی کرد بە فێربوونی شەمشاڵ و، زۆری نەخایاند ژەنیاریی ئەم ئامێرەی بەو شمشاڵەی کە مامۆستا قادر عەبدوڵلازادە (قالە مەڕە) بۆی کڕێبوو، فێری ژەنینی ئەم ئامێرە بوو، پاشان ڕووی کردە ژەنیاریی ئامێری دووزەلە و دوای ئەوەی لێهاتوویی و شارەزایی لە ژەنینی دووزەلەدا بەدەست هێنا، بە شێوەی جدی و پیشەیی خەریکی فێربوونی نەرمەنەی (نای) بوو.

پاشان رووی لە هەرێمی کوردستان کرد و ژەنیاریی مەقامەکانی خۆجێی ناوچەکە لە لایەن (حەسەن نەی) لە شاری سلێمانی فێر بوو. لە ساڵی١٩٦٦ی زایینی چالاکیی هونەریی خۆی بە هاوکاریی هونەرمەندانی ناوداری ناوچەی موکریان لە باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەست پێکرد و، لەگەڵ گۆرانیبێژانی ناسراوی وەك مامۆستایان حەسەن زیرەك، عەلی خەندان، عەبدوڵڵا هووشمەند (عەبە دەڕژێ)، سەید عەلی ڕەحیم پوور (سەردەشتی)، سەید ئیبراهیم سەقزی و ...هتد، دەستی بە کار و چالاکیی هونەری کردووە.

مامۆستا عوسمانە سوور بەرهەمی زۆری هەیە، لەوانە، نمایشی تایبەت لەگەڵ گۆرانیبێژی جیاواز و لە ساڵی ٢٠٠١ دوو ئەلبوومی مۆسیقای بە ناوی (گۆلی و هەژان) بە دەنگی (خەبات مولوودی) بە مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی ڕۆشنبیری تۆمار و بڵاوکراوەتەوە، خەریکی ژەنیاری و سۆڵۆی تاکژەنی نەرمەنای بووە. ئەو مامۆستایە لە چەندین خولی مۆسیقای ناوچەکانی ئێران لە شارەکانی کرمان، تاران، سنە، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، سەقز بەشداریی کردووە.

پرۆفیسۆر عوسمان محەمەدی خاوەنی زیاتر لە ٦٠ ساڵ ئەزموونی ژەنینی لە ئۆرکێسترای ناوچەیی و گرووپەکانی مۆسیقای ڕەسەن و هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندان و مامۆستایانی مۆسیقای دیاری کوردستانە.

ئەو مامۆستایە ئێستا دانیشتووی شاری بۆکانە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەی هونەرییەوە، بژیوی ژیانی خۆی دابین دەکات و لە نێو خەڵکی هونەردۆستیی ناوچەکانی کوردستاندا ڕێز و حورمەت و پلە و پایەیەکی هونەریی هەیە.

# بە ماوەیەکی کەم توانیم ببمە گۆڵپارێزی یەکەمی هەڵبژاردەی عێراق

گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی نیشتمانیی عێراق:

**ئارینا سەمیر**

*** بۆچی لە نێو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە دا تۆپی پێیت هەڵبژارد؟**

- من جگە لە یاریی تۆپی پێ خولیای وەرزشی تریشم هەبووە، بەڵام من خۆم لەم یارییەدا دۆزییەوە، بە تایبەتی گۆڵپارێزی، هەر بۆیە تۆپی پێشم هەڵبژارد، ئەم یارییە یارییەکی جیهانییە و زۆرترین جەماوەری هەیە لە سەر ئاستی جیهان.

*** ئایا وەرزشێکی قورست هەڵنبژاردووە کە تۆپی پێ زیاتر کێبڕکێییە؟**

- ڕاستە وەرزشێکی قورسە و کێبڕکێی باشی تێدایە، سەرەڕای ئەوەش دڵنیام لە تواناکانی خۆم، کە دەتوانم جێگەی خۆم بکەمەوە لە ناو یانەکاندا، بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەوەیە کە لە ماوەی سێ مانگ لە مەشقکردنم بوومە گۆڵپارێزی یەکەمی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتوانی عێراق.

*** بۆچی ئاستی یاریی تۆپی پێ وەکو پێویست نییە؟**

- چەندین بەهرەمەند هەیە لە عێراق و کوردستان، سەرەڕای گرنگی نەدانی یانەکان و بەرپرسانی وەرزشییەوە کە زیاتر گرنگی بە تیپی کوڕان دەدرێت نەك کچان، کەچی زۆربەی کچە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق کچی کوردن، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تیپی تۆپی پێی کچان وەکو پێویست گرنگیی پێ نادرێت، بەڵکو یاریزانەکان خۆیان گرنگییان بەخۆیان داوە و گەیشتوونەتە لووتکە.

*** هەست ناکەی ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ ناکرێت لە کوردستان؟**

- پێشوازی هەیە، بەڵام گرنگیدان نییە لەلایەن یانەکانەوە، ئەگەر نا چەندین یاریزانی کچی بەهرەمەند و ئاست بەرز هەیە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- ئەو گرنگییەی بە تیپی کوڕان دەدرێت لەگەڵ پێدانی گرێبەست بیدەن بە تیپی کچان زۆر باشتر دەبێت، پێویستە پشتگیریی تیپی کچانیش بکرێت و وەکو کوڕان بڕوانە تیپەکانی کچان، یانەکانیش پشتگیریی کچان بکەن بۆ زیاتر پێشکەوتنی.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- دەمەوێت ببمە گۆڵپارێزێکی پیشەگەر و بچمە دەرەوەی وڵات وەرزش و ببێتە پیشەم، یەکەم کچەیاریزانی کوردم لە شاری سلێمانی کە توانیومە بەم تەمەنە بچووکەوە لە هەڵبژاردەی عێراق نوێنەرایەتیی وڵاتی خۆم بکەم، ئەوەش شانازییە بۆ من.



*** گرێبەستت بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی دیکەوە؟**

- بەڵێ چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی، ئێستا من گۆڵپارێزی ئەفرۆدیتم و گرێبەستم لە یاریگەی گەورەوە بۆ هاتووە لە لایەن یانەیەکی عێراقییەوە.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی کچانی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

-بەڕاستی هەستێکی خۆشە، بەم ماوە کەمە و بەم تەمەنە بچووکەمەوە توانیم ببمە گۆڵپارێزی یەکەمی هەڵبژاردەی عێراق و ببمە جێگەی متمانەی ڕاهێنەران و سەرنجی ئەوانم بۆخۆم ڕاکێشاوە، بەهۆی ئەو حەماسەتەی کە هەمە و بە شانازیی دەزانم سوپاسی مامۆستا عەباس بکەم کە ئەو منی گەیاندە ئەم ئاستە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە زیاتر بتوانم خۆم بەرەوپێشببەم و بگەمە ئاستێکی بەرزتر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە زۆرە، سوپاس بۆ دەستەی ڕاهێنەرانم کاپتن عەباس و کاپتن کازم و خانەوادەکەم و هاوڕێیانم کە بەردەوام هاوکارن.

**لە ئێستادا بەشێك لە یانەکانی کوردستان گرنگی بە یارییەکانی فوتساڵ و بەشێکی کەمیش تەنیا یاریزانەکانیان بەشداریی یاریگەی گەورە دەکەن، یاریزانانی کوردستان بەردەوام لە ئاستی بەرزدان و ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق داگیر دەکەن بە هۆی ئەو ئاست بەرزی هەیانە، یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانانەی کە گرینگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی دەدات لە خولەکانی کوردستان، لە پارێزگای سلێمانییش وەکو سەرجەم وەرزشەکانی دیکە گرینگیی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدرێت، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە کە کێبڕکێ ئاستبەرزی دەکەن لە سەر ئاستی پارێزگاکە، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاستبەرزە کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق گۆڵپارێز (ئارینا سەمیر)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ی پارێزگای سلێمانییە و قوتابیی پەیمانگەی وەرزشییە و گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کچانی تۆپی پێی عێراقییە، لە خولی کوردستان یاریی بۆ یانەی ئەفرۆدێت دەکات و لە خولی عێراقیش بۆ (ئەمانە)ی بەغداد یاری دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**




# میسی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بەدەستهێنا

هەفتەی ڕابردوو ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی باشترینی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) بەڕێوەچوو، لیۆنێل مێسی خەڵاتی باشترین یاریزانی بەدەستهێنا هەرچەندە خۆی لە ئاهەنگەکە ئامادەنەبوو.

ئاهەنگەکە لە لەندەن لە لایەن تێری هێنری ئەستێرەی پێشووی فەرەنسا و خانمە پێشکەشکار چادۆری پێشکەش کرا.

ئا: ڕێبین ڕەمزی




## • میسی بووە باشترین یاریزانی جیهان

لیۆنێل مێسی، ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتینی و یانەی ئەنتەر مەیامی ئەمریکی توانی خەڵاتی زە بێست بۆ باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بباتەوە.

هەفتەی ڕابردوو ئاهەنگی خەڵاتەکانی زە بێست لە لەندەن بەڕێوە چوو، کە تێیدا لیۆنێل مێسی بۆ جاری سێیەم خەڵاتەکەی بردەوە.

لە ئاهەنگکەدا هەر سێ بەربژێری کۆتایی (لیۆنێل مێسی، ئێرلینگ هالاند، کیلیان ئێمباپێ) بەشداری ئاهەنگەکەیان نەکرد.

ڕکابەرییەکی بەهیز لە نێوان میسی و هالاند هەبوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە لە کۆتاییدا هەردوو یاریزان بە کۆکردنەوەی ٤٨ خاڵ یەکسان بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کاپتنی هەڵبژاردەکان دەنگیان بە مێسی داوە، ئەفسانە ئەرژەنتینیەکە بوو بە براوەی زە بێست.

لە ساڵی ٢٠٢٣ مێسی ٣٧ یاری کرد و توانی ٢٧ گۆڵ بکات و هەشت گۆڵیش درووست بکات.




## • ئاتیانا بۆنماتیی بووە باشترین کچە یاریزان

کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە ئاتیانا بۆنماتیی بووە باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی کچان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا دوای ئەوەی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی نازناوی جامی جیهانی ئافرەتان بەدەست بهێنێت بۆ یەکەم جار لە و لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە توانی هەر سێ نازناوی (خولی ئیسپانیا و جامی ئیسپانیا و خولی ئەورووپی بەدەستبهێنێت).

ئاتیانا توانی (٥٠) خاڵ کۆبکاتەوە بەجیاوازییەکی کەم لەگەڵ کچە یاریزان (لیندا کاسیدۆ)، کە (٤٠) خاڵی کۆکردووە و جنێفر هیرمۆسۆ، کە (٣٦) خاڵی کۆکردووە.




## • پێپ گواردیۆلا بووە باشترین ڕاهێنەری جیهان

ڕاهێنەری ئیسپانی یانەی مانچستەر سیتی پیپ گواردیۆلا خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری جیهانی بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی چوار نازناوی گەورە (خولی ئینگلیزی و جامی یەکێتی ئینگلیزی و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، جامی جیهانی یانەکان)ی بەدەستهێنا.

گواردیۆلا بەکۆکردنەوەی (٢٨) خاڵ توانی بەپێش هەردوو رکابەرەکەی ئیتاڵی لۆتشیانۆ سبالیتی (١٨) خاڵ و سیمیۆنی ئینزاگی (١١) خاڵ بکەوێت.




## • ماری ئێرپێس بووە باشترین گۆڵپارێزی خانمان

گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و یانەی مانچستەر یۆنایتد ماری ئێرپیس بۆ دووەم جار لەسەر یەکدی بووە باشترین گۆڵپارێزی جیهان لەسەر ئاستی خانمان، کە تا ئێستا هیچ کچە گۆڵپارێزێک ئەم خەڵاتەی بۆ دوو جار لەسەر یەکتری نەبردۆتەوە.

ئێرپس توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بگاتە یاری کۆتایی جامی جیهانی و خەڵاتی باشترین گۆڵپارێز لە پاڵەوانێتییەکە بباتەوە و خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی لە خولی ئینگلیزی بەدەستهێنا و خەلاتی باشترین کەسایەتی وەرزشی بی بی سی بەریتانی بردووە.

ئێرپێس توانی (٢٨) خەلات کۆبکاتەوە پێش ئوسترالی (ماکنزی ئەرنۆڵد) و ئیسپانی (کاتالینا کۆڵ) کەوت.

## • سارینا ویگمان بووە باشترین ڕاهێنەری ئافرەت



ڕاهێنەری هۆڵەندی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە سارینا ویگمان خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری ئافرەتی بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بگاتە یاری کۆتایی جامی جیهانی ئافرەتان.

سارینا بۆ چوارەم جار لە مێژووی خۆیدا ئەم خەڵاتەی بەدەستهێنا بە کۆکردنەوەی (٢٨) خاڵ بەپێش هەریەکە لە ئیماهایز و جۆناسان خیرالدیز کەوت.

## • ئێدێرسۆن بووە باشترین گۆڵپارێز



گۆڵپاریزی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی مانچستەر سیتی ئێدێرسۆن خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی جیهانی بەدەستهێنا دوای ئەو ئاستە بەرزی لەگەڵ یانەکەی پێشکەشی کرد دوای ئەوەی چوار نازناوی بەدەستهێنا (خولی ئینگلیزی و جامی یەکێتی ئینگلیزی و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، جامی جیهانی یانەکان).
ئیدرسۆن توانی (٢٣) خاڵی بەدەستهێنا توانی لە هەردوو گۆڵپارێز تیبۆ کۆرتوای بەلژیکی و یاسین بۆنۆی مەغریبی بباتەوە.

## • گوێلێرم مادرۆگای خەڵاتی پوشکاشی بەدەستهێنا

یاریزانی بەرازیلی و یانەی بۆتافۆگۆ گوێلێرم مادرۆگا توانی خەڵاتی بۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵ بەدەستبهێنا.



**خەڵاتەکانی تر بەمشێوەیە بوو:**

-خەڵاتی فیفا پێشکەش بە سێ ئەفسانەی تۆپی پێ کرا، کە بەم دواییە کۆچی دواییان کرد، ئەوانیش فرانز بێکنباوەرو بۆبی چارلتۆن و ماریۆ زاگالۆ.

- هەڵبژاردەی بەڕازیل خەڵاتی یاریی خاوێنی بەدەستهێنا، بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی رەگەزپەرستی

-خەڵاتی باشترین هاندەر پێشکەش بە هۆگۆ دانیالی هاندەری یانەی ئەتلەتیکۆی ئەرژەنتینی کرا، کە بەخۆی و منداڵە ساواکەی لە یاریگە ئامادە دەبێت.

- باشترین پێکهاتەی فیفا بۆ ٢٠٢٣
گۆڵپارێز: کۆرتوا
بەرگری: جۆن ستۆنز، کایل واکەر، رۆبن دیاش
ناوەڕاست: بێرناردۆ سێلڤا، بێلینگهام، دی برۆین
هێرشبردن: هالاند، ئێمباپێ، مێسی، ڤینیسیۆس.
راهێنەر: گواردیۆلا

# بۆچی نۆرەی دڵ زیاتر لە زستاندا ڕوو دەدات؟

ئەمە سەلمێندراوە کە کەشی سارد ئەگەری گرفتەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان زیاد دەکات، وەك: نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك. لە لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی لوند Lund University/ سوید هاتووە کە پلەی گەرمیی نزم لە ڕۆژانی سارد و هەوریدا هاندەرە بۆ ڕوودانی نۆرەی دڵ، بەتایبەتی لە بەساڵاچووان‌دا. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بە هۆکاری دیکەیش کراوە کە تا ڕادەیەکی کەمتر کاریگەری دەکەنە سەر کۆئەندامی دڵ و سووڕان، وەك: پەستانی ئەتمۆسفیر، خێرایی با، لەگەڵ ماوەی دەرکەوتنی تیشکی خۆر لە کاتەکانی ڕۆژدا. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ هێشتا زیاتر دەبێت کە پلەکانی گەرمی بۆ ژێر سفر دادەبەزن. میکانیزمی زیادبوونی ئەگەری نۆرەی دڵ لە کەشی ساردی زستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پلەی گەرمیی نزم و بای سارد دەبێتە ئەگەری تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن لە پێستدا بەمەبەستی پاراستنی وزەی لەش، ئەمەش بارگرانی لەسەر دڵ زیاد دەکات. لە لایەکی دیکەوە زیاد بەسەربردنی کات لە ناوماڵ و کەم ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، زیادبوونی ئەگەری سترێس، لەگەڵ زیادبوونی چانسی تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا، هەموویان ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ بەرزدەکەنەوە. کۆمەڵەی ئەمریکیی تەندروستیی دڵ AHA ڕێنمایی دەکات کە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ لە وەرزی زستاندا، پێویست بە پۆشینی چەند چینێکی جلوبەرگ دەکات لەگەڵ پۆشینی سەر و بەکارهێنانی مل بەستی Scarf خوری یان لۆکەیی، هەروەها پاراستنی گەرمیی دەستەکان بە بەکارهێنانی دەستکێش و پاراستنی گەرمیی پێیەکان بە گۆرەویی ئەستووری خوری یان لۆکەی، هاوکات لەگەڵ نەچوونە دەرەوە لەکاتی هەوای زۆر ساردda ئەگەر زۆر پێویست نەکات.



# خاڵی سپیی سەر نینۆک

دەرکەوتنی خاڵ یان پنتی سپی لەسەر نینۆکەکاند Leukonychia حاڵەتێکی باوە، زۆر بە کەمی بە بۆماوەیی لەگەڵ لەدایکبووندا بەدی دەکرێت. هۆکارەکان: هەوکردن بە کەڕوو، مامەڵەی زیاد لەگەڵ نینۆکەکاندا (مانیکیور Manicure) کە فشار بخاتە سەر بناغەی نینۆك یان زیاد بەکارهێنانی کۆسەرەی کارەبایی نینۆك، کەمیی کانزاکان بەتایبەتیش کەمیی کانزای زینك و کالسیۆم لە لەشدا، هەستەوەری بەرانبەر بە هەر ماددەیەك کە بە مەبەستی جیاواز بۆ نینۆکەکان بەکار دەهێنرێت، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، وەکو دەرمانەکانی کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن، زەبر کە بگاتە بناغەی نینۆك، ئەکزیما، نەخۆشیی سەدەف Psoriasis، نەخۆشیی دڵ، پەککەوتنی گورچیلە، مۆمبوونی جگەر، زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، هەوکردنی شانەی سییەکان، کۆڤید-١٩، هەروەها ژاراویبوون بە کانزا قورسەکانی وەکو جیوە، قورقوشم، یان تالیۆم. ڕێگەکانی خۆپاراستن: دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی نینۆکەکان بە ماددەی کیمیایی، دوورکەوتنەوە لە زیاد بەکارهێنانی بۆیەی نینۆك، کورتکردنی نینۆکەکان، چەورکردنی نینۆکەکان بە ماددەیەکی شێدارکەرەوە پاش وەرگرتنی دووش، بەتایبەتی دووشی گەرم، دوورکەوتنەوە لە گازگرتن لە نینۆکەکان، دانانی چینێکی داپۆشەری نینۆك پێش بەکارهێنانی بۆیەی نینۆك. چارەسەرکردنی خاڵی سپی سەر نینۆکەکان بە دۆزینەوەی هۆکارەکان دەست پێدەکات، بۆ نموونە بەکارهێنانی دەرمانی دژەکەڕوو لە حاڵەتەکانی هەوکردنی نینۆك بە کەڕوو، کە لەوانەیە پێویست بە چەند مانگێك بکات، چونکە هەوکردنی نینۆك بە کەڕوو لەسەرخۆ چاك دەبێتەوە.



# ئایا لە زستاندا پێویستمان بە کەپسوولی ڤیتامین D دەبێت؟

ڤیتامین D3 کە بە کۆلیکالسیفیرۆل Cho-lecalciferol ناسراوە، ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ هەڵمژین و ڕێکخستنی بڕی کالسیۆم و فۆسفۆر لە لەشدا، کە پێویستن بۆ تەندروستیی ئێسك و ددان و ماسوولکەکان، هەروەها گرنگیی هەیە بۆ هاندانی نیشتن و جێگیربوونی کالسیۆم لە ئێسکەکاندا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کەمکردنەوەی ئەگەری هەوکردنە میکرۆبییەکان، پاراستنی تەندروستیی دڵ و کۆئەندامی هەرس، هەروەها ڕێگرتن لە گەشەی شێرپەنجە و خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.

گەلێك سەرچاوەی پزیشکی جەخت دەکەنەوە کە پێویستە هەموو کەسێك لە تەمەنی چوار ساڵی بەسەرەوە لە وەرزی پاییز و زستاندا کەپسوولی ڤیتامین D3 وەربگرێت بە ڕێنمایی دکتۆر، بۆ دیارکردنی ژەم و ماوەی بەکارهێنانی، چونکە لە زستاندا هاوکات لەگەڵ زیاد مانەوە لە ناوماڵدا، تیشکی خۆریش کەمترە و زۆر بەهێز نییە بۆ دروستبوونی بڕێکی باشی ڤیتامین D3 لە پێستدا، بۆیە پێویستە کە بیر لە وەرگرتنی کەپسوولی ڤیتامین D3 بکرێتەوە هاوکات لەگەڵ خۆراکی دەوڵەمەند بەم ڤیتامینە بۆ دابینکردنی بڕی پێویستی ڕۆژانە. بڕی پێویستی ڕۆژانەی ڤیتامین D3 بۆ پێگەیشتووان بریتییە لە ٨٠٠ یەکەی جیهانی ( ٢ مایکرۆگرام) کە یەکسانە بەو بڕە ڤیتامینەی کە بە ڕاستەوخۆ خۆدانە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی ١٥-٣٠ خولەك لە پێسدا دروست دەبێت، بۆ دابینکردنی هەڵمژینی ئەم بڕەی ڤیتامین D3 لە ڕێگای کەپسوولەوە، پێویستە کە بڕی ٥٠٠٠ یەکەی جیهانی یان ١٢٥ مایکرۆگرام وەربگیرێت.



# ئۆمیگا۳ بۆ تەندروستیی دڵ

چەورییەکانی ئۆمیگا Omega 3 بە گرنگترین چەوری بۆ تەندروستی هەژمار دەکرێن و بریتین لە جۆرەکانی ALA کە زیاتر لە کاکڵ و تۆوەکاندا هەیە، لەگەڵ EPA و DHA کە لە زەیتی ماسی وخۆراکی دەریاییدا هەن. چەورییەکانی ئۆمیگا۳ سوودی تەندروستی زۆریان هەیە، بەتایبەتی پاراستنی تەندروستیی دڵ. ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا۳ ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ لە ڕێگەی: کەمکردنەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TGs لە خوێندا، هاندانی سووڕی خوێن، ڕێگرتن لە دروستبوونی تۆپەڵی مەییوی خوێن، لەگەڵ هێشتنەوەی ڕیتمی دروستی لێدانەکانی دڵ. سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکان بە چەورییەکانی ئۆمیگا۳ بریتین لە: تۆوی کەتان، تۆوی چییا Chia seeds، زەیتی کانۆلا، گوێز، پاقلەی سۆیا، مەحار، کافیار، هەروەها ماسی لە جۆرەکانی سالمۆن، ماکارێل، تونە، ساردین، هالیبوت، هێررینگ.

ئایا پێویستمان بە وەرگرتنی کەپسوولی ئۆمیگا۳ هەیە؟ لە ڕاستیدا، ئەگەر خۆراکی ڕۆژانە هاوسەنگ و جۆراوجۆر بێت ئەوا پێویست بە بەکارهێنانی کەپسولی ئۆمیگا۳ ناکات، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا پێویستە کە بەکارهێنانی کەپسولی ئۆمیگا۳ تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر بێت.



# زیانەکانی خواردن درەنگانی شەو



پسپۆڕان بەردەوام جەخت دەکەنەوە کە کاتی خواردن بەقەد کوالیّتی خۆراك گرنگە، چونکە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر تەندروستی هەیە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی نەخۆشخانەی بریگهام لە شاری بۆستن/ ئەمریکا ڕوون کراوەتەوە کە خواردنی ژەمی ئێوارە لە کاتێکی درەنگانی شەودا زیانی تەندروستیی بەدواوەیە، بە شێوەی کەمبوونەوەی ئاستی سووتاندنی وزە، زیادکردنی هەستی برسیبوون، لەگەڵ گۆڕان لە شانەکانی چەوریی لەشدا کە ئەگەری کۆبوونەوەی چەوریی زیاد دەکەن، دەرەنجام دەبنە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش یان قەڵەوی. هەروەها خواردنی ژەمێك لە نزیك کاتی نووستندا کاریگەریی بەرچاو دەکاتە سەر هۆرمۆنەکانی ڕێکخستنی ئارەزووی خواردن کە بریتین لە لێپتین Leptin و گهرێلین Ghrelin. جگە لەمانە، ژەمی خواردنی درەنگانی شەو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانیش زیاد دەکات، وەك: نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، نەخۆشیی شەکرە، لەگەڵ چەند جۆرێکی شێرپەنجە، هەروەها تیشك خراوەتەوە سەر ئەوەی کە خواردن پاش کاتژمێر ١٠ی شەو کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر سێ لایەنی سەرەکیی لەش کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی کێشی لەش، وەك: سەرفکردنی وزە، ڕێکخستنی کرداری بەکارهێنانی خۆراك، لەگەڵ گۆڕانی کیمیایی لە چەورەشانەکانی لەشدا.

# مەشقی وەرزشی توانای بەرگەگرتنی ئازار زیاد دەكات



بە پشتبەستن بە لێكۆڵینەوەكانی هەشت ساڵەی نەخۆشخانەی زانكۆی باكووری نەرویژ، كە لە گۆڤاری پلۆس وەن PLOS One كە لە كتێبخانەی گشتیی زانستەكان لە كالیفۆرنیا دەردەچێت، پسپۆڕانی تەندروستیی ئەمریكی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی كە مەشقی وەرزشی لەوانەیە هەنگاوێكی زۆر كاریگەر بێت بۆ چارەسەركردن و سووككردنی ئازاری درێژخایەن Chronic pain كە لە خەمۆكی و نەخۆشیی شەكرە باوتر بووە و، چارەسەركردنی تا ڕادەیەك قورسە، لەوكاتەی كە یەكێك لە هۆكارەكان ئەوەیە كە تا ئێستا زانایان بە تەواوی نەگەیشتوونەتە ئەوەی كە لەش چۆن درك بە ئازار دەكات و چۆن ڕێكی دەخات. ئاماژە بەمەش كراوە كە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی و ستایلێكی چالاكیی ژیان توانای بەرگەگرتنی ئازار بەرزدەكاتەوە، كە هەر لە سەرەتای دەستپێكی مەشقی وەرزشیدا ئەم كاریگەرییە بەرە بەرە دەردەكەوێت و بە بەردەوامبوون لەسەر مەشق ئەم توانایە زیاتر دەبێت. پسپۆرانی تەندروستی جەختیان كردووەتەوە كە دەتوانرێت مەشقی وەرزشی وەكو چارەسەرێكی نادەرمانی هەژمار بكرێت بۆ خۆپاراستن و چارەسەركردنی حاڵەتەكانی ئازاری درێژخایەن، ئەوەش ڕوون كراوەتەوە كە مەشقەكانی وەكو پیادەڕۆیی، مەلەكردن، یۆگا..تاد، هاندەرن بۆ زیادبوونی ئاستی ماددەی سیرۆتۆنین Serotonin لە لەشدا كە ڕۆڵی هەیە لە كۆنترۆڵكردنی مەزاج و هەستكردن بە ئازار.

# پێشانگای ساڵانەی CES لە ژێر سایەی ژیریی دەستکرددا

CES 2024

## MSI کۆنسۆلێکی نوێ بۆ یاریکردن بەرهەم دێنێ

لە پێشانگای CESدا کۆمپانیای MSI کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، کۆنسۆڵێکی یاریکردنی خستەڕوو کە بە MSI Claw ناسراوە. ئەم کۆنسۆلە پێچەوانەی ڕکابەرەکانی لەبەری یەکەی لێکدانەوەی AMD بەکار بێنێت لە یەکەی لێکدانەی ئەنتەل سوود وەردەگرێت. کێشی ئامێرەکە تەنیا ٦٧٥ گرامە و بارستاییەکەی ٢٩٤ ملمە، پانتایی ١١٧ ملمە. ئەم یاری یارکردنەش لە زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە و تا یەك ترابایتیش داتا لەخۆیدا هەڵدەگرێت. سیستەمی پەنجەمۆری تێدایە. شاشەکەی ٧ ئینجە و لە جۆری LCDیە. جگە لە یارییەکانی ویندوز، دەتوانی یاری ئەندرۆیدیش بکاتەوە. باترییەکەی هەتا دوو کاتژمێر پێویستی بە شەحن کردنەوە نییە.





## لاپتۆپی بەبێ شاشە!

یەکێك لە ناوازەترین ئامێرەکان کە لە CES2024 نیشاندرا، لاپتۆپێکی بێ شاشە بوو. لاپتۆپی جۆری Spacetop هیچ شاشەیەکی نییە و لەبری شاشە دەبێت چاویلکەیەکی تایبەت لە چاو بکرێ و بە لەچاوکردنی چاویلکەکە شاشەیەکی گەورە لەبەرچاوی بەکارهێنەرەکەی لە جیهانی مەجازیدا دروست دەبێت. شاشەیەکی سەد ئینجی.

لاپتۆپەکە لە سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرێ، لەبری ڕیمۆت یا ماوس لە جووڵەی دەست بۆ کۆنترۆڵ کردن سوودی لێوەردەگیرێت. هەروەها بەدەست دەکرێت کۆنترۆڵی شاشە مەجازییەکە بکەی. لاپتۆپەکە ڕامەکی ٨ گیگابایتە و ڕامەکەی ٢٥٦ گیگابایتە.

ئەمساڵیش وەك هەموو ساڵانی پێشوو پێشانگای ساڵانەی CES كە كورتكراوەی دەستەواژەی (Consumer Electronics Show)ە، لە شاری لاس ڤیگاسی ئەمەریكا كرایەوە.

پێشانگای ناوبراو گەورەترین پێشانگای نیشاندانی تەكنەلۆژیای سەردەمە، هەتا ئێستا ٥٨ ساڵی بەردەوامە پێشانگا دەكرێتەوە. ئامێرەكانی لەوێدا نمایش دەكرێن تایبەت بە تاكەكەسین یا ئەو كەلوپەلانەن كە بۆ ماڵەوە یا كۆمپانیاكان سوودیان لێوەردەگیرێت. پێشانگاكە لە ڕێكەوتی ١/٩ تا ١/١٢ بەردەوام بوو. جیاوازی پێشانگای ئەمساڵ لەگەڵ ساڵەكانی دیكە لە بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد (AI) لە ئامێرە دیجیتاڵییەكانی سەردەمدا بوو.

شایانی ئاماژە پێدانە زیاتر لە ١٣٠ هەزار كەس بەشداری پێشانگاكەیان كرد. پێشانگاكە پێكهاتبوو لە ٤ هەزار ژوور و ١٢٠٠ ئامێری نوێ نیشاندران. لەو ژمارەی (IT)دا زۆرتر ئاماژە بەو ئامێرە نوێیانە دەكەین كە لەو پێشانگایەدا نیشان دران.

## چاویلكەیەک هەموو دەنگەکان دەکاتە ژێرنووس



لە پێشانگای ساڵانەی CES دا چاویلكەیەك خرایە ڕوو، دەكرێت هاوكار و یارمەتیدەرێكی باش بێت بۆ ئەوانەی كە كەم بیستن یان بە ساڵداچوون و بەهۆی تەمەنەوە گوێ گران بوونە.

چاویلكەكە ئەوەی بیبیسێ، دەیكاتە ژێرنووس! ئاخاوتنی كەسەكان، دەنگی شەقام و لەهەمووی گرنگتر ئەو دەنگانەی لە تیڤی یا لە ڕادیۆ بڵاودەكرێنەوە.

چاویلكەی TranscribeGlass داهێنانێكی نوێیە بۆ یارمەتیدانی نابیستەكان یا كەم بیستەكان. خودی ئەو ئامێرەی كە دەنگ دەكاتە ژێرنووس جیایە لە چاویلكەكە و لێی دەكرێتەوە، بۆیە بەكارهێنەر دەتوانێت لەگەڵ هەر چاویلكەیەك بەكاری بێنێت.

«تۆم پریتسكی» كە یەكێكە لە بەڕێوەبەرانی كۆمپانیای ناوبراو، دەڵێت ئەو ئامێرە كەمكێشترین چاویلكەیە كە بتوانرێ دەنگەكان بكاتە ژێرنووس. ئامێرەكە دەكرێت وەك وەرگێڕێك بۆ گەشت و گەڕان سوودی لێوەربگیرێت.



## داتاشۆیەکی تایبەت لە ژێر سەقفدا

لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا Xgimi خستەڕوو لە یەك كاتدا سێ ئەرك ئەنجام دەدات، هەم سپیكەرێكی بەهێزی بلوتوسییە، هەم گلۆپێكی ڕووناكییە و هەم داتاشۆیەكی كوالیتی بەرزە.

داتاشۆیەكە بە Aladdin ناسراوە و ناوەكەی لە كاراكتەری عەلائەدینەوە هاتووە. ئەم داتاشۆیە ڕاستەوخۆ لە سەقف دەبەسترێت و دەتوانێت وێنەكە بە كوالیتی ١٠٨٠ لە ١٩٢٠ لە مەودای سەد ئینج بڵاو بكاتەوە. داتاشۆیەكە هەم گلۆپەكە و هەم سپیكەرەكەشی بە ڕیمۆت و لە ڕێگای دوورەوە كۆنترۆڵ دەكرێت. داتاشۆی ناوبراو سیستەمی بەگەڕخەری گوگڵی لەسەرە و ڕاستەوخۆ دەتوانێت فیلمەكان لە نێتفلێكس یا لە یوتیوب و هەر كەناڵێكی دیكە وەربگرێ.

# ئایەرپۆدێک لێدانی دڵی و گەرمی جەستەت دەزانێت



ئایەرپۆد تایبەتە بە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی، بۆ ئەوەی کە کێشە بۆ دەوروبەر دروست نەبێت و تەنیا خۆت لە دەنگی مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت بێت، پێویستە ئایەرپۆد یا هیدفۆن بەکاربهێنرێت. بە گشتی ئەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان بۆ گوێگرتنە لە دەنگی ئامێرەکان بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەر گوێیان لێنەبێت.

لە پێشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ ئایەرپۆدی جۆری Momentum Sport خستەڕوو کە جگە لە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی زانیاری لەبارەی لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەش بدات. هەروەها دەتوانێت وەك گەرمی پێوی تەندروستی بزانێت بەکارهێنەرەکەی تای هەیە یا نا؟



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت چۆن بتوانم لە فایلێکی wordدا دەقێکی نووسراو بکەم بە خشتەیەك و پێچەوانەش خشتەیەك بکەمەوە بە دەق؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر جار وا ڕێك دەکەوێت دەقێکمان لەدەستدایە و ئەگەر بمانهەوێ بیکەینە خشتەیەك، دەبێ سەرلەنوێ بینووسینەوە. بەڵام لە wordدا تایبەتمەندییەك هەیە و زۆر ئاسان دەکرێت دەقێك بکەی بە خشتە و خشتەیەك بکەی بە دەق.

دەچیە سەر بەشی insert و لەوێدا دەچیە سەر بەشی table و لەوێدا بەشی convert text to table هەڵبژێرە. ئەوکات بۆکسێك دەکرێتەوە. لە بەشی سەرەوەی بۆکسەکە ژمارەی خشتە ئاسۆیی و لە خوارەوەش ژمارەی ستوونەکان هەڵبژێرە و بە ئاسانی دەبێتە خشتە. بۆ خشتەیەکیش بکەی بە دەق هەر بچۆ ئەو بەشە و بە ئاسانی جەدوڵەکە دەبێتەوە بە دەق.




# تاقیگەیەکی پزیشکی لە گیرفانتدا!

کۆمپانیای ڤیتینگیز لە پێشانگای ساڵانەی CES2024دا ئامێرێکی نوێی خستەڕوو کە دەکرێت وەکو تاقیگەیەکی گەڕۆك سوودی لێوەربگیرێت. ئامێرەکە دەتوانێت زۆربەی تێستە پزیشکییەکان ئەنجام بدات.

ئامێرەکە کە بە BeamO ناسراوە، بۆ هەڵگرتنی هێڵکاری دڵ، (ECG)، پێوانی ڕێژەی ئوکسیجی ناو خوێن، بیستۆکی پزیشکی و تین پێو کە جگە لە دەمای جەستە، تەندروستی دڵ و سییەکانیش دەخاتە ژێر چاودێری.

ئامێری ناوبراو لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و دەتوانێت بەبێ ئەوەی لە جەستەی بەکارهێنەر نزیك بکرێتەوە ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو خوێن و گەرمی جەستە بزانێت. ئامێرەکە دەکرێت ٨ کەس پێکەوە سوودی لێوەربگرن و زانیاری هەر کامیان بە جیا لەخۆیدا تۆمار بکات.

# دوو سیستەم و دوو ئامێر لەیەک ئامێردا



تەبلێت- لاپتۆپەکان ئەو ئامێرانەن کە لە یەك کاتدا هەم دەبن بەتەبلێت و هەم دەبن بە لاپتۆپ، تەنیا ئەوەندەیە کە کیبۆردێکی تایبەتیان بۆ دادەنرێ و لە بواری ستایلەوە وەك لاپتۆپ دەچن. بەڵام تەبلێت- لاپتۆپی لینۆڤۆ زۆر جیاوازە.

تەبلێت- لاپتۆپی جۆری ThinkBook Plus Gen 5 Hybrid لەو کاتەی کە وەك تەبلێت سوودی لێوەردەگیرێت دەبێتە سیستەمی ئەندرۆیدی ١٣ و کاتێکیش وەك لاپتۆپ سوودی لێوەردەگیردرێ دەبێتە ویندۆزی ١١.

ئامێری ئاماژە بۆ کراو لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خرایە ڕوو. شاشەکەی ١٤ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. داکێکی هەیە کاتێك لەسەر داکەکە دادەنرێ دەبێتە کۆمپیوتەر و بەبێ داك دەبێتە تەبلێت. ڕامی تەبلێتەکە ١٢ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. کاتێك لەسەر داکەکە دادەنرێت ڕامەکەی دەبێتە ٣٢ گیگابایت و هاردەکەی دەبێتە یەك ترابایت. لە ڕاستیدا خودی داکەکە ڕۆڵی کۆمپیوتەرەکە دەگێرێت و تەبلێتەکە وەك شاشە ڕۆڵ دەبینێت. کامێرای سێلفی و پشتەوەی هەیە.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ بیناسازی

ژیری دەستکرد ئەگەر بەو هەنگاوەی گرتوویەتەبەر بچێتە پێش، پێدەچێ وا بکات سەرەڕای ئاسانکاری لە زۆربەی ئەرکەکاندا، زۆر پیشە و ئەرکیش لەدەست مرۆڤ بێنێتە دەر.


یەکێك لەو بوارانەی ژیری دەستکرد ئاسانکاری تێدا کردووە، بیناسازی و ئەندازیارییە. ماڵپەڕی https://mnml.ai/ تەواو لە خزمەتی ئەندازیارانی بیناسازیدایە. هەر ئەوەندە بەسە سکێچێك یا دیزاینێکی ڕەشنووس بە ماڵپەڕەکەی بدەی، ئەویش هەموو ژوورەوە و هەم دەرەوەی بیناکانە بەشێوەی سێ ڕەهەندی و بە جوانترین نەخشە و بە ویستی بەکارهێنەرەکەی نەخشەسازی بۆ دەکات. تەنانەت دەتوانی مادە بەکارهاتووەکانیش و دیکۆری ژوورەوەش دیاری بکەی

## پرۆگرامێکی بەهێزی زیرەکی دەستکرد

یەکێك لە بەهێزترین و باشترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە گۆڕین و دەستکاری کردنی وێنە بە هۆی ژیری دەستکرد ئەپلکەیشنی Facetune کە تایبەتە بە سیستەمی ئەندرۆید و لەسەر مۆبایل بەکاردێت. هەرچەندە پێشووتر ئەو پرۆگرامە لەسەر سیستەمی ئای ئۆ ئێسیش بەکارهاتووە.

ئەو پرۆگرامە شوێنی فۆتۆشۆپ لە مۆبایلدا دەگرێتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای سپیکردنی و بریقەدارکردنی ددانەکان لە وێنەدا.
- ساف و لووسکردنی پێست لە ڕوخساردا.
- توانای گۆڕینی ڕەنگی چاو.
- لابردنی مووی سپی و پڕکردنەوەی قژی سەر.
- میکاپێکی تەواو بۆ ڕوخساری ئافرەتان.






# نهێنییەکانی جلوبەرگی زستانەی ساڵی ۲۰۲٤ بۆ بەرزنیشاندانی باڵای کورت


کێ لە خانمان هەوڵی دەرکەوتنی باڵایەکی ڕێك و بێ کەموکووڕی نادات؟، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین ئەو مۆدێلانە هەڵبژێرین کە خزمەت بە ڕواڵەت و شێوەی جەستەی خانمان دەکەن.

نوێترین مۆدە کە لەلایەن براندە نێودەوڵەتییەکانەوە لە کاتی پێشانگەی جلوبەرگی ئامادە بۆ زستانی ساڵی ۲۰۲٤ ئاشکرا کران، جەمپسوت (Jumpsuit) بوو لە نێو جلوبەرگی خانمانی باڵاکورتدا، چونکە جەمپسوت هەموو ئەو پێداویستییانە بۆ خانمانی باڵاکورت دابین دەکات کە یارمەتی بەرزنیشاندانی باڵا دەدەن، وەك ڕەنگێکی یەکسان و کەمەرێکی بەرز. مارکەی ئەلیزابێتا فرانچی (Elisabetta Franchi) بە دوورینێکی سەربازییەوە مۆدێلێکی ڕەشی جیاوازی پێشکەش کردووە، کە بە جەستەوە نانووسێت و سایزێکی ڕێك لەسەر شانەکان بە جەستە دەبەخشێت، کە لە کاتی پۆشیندا دەتوانیت بە پشتێنێکی قەبارە مامناوەند و لە هەمان ڕەنگ بیڕازێنیتەوە بۆ ئەوەی شێوەی باڵات دابەش نەبێت، هەروەها دەتوانیت جانتایەکی بچووك یان مامناوەند لەگەڵ جلەکاندا ڕێك بخەیت، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بێت.



# ملوانكەی درێژی زێڕین مۆدی زستانەی ئەمساڵە





ملوانكە درێژی زێڕین یەكێكە لە دیزاینە سەرنجڕاكێش و ڕەسەن و مۆدێرنەكانی سەردەم، كە زۆرێك لە خانمان پێیان باشە ئەم ملوانكانە هەڵبژێرن، كە دەتوانرێت لەگەڵ ملوانكەی كورتدا هەماهەنگ بكرێت، هاوكات دیمەنی جیاواز و دڵڕفێنی هەیە و لەگەڵ هەموو سەلیقەیەكدا دەگونجێت، لە وەرزی زستاندا ڕوخسار پێویستی بە درەوشانەوەیەكی تایبەتتر هەیە، بۆیە ملوانكەی درێژ دێتە گۆڕەپانەكە، كە دیمەنێكی سەرنجڕاكێشتر دەبەخشێت، وەك:

**ملوانكەی پۆزەشن لە پیاگێت Piaget**

ئەم ملوانكەیە (Possession) لە زێڕی ١٨ قیرات دیزاین كراوە، دەتوانیت درێژ یان كورت، هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ لە گەردن بكرێت، دوو ئەڵماسی بڕاو بە شێوەیەكی نایاب لە كۆتایی ملوانكەكەدا هەڵواسراوە.

**ملوانكەی كلیۆ ڕیڤ میدی (Cleo Rev Midi) لە مارلی نیویۆرك**

ئەم ملوانكە درێژەی (Marli Marli New York) دیزاینێكی هەرەمیی هەیە، كە بە ئەڵماسی سەرسوڕهێنەر و بریقەدار چەسپاوە و لە زێڕی زەردی ١٨ قیرات دیزاین كراوە، گرێیەكی زنجیرەیی زێڕین لە كۆتایی ملوانكەكەدا هەیە، كە ئەڵماسی بچووكی بریقەداری لەسەرە، بۆ ئەوەی بدرەوشێتەوە و سەرنجی چاوەكان ڕابكێشێت.

# كاتژمێری پەپوولەی كلاسیكی لە ماركەی گرافەوە






لە ماركەی گرافەوە (Graff)وە كاتژمێری ئەڵماسی پەپوولەیی كلاسیكمان بۆ هەڵبژاردن، كە بە ئایكۆنی گراف جیا دەكرێتەوە، لەگەڵ جوانییەكی نایابی یەكێك لە سەرنجڕاكێشترین بوونەوەرەكانی سرووشت لە نێو ئەڵماس و یاقوتدا، كە دیمەنێكی جوانی پەپوولەیە لەسەر قایشێكی سوور لە چەرمی تیمساح، كە وا خۆی نیشان دەدات ئەو پەپوولەیە بە ئارامی لەسەر پارچە یاقوتێك هەڵدەفرێت، گونجاندنی تەواوی باڵەكانی لە تێكەڵە سەرنجڕاكێشەكانی گوێزی هیندی و ئەڵماس وەردەگرێت، لەگەڵ ئەڵماسێكی موشەبەك و تاجێكی ئەڵماس بۆ گۆڕینی كاتەكان، كە هاوكات كۆمەڵێك پەپوولە لەسەر دیوی پشتەوەی كاتژمێرەكە هەڵكەندراوە.

ئەم كاتژمێرە كلاسیكییە پەپوولەییە (Classic Butter-fly) دروستكراوی وڵاتی سویسرایە و لە جنێڤ بەرهەم هاتووە، كاتژمێری پەپوولەی كلاسیك لە ناو پاكەتێكی بازنەییدا دیزاین كراوە، كە بە پەپوولە ڕازاوەتەوە، لەسەر دەستبەندێكی سوور دانراوە، بە نزیكەی حەوت قیرات ئەڵماس و ١،٣٠ قیرات لە یاقوت ڕووپۆش كراوە.

**ئامادەكردنی: شیلان عەلی**

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە زۆربوونی ڤایرۆسەکان دەکات، کە وەك باران لە ئاسمانەوە دەبارێن، کەرەستە پزیشکییەکانیش دەبنە مایەی ڕێگری و خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکان.

## هێلکە سەیر و ڕەنگاوڕەنگەکان





لە هەندێ وڵات هێلکەی گیانداران لەگەڵ خواردندا دادەنرێت، زۆرجاریش ئەو هێلکانە هێندە بچووك و سەیرن نازانیت کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت بیخوات، وەك هێلکەی (مێروولە، خشۆکی حەلەزۆن) نرخی هەر ژەمێکی هێلکەی ئەو دوو گیاندارە لە وڵاتی ئیتاڵیا بە (٩٠) دۆلارە، هێلکەی باڵندەی (ئیمۆی) ئوستراڵی، کە ڕەنگی سەوزە بە (٩٠) دۆلار بە خەڵك دەفرۆشرێت، هێلکەی باڵندەی (نەورەس)، بە (٩) دۆلارە، وەك کرێم وایە، هێلکەی (کیسەڵ) دەبێ بکوڵێندرێت، ئینجا نۆش بکرێت، لە وڵاتی فلیپین هێلکەی تیمساح بەناوبانگە کە لەگەڵ سەوزە و میوەدا دادەنرێت، دواجار گەرای قرشە (شارك) کە تامەکەی هاوشێوەی هێلکەی مریشکە.

## دیمەنە سەیرەکان



### گۆزەی مێژوویی

لە دۆزینەوەکانی شاری جارسووی سۆمەریدا گۆزەیەکی مس هەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، تا ئێستا هیچی لێ نەهاتووە و تێك نەچووە.

## یاسا



### داوای ئافرەت بۆ جیابوونەوە

گرێبەستی هاوسەرگیری کە ژن دەتوانێت گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە بەبێ بەرامبەر، مەرجەکانی: پێویستە تەڵاقەکە جێبەجێ ببێت (منجز) بێت هەڵواسراو (معلق) نەبێ لەسەر مەرجێك یان کاتێك، پێویستە هەردوو هاوسەرەکە لێهاتوویان هەبێت، پێویستە دەستپێشخەرییەکە لە لایەن ئافرەتەکەوە بێت، دەبێت ئافرەتەکە ڕاستەوخۆ تەڵاق وەربگرێت، ئەگەر دوای خست ئەوا تەڵاقەکەی لەدەستدا نامینێت. ئافرەت تەنیا یەك جار دەتوانێ ئەم مافە بەکار بهێنێت، مەگەر پیاوەکە ڕێگە بدات بۆ کاتی دیاریکراو وەك ئەوەی بڵێت کەی ویستت خۆت تەڵاق بدە، جیاوازیی نێوان تەڵاقدانە دەست و لێسەندەوە یان داماڵین( خلع) تەڵاق دەکەوێتە دەستی پیاو لە بەرامبەر قەرەبویەك بە ژنەکە دەدات، لەم تەڵاقدانەدا (بە دەستی ژن) تەڵاق دەکەوێتە دەستی ژن بە بێ ئەوەی بەرامبەرێك بدات بە پیاوەکە، بەڵام لە هەردووکیدا پیاو تەڵاقەکەی بە کەسێکی دیکە ڕادەسپێرێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕۆژێکی گونجاوە بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی، چونکە باری دەروونیت جێگیر دەبێت و سترێست کەم دەبێتەوە، ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، ئەوا کەسێك سەرنجت ڕادەکێشێت یان پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێیەکت نزیکتر دەبێتەوە، ڕێگەیەك بدۆزەرەوە بۆ دەرخستنی تواناکانت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

وریای جووڵەکانتبە، کارێك مەکە زیان بە خۆت یان کەسانی چواردەورت بگەیەنیت، کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی لەسەر ڕۆتین بەردەوام بیت، دەنا تووشی بێزاری دەبیت، هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانت بدە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەوڵ مەدە هەموو شتێك بزانیت، بەتایبەتی ئەو شتانەی پەیوەندییتان بە تۆوە نییە، باشترە سەرقاڵی ژیان تایبەتی خۆت بیت، دەترسیت لەوەی پەیوەندیی نوێ دروست بکەیت، بەڵام گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەتدا ڕوو دەدات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەوڵ بدە پەیوەندییەکی باش دروست بکەیت لەگەڵ کەسانی چواردەورت، لە خۆپەرستی دوور بکەوەرەوە، ئەگەر بەردەوام بە تورەیی و پەلەکردنەوە کاربکەیت ئەوا وشە و کارەکانت کاریگەریی نەرێنی لەسەر کارەکەت دروست دەکەن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


کەسانێکی زۆر یارمەتیت دەدەن بگەیت بەو ئامانجانەی کە دەتەوێت، هەوڵ بدە تۆش بە هەمان شێوە بیت بۆیان، ئەم ماوەیە هیچ گرێبەستێك واژۆ مەکە، کەمێك چاوەڕێ بکە و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

سەرکێشییەکانت زیان بە خۆشەویستەکەت دەگەیەنێت و تووشی دڵەڕاوکێی دەکات، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵی داهێنان بدە لە بوارەکەتدا و لە هەمان ئاستی ئێستاتدا مەمێنەرەوە، ئەگەرنا ڕووبەڕووی فشاری دەروونی دەبیتەوە.

بۆ زانیاریت

## هێماکانی کات و بەسەرچوونی کەرەستەکان




کاتێك دەرمان، مەلحەم، کرێم، یان هەویری ددان دەکڕین و پێمان وایە کە بەرواری بەسەرچوونی ئەو بەروارەیە کە لە ڕۆژ و مانگ و ساڵدا لەسەر پاکەتەکە نووسراوە، بەڵام شتی دیکەش هەیە جگە لە وادەی بەسەرچوون، کە زۆرجار بازنەیەك بە ڕەنگی سوور لەسەر بنی قوتوو یان پاکەتەکە دا هەیە، واتە دەبێت دەرمانەکە دوای کردنەوەی لە ماوەیەکدا بخورێت، کە لەم ماوەیە نووسراوە و زیاتر نەبێت، بە بێ گوێدانە وادەی بەسەرچوونی، بۆ نموونە وێنەیەك کە (M 12 و M 9)ی تێدایە، بە واتایەکی دی تا ماوەی ١٢ مانگدا دوای کردنەوەی دەخورێت، دووەمیان تا ماوەی ٩ مانگدا دوای کردنەوەی دەخورێت.

دوای ئەم ماوەیە بەتاڵ دەبێتەوە و حیسابی بەسەرچوونی بۆ دەکرێت، لە دەرمانخانەی ماڵەکانماندا دەرمانی زۆرمان هەیە کە بە پشتبەستن بە بەرواری بەسەرچوونەکەی هەڵیدەگرین و بەکاری دەهێنینەوە، بەبێ ئەوەی پشت بەو زانیارییانە ببەستین، وەك لە وێنەکەدا دیارە، بۆیە دەبێ بزانین کە هەموو دەرمانێك زیاتر لە یەك بەرواری بەسەرچوون و بەرواری بەکارهێنانی هەیە.

فیلم

## شتە هەژارەکان - Poor Things



فیلمێکی کۆمێدی و فەنتازیایە، لە ساڵی ٢٠٢٣ بەرهەم هاتووە و ئەمساڵ ٢٠٢٤ نمایش دەکرێت، باس لە گەڕانەوە لە گەشتێکی زانستیی ئافرەتێك لەگەڵ پارێزەرەکەی دەکات، کە دوای ئەوەی بە ڕەوشێکی نالەبار و سەرکێشیدا تێدەپەڕن، پاشان ئەو ئافرەتە کار لەسەر پەرەپێدانی بیروباوەڕکانی دەکات، کە تایبەتن بە یەکسانی و سەربەخۆیی، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢١ خولەکە، لە دەرهێنانی یۆرگۆس لینسمۆس، بودجەی فیلمەکە ٣٥ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (کچە ئەکتەر ئێما ستۆن، مارك بوفالۆ، مارگرێت کوالی، ویلیم دیفۆی، ڕامی یوسف)ـە.

## پەند و وتە



سرووشتناسی ئەمریکی (سپێنسەر فلۆرتۆن بێرد) سەرپەرشتیاری موزەخانەی کراتۆر، لە ساڵی ١٨٢٣ لە بنسیلڤانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٨٧ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەوتن دەڵێت: «هەرگیز مەترسە لە کەوتن، هەندێ جار کەوتنەکان باشترن لەوەی چارەسەری گرفتەکان و چارەنووست بە هەڵواسراوی و هەڵپەسێردراوی بمێننەوە».

## یاریی وێنە



وێنەی ئەم پلیکانەیە بە چەند شێوازێك دەردەکەوێت، دیار نییە کە وێنەکە لە سەرەوە یان لە خوارەوە گیراوە، زیرەك بە و لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ چرکەدا فێڵکاریی وێنەگرتنەکە بزانە.

**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕەنگە کەمێك نیگەران بیت و تووشی شڵەژان ببیت ئەمڕۆ، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵەکانت چانسی سەرکەوتنت زیاد دەکەن، هەربۆیە مەوەستە لە هەوڵدان، زیاتر لە جاران خۆت ڕێك بخەرەوە و کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕوون و ڕاستگۆ بە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، پێش ئەوەی زۆر درەنگ ببێت، هەستە ڕاستەقینەکانت دەربخە، چەندین دەرگا بە ڕووتدا دەکرێنەوە، ئەمەش بەهێزت دەکات، ئەو دەرفەتانە لەدەست مەدە کە دێنە بەردەمت.

**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێگە مەدە نەیارەکانت زیان بە پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت بگەیەنن، لەلایەنی پیشەییەوە باشترین هەوڵی خۆت بدە، چونکە بەرپرسەکانت سەرنجی کارەکانت دەدەن، باشترە پلانێکی درێژخایەن دابنێیت بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجەکانت.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١


کاتەکانت بەهەدەر مەدە، ئەم ماوەیە کاتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی تواناکانت بەرەو پێشەوە بەریت، لە هەڵەکانی ڕابردووتەوە فێرببە، بەم زووانە وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانەت دەست دەکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە بیری لێ دەکەیتەوە.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١


پەستان مەخەرە سەر خۆشەویستەکەت تەنیا لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە مامەڵە بکات کە تۆ دەتەوێت، ئەم ماوەیە زۆر نیگەرانیت، ڕێگە مەدە ئەو دۆخە کۆنترۆڵت بکات و هەوڵ بدە بەسەریدا زاڵ ببیت.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


ئاسان نابێت مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکەیت، چونکە ئەم ماوەیە هەستیارە و زوو توووڕە دەبێت، بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانت بکە و خۆت مەشڵەژێنە، بیر لە هەر هەنگاوێك بکەرەوە بەر لەوەی کە بینێیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan January 22, 2024 Issue,No.1398


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626